ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Centre
www.rudaw.net

نموونەیەکی دیکەی کەموێنەی ئەو شارەزاییەی پێشمەرگە لەشەڕی داعشدا لەگەڵ هاوپەیمانی دژی داعشدا دەرکەوت ، کە هیچ هەڵەیەکی هێزی ئاسمانی و تۆپخانە لەشەڕی داعشدا لەنێوان پێشمەرگە و هاوپەیماناندا دروستنەبوو لەو هەڵانەی پێیاندەگوترێت "ئاگری دۆستانە نیران صدیقە" ، کە ئەوە لەسەر ئاستی سوپا گەورەکانی جیهاندا کەموێنەیە بەتایبەتی لەو شەڕە دەستەویەخانەی لەگەڵ داعشدا هەبوون، لەنێوان پێشمەرگە و داعشدا . ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هاوئاهەنگی سەرکەوتووانە و لێزانانەی پێشمەرگە لەگەڵ هاوپەیمانان . لەکاتێکدا هەندێک لە شەڕەکان لەنێو کۆڵانەکانی شار و شارۆچکە و گوندی بچووکدا بوون .

# سوپا و دەوڵەت


لێکۆڵینەوانە بەشدارەکان:

مازن عەواد
جەنەڕاڵ ئێرنی ئۆدینۆ
لیوا عەبدولخالق عومەر
د.ستانیسلاڤ ئیڤانۆف

مامەند رۆژە
زریان رۆژهەڵاتی
بەهرۆز شوجاعی
حیکمەتوڵڵا زەلاند



ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Centre

# سوپا و دەوڵەت

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

2017

# سوپا و دەوڵەت


- مازن عەواد
- جەنەراڵ ئێرنی ئۆدینۆ
- لیوا عەبدولخالق عومەر
- د.ستانیسلاڤ ئیڤانۆف
- مامەند ڕۆژە
- زریان ڕۆژهەڵاتی
- بەهرۆز شوجاعی
- حیکمەتوڵڵا زەلاند

ناوەندی لێکۆڵینەوەی rووداو
Rudaw Research Centre

چاپی یەکەم
2717 ـی کوردی - 2017 ـی زایینی
ResearchCentre@rudaw.net
ناونیشان: هەولێر - باشووری کوردستان
چاپی یەکەم : ئەیلولی 2017

هەموو مافەکانی ئەو پەرتووکە پارێزراوە بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، هەموو جۆرە لەبەرگرتنەوەو بەکارهێنانەوەیەکی قەدەخەیە.

ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانەی گشتی هەرێمی کوردستان (            ) ی بۆ تەرخانکراوە

چاپخانەی کوردستان - سلێمانی
تیراژ: 1000 دانە

# نێوەڕۆک

سوپا و دەوڵەت


| | | |
|---|---|---|
| پێشەکی ............ | مازن عەواد | 9 |
| 1- نوێکردنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە ............ | جەنەراڵ ئێرنی ئۆدینۆ | 15 |
| 2- لە پێشمەرگەوە بۆ سوپای نەتەوەیی کوردستان ............ | لیوا عەبدولخالق عومەر | 24 |
| 3- سوپا و دەوڵەت، هێزی سەربازی کوردستانی عێراق ............ | د.ستانیسلاڤ ئیڤانۆف | 32 |
| 4- سەروەری دەوڵەت و هێزە چەکدارەکانی کوردستان ............ | مامەند رۆژە | 38 |
| 5- پێشمەرگە و برەندسازی نەتەوەیی ............ | زریان رۆژهەڵاتی | 54 |
| 6- سوپا و نەتەوەسازی ............ | بەهرۆز شوجاعی | 62 |
| 7- ئەزموونی ئەفغانستان: پێکهێنانی سوپا و رۆڵی لە سیاسەتدا ...... | حیکمەتوڵڵا زەلاند | 69 |

# گۆڕینی پێشمەرگە بۆ سوپایەکی پێشکەوتوو

مازن عەواد

دروستکردنی سوپایەکی کوردستانی بەهێز و دەستوەشێن بۆ پاراستنی دەستکەوت و سنوورەکانی دەوڵەتی کوردستانی داهاتوو ، لەپێشترین کارە ئایندەییەکانە بۆ کوردستان، چونکە ئەو سوپایە تەنیا ئاسایش و سەقامگیری گەلی کوردستان ناپارێزێت ، بەڵکو ئاسایشی هەموو ناوچەکە و جیهانیش دەپارێزێت .

ئەزموونی هێزەکانی پێشمەرگە زۆر دەوڵەمەندە. پێشمەرگە بە هێزێکی ژمارە و چەك دیاریکراو ، تائێستا خاوەن باشترین نموونەبووە لە بەرەنگاربوونەوە و تێکشکاندنی داعشدا . جۆنی ئەرنست ، ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا سەبارەت بە یارمەتیدانی پێشمەرگە دەڵێ " پێشمەرگە ئامادەی شەڕکردنی بەردەوام و ئەفسانەییە و، هیچ هێزێکی دیکە لەوبوارەدا توانای ئەوانی نییە ". هەر ئەوەشبوو وایکرد کە سیناتۆری نێوداری ئەمریکی جۆن مەکین یەکێکبێت لە گەورەترین پشتیوانکارانی پێشمەرگە .

لەکاتێکدا لەدوای ساڵی 2003ەوە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا 25 ملیار دۆلاری لە سوپای عێراق خەرجکرد و، 109 کەتیبەی بۆ هێزەکانی عێراق دروستکرد بەخەرجیی 95 ملیۆن دۆلار ، لە بەرامبەردا تەنیا هەشت کەتیبەی بۆ پێشمەرگە دروستکرد ، بەڵام پێشمەرگە زۆر بەهێزتر لە سوپای عێراق دەرکەوت.

لەکاتێکدا سوپایەکانی ناوچەکە کە بە ملیاران دۆلاریان لێخەرجکراوە ، هەموویان لەبەردەم چەند سەت هەزارێك چەکداری داعش کە تەنیا چەکی سووکیان هەبوو ، رایانکرد . 6 فیرقە لە سوپای عێراق ، کە نوێترین چەك و پێداویستی سەربازییان هەبوو،

نەیانتوانی خۆیان لەبەردەم داعش بگرن و، هەموو چەکە گران و پێشکەوتووەکانیان کەوتنە دەست داعش.
هەڵسەنگاندنێکی ئاستی هەڕەشە و مەترسییەکانی ئێستا و داهاتووی سەر هەرێمی کوردستان ، ئەوە دەخوازێت کە یەکەکانی پێشمەرگە زۆر بەپەلە بکرێنە سوپایەکی نیزامی پرۆفیشنال . چونکە وەك دەڵێن " ئەگەر ئاشتیت دەوێت ، پێویستە خۆت بۆ جەنگ ئامادەبکەی ".
دیاریکردنی باوەڕی جەنگیی سوپای تازە ، سرووشتی ئامانجەکانی ، دیاریکردنی دووژمنە چاوەڕوانکراوەکان ، گۆڕەپانی شەڕەکان کە سوپای تازە لەوانەیە شەڕیان تێدا بکات ، دەبێ لەپێشەوەی خاڵەکانی ئەو سوپایەبن کە ئەرکی پاراستنی کوردستانی دەکەوێتە سەر شان . هەروەها دروستکردنی یەکە دەستوەشێنەکان ، دابینکردنی چەکە تازە و پێویستەکان زۆر گرنگن ، بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی کوردستان .
هەڕەشە بەردەوامەکانی سەر کوردستان ن بەتایبەتیش ئەو هەڕەشانەی بەردەوام لەلایەن هەندێ لایەنی سیاسی عێراق و سەرکردەی حەشدی شەعبی لە کوردستان دەکرێن ، یان ئەو هەڕەشانەی لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێ لە کوردستان دەکرێن ، ئەوە دەخوازێت کە سوپایەکی کوردستانی بەهێز دروستبکرێت ، بۆ ئەوەی رێگربێت لە هێرشی هەر لایەن و دەوڵەتێك بۆ سەر کوردستان و ئاڵۆزنەکردنی زیاتری رەوشی ناوچەکە و جیهان .
ئەو توانا و شارەزاییە جەنگییەی هێزەکانی پێشمەرگە بەدەستیهێناوە ، زۆر ئەکادیمیای پێشکەوتووی سەربازیی جیهان ، ئەوەیان نییە . ئەو هاوهانگییەی لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان و سوپای عێراقی لەگەڵ پێشمەرگە ، باشترین بەڵگەی ئەو پێشکەوتنەی تواناکانی پێشمەرگەیە .
ئازایەتی و بەتوانایی پێشمەرگە وایکرد لەئاستی جیهانیدا زۆر بایەخ بە پێشمەرگە بدرێت . لەساڵی 2015ەوە مەشقکاری 16 دەوڵەت مەشق بە هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن لەسەر شێوازە جەنگییەکان و بەکارهێنانی چەکی تازە . لەڕاستیدا بەرژەوەندی نێودەوڵەتی لەوەدایە یارمەتی یارمەتی پێشمەرگە بدرێت بۆ رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی مەترسی تیرۆر .
بۆ نموونە ئەفسەرانی سوپای ئەڵمانیا 10 هەزار پێشمەرگەیان مەشقپێکرد بۆ ئۆپەراسیۆنی موسڵ و، ئەڵمانیا بایی 90 ملیۆن یۆرۆ چەکی دایە پێشمەرگە ، لەچوارچێوەی بایەخی هاوبەشیکردن لەگەڵ پێشمەرگەدا ، لەشەڕی دژی داعشدا . گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا رایگەیاند کە ئەڵمانیا 30 باری چەکی ناردووە بۆ کوردستان لەساڵی 2014ەوە

کـە 2000 تـۆن بـووە. هەروەهـا دواییـن بـاری چەکەکانـی ئەڵمانیـا بـۆ کوردسـتان بریتیبـووە لـە 70 تـۆن ، کـە پێکهاتبـوو لـە 1500 تفەنـگ و 100 مووشـەکی سەرشـان و سـێ زریپـۆش . هەروەهـا پەرلەمانـی فیدرالـی ئەڵمانیـا لـە مانگـی کانوونـی دووەمـدا بڕیاریدا مەشـقکارانی ئەڵـمان لـە 100 ەوە زیـاد بـکات بـۆ 150 مەشـقکاری سـەربازیی لـە هەرێمـی کوردسـتان .

هەروەهـا وەزیـری بەرگـری ئەڵمانیـا پەسـنی ئازایەتـی پێشـمەرگەیدا و، گوتـی ئەڵمانیـا پێشـتر چەکـی نەدەنـاردە ئـەو شـوێنانەی ململانێـی تێدایـە ، بـەڵام بـۆ پێشـمەرگە ئـەوەی شـکاند و گوتـی " بەرگـری و ئازایەتـی هێزەکانـی پێشـمەرگە بەرامبـەر تیـرۆر ، بەرگریکردنـە لـە ئاسایشـی ئەڵمانیـا و ئەوروپـا ".

دەوڵەتـە رۆژئاواییـەکان زۆرجـار باسـی ئازایەتـی و دیسـپلینی هێزەکانـی پێشـمەرگەیان کـردووە لـە بەرەکانـی جەنگـدا ، لەبەرامبـەردا هێزەکانـی حەشـدی شـەعبی زۆر تاوانـی گەورەیـان لەکاتـی شـەڕەکاندا لەبەرامبـەر خەڵکـی سـیڤیل ئەنجامـداوە ، هەروەهـاش هێزەکانـی سـوپای عێـراق و پۆلیسـی فیدرالـی .

هەروەهـا 69 ئەفسـەری وەزارەتـی پێشـمەرگە و ناوخـۆ مەشـقی تایبەتـی هەواڵگرییـان پێکـراوە لەلایـەن مەشـقکارانی ئەمریکـی لەشـاری هەولێـر. دەوڵەتانـی هاوپەیـمان لـە هاوپەیمانێتـی دژی داعشـدا رێککەوتـوون لەسـەر درێـژەدان بـە یارمەتیدانـی هێزەکانـی پێشـمەرگە ، هەروەهـا هەوڵـدەدەن پەیکـەری وەزارەتـی پێشـمەرگە رێکبخەنـەوەو هێزەکانـی پێشـمەرگە یەکبخـەن . هەروەهـا ولایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا بڕیاریـداوە 295 ملیـۆن و 600 هـەزار دۆلاری دیکـە وەك یارمەتـی بداتـە هێزەکانـی پێشـمەرگە . هەروەهـا هێزەکانـی هاوپەیمانـان بڕیاریانـداوە پشـتیوانی هێزەکانـی پێشـمەرگە بکـەن ، بەشـێوەیەك خۆیـان لەمـاوەی سـاڵێکدا بتوانـن ببنـە مەشـقکاری سـەربازی .

هێزەکانـی پێشـمەرگە لەماوەیەکـی زۆر کەمـدا توانییـان بەشـێوەیەکی زۆر سـەرکەوتووانە رابێـن لەسـەر بەکارهێنانـی چەکـە تـازەکان ، بەشـێوەیەکی زۆر باشـتر لـە سـەربازانی سـوپایەکانی دیکـە . یانـس سـتۆلتنبێرگ، ئەمینـداری گشـتی پەیمانـی ناتـۆش رایگەیانـد کـە "پەیمانـی ناتـۆ بووەتـە بەشـێك لە هاوپەیمانـی دژی داعـش و، ژمارەیەك لـە هاوپەیمانەکانی ئێمـە خەریکـی مەشـقپێکردنی هێزەکانـی پێشـمەرگەن، بەوشـێوەیە ئێمـەش بەشـدارین لـە مەشـقپێکردن و پشـتیوانیکردنی هێزەکانـی پێشـمەرگە ".

حکومەتـی عێـراق و سـوپای عێـراق شکسـتیانخوارد لـە پاراسـتنی سـنوورەکانی عێـراق و خەڵکـی عێراقـدا ، بەتایبەتیـش کـە داعـش لـە ماوەیەکـی کەمـدا چەنـد پارێزگایەکـی عێراقـی لەسـاڵی 2014دا گرتـن و، هیـچ جـۆرە یارمەتییەکـی پێشمەرگەیشـی نـەدا ، لەگـەڵ ئەوەشـدا پێشـمەرگە توانـی بەپشـتیوانییەکی دیاریکـراوی هاوپەیمانـان لەماوەیەکـی کەمـدا

داعـش رابگرێـت و دەسـت بـە تێکشکاندنیشـیان بـکات .
پێشـمەرگە کـە لەبنەڕەتـدا هێزێکـی نیزامییـە ، گۆڕینـی بـۆ سـوپایەکی فەرمـی و نیزامی زۆر سـەخت نییـە ، چونکـە پێشـمەرگە ئێسـتا زۆربـەی تایبەتمەندییەکانـی سـوپایەکی فەرمـی هەیـە . ئەکادیمیا سـەربازییەکانی هەرێمـی کوردسـتان ، زۆر ئەفسـەریان پەروەردەکـردوون و تائێسـتاش بەردەوامـن . هەروەهـا هێـزی پێشـمەرگە سـوودێکی زۆری لـە شـەڕی بەرەنگاربوونـەوەو تێکشـکاندنی داعـش وەرگرتـووە بـۆ دروسـتکردنی سـوپایەکی بـاش و هەروەهـا سـوودی دەبـێ بـۆ دانانـی تاکتیـك و سـتراتیژییەکانی داهاتـووی . تەنانـەت ئێسـتا هەنـدێ ئەکادیمیـای سـەربازی لـە جیهانـدا لـە پرۆگرامـی خۆیانـدا ئەزموونـی پێشـمەرگە دەخوێنـن لـە شـەڕی داعشـدا ، کـە پێشـمەرگە چـۆن توانـی بەوخێراییـە خـۆی ڕێکبخاتـەوە بەرامبـەر ئـەو هێرشـە گـەورەو فراوانـەی داعـش و، لـە قۆناخـی تێگەیشـتنی ئـەو هێرشـەوە بکەوێتـە قۆناخـی هێرشـبردن و کۆنترۆڵکردنـەوەی خاکـی داگیرکـراو لەلایـەن داعشـەوە .
داعـش لەکاتـی هێرشـکردنە سـەر کوردسـتان لەمانگـی ئابـی 2014دا زۆر بەهێزتربـوو ، چونکـە هـەزاران تـۆن تەقەمەنـی و چەکـی قوورسـی کەوتبـووە بەردەسـت کـە سـوپای ڕاکـردووی عێـراق بەجێیهێشـتبوو لـە پارێزگاکانـی موسـڵ ، تکریـت ، دیالـە و ئەنبـار . هێـزی پێشـمەرگە لەژێـر کاریگـەری ئـەو چەکـە گـران و پێشـکەوتووانە و نەبوونـی چەکـی هاوتـا و پێویسـت بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی داعـش ، ناچاربـوو پاشەکشـە بـکات ، بـەڵام لەماوەیەکـی زۆر کەمـدا توانـی خـۆی کۆبکاتـەوەو ئـەو هێرشـە زۆر گەورەیـەی داعـش ڕابگرێـت ، کـە ئـەو خێرایـەی خۆکۆکردنـەوەی پێشـمەرگە، شـتێکی کەموێنەیـە لەسـەر ئاسـتی سـوپاکانی جیهانیشـدا . ڕاگرتنـی هێرشـەکە و دەسـتکردن بەهێرشـی دەرپەڕاندنـی داعـش ، بـە یەکێـك لـە وانـە سـەربازییە گرنگـەکان دادەنرێـت بـۆ هێـزە هاوپەیمانەکانـی کوردسـتان.
بەپێـی ئەزموونـی گـەلان و نەتەوەکانـی جیهـان ، گۆڕینـی هێـزە چەکدارەکان و تەنانـەت میلیشـیاکانیش بـۆ سـوپایەکی نیزامـی زۆر بەباشـی دەکرێـت ئەگـەر ئیرادەیەکـی سیاسـی و توانـای دارایـی هەبێـت . زۆر لەوانـەی سـوپایان دروسـتکردووە شـارەزایی و توانایـان زۆر لـە پێشـمەرگە کەمتربـووە .
نموونـەی دروسـتکردنی سـوپای بۆسـنیا و هێرسـك لـە گرووپەکانـی نێـو شـەڕدا، تەنانـەت سـوپای کرواتیـاش هەربەوشـێوەیە دروسـتبوو . سـوپای لوبنانیـش دوای شـەڕێکی درێـژ و خوێنـاوی دڕندانـەی ناوخۆیـی بەرامبـەر یەکـتر لـە ئەنجامـی پەیمانـی تاییفـدا دروسـتبوو . سـەرەڕای ئـەو پێکەوەنەگونجاوییـە تایفییـەی لـە کۆمەڵگـەی لوبنانـدا هەیـە و کەسـیان متمانـەی بەویدیکـە نییـە ، سـەرەڕای هەمـوو ناکۆکییـە سیاسـییە بەردەوامەکانـی نێـوان لایەنەکانـی لوبنـان ، سـوپا نەبووەتـە بەشـێك لـەو ململانێیانـە بـۆ بەرژەوەنـدی هیـچ

لایەنێـك .
هەرچـی سـوپای ئیسرائیلـە لـەدوای 12 ڕۆژ لـە ڕاگەیاندنـی دەوڵەتـی ئیسرائیل دروسـتکرا لە چەنـد گرووپێکـی چەکـدارە جـووەکان ، بـەڵام ئەمـڕۆ یەکێکـە لـە بەهێزتریـن سـوپایەکانی ناوچەکـە .
ولایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا کـە ئەمـڕۆ بەهێزتریـن سـوپای هەیـە لـە جیهانـدا ، ئەزموونـی دامەزراندنەکـەی زۆر سـەرنجڕاکێش و بەسـوودە .
دروسـتکردنی سـوپایەکی پرۆفیشـناڵی کوردسـتانی کـە دووربێـت لە دەسـتتێوەردانی سیاسـی و لەسـەر بنچینـەی خۆبەخشـین دامەزرابێـت زۆر گرنگـە بـۆ بەرژەوەنـدی نیشـتمانی کوردسـتان . هەروەهـا خاڵێکـی دیکـە ئەوەیـە کـە سـەرچاوەی چـەك و تەقەمەنییەکـەی جیـاواز و فـرە سـەرچاوەبێت و بەپێـی ئـەو مەترسـیانەبێت کـە ڕووبـەڕووی دەبنـەوە .
سـوپای کوردسـتان زۆرینـەی کـورد دەبێـت ، ئـەوەش شـتێکی ئاسـاییە ، بـەڵام گرنگـە ڕێژەیەکـی ئـەو سـوپایە عـەرەب ، تورکـمان و کریسـتیان بـن ، بـۆ ئـەوەی سـوپایەکە ڕەنگدانـەوەی فـرە نەتەوەیـی کوردسـتان بێـت .
دەسـەڵاتدارانی کوردسـتان و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دەزانێـت کەموکورتییەکانـی ئێسـتای پێشـمەرگە چیـن ، بەشـداریکردنی ئەمریـکا و بەریتانیـا و ئەڵمانیـا بـۆ ڕێکخسـتنی هێـزی پێشـمەرگە و وەرگرتنـی 35 خـاڵ بـۆ ئـەو مەبەسـتە لـە شـارەزایە سـەربازییەکانی ئـەو وڵاتـە لـە چوارچێـوەی پـڕۆژەی ڕێکخسـتنەوەی پێشـمەرگەدا بنچینەیەکـی گرنگـە، بەتایبەتـی کـە ئەنجوومەنـی وەزیرانـی هەرێمـی کوردسـتانیش ئـەو پرۆژەیـەی پەسـەندکرد . هەروەهـا کردنـەوەی دەرگای خۆبەخشـین لەسـاڵی 2015دا بـۆ دروسـتکردنی فەوجـە تـازەکان بـە یارمەتـی ئەمریـکا بـۆ ئەوانـەی تەمەنیـان لەنێـوان 18-30 سـاڵدایە هەنگاونـان بـوو لەسـەر ڕێگـەی ڕاسـت .
شـارەزایی چەنـدان سـاڵەی پێشـمەرگە زۆر گرنگـە بـۆ سـوپای کوردسـتان . هەروەهـا نموونەیەکـی دیکـەی کەموێنـەی ئـەو شـارەزاییەی پێشـمەرگە لەشـەڕی داعشـدا لەگـەڵ هاوپەیمانـی دژی داعشـدا دەرکـەوت ، کـە هیـچ هەڵەیەکـی هێـزی ئاسـمانی و تۆپخانـە لەشـەڕی داعشـدا لەنێـوان پێشـمەرگە و هاوپەیمانانـدا دروسـتنەبوو لـەو هەڵانـەی پێیاندەگوترێـت «ئاگـری دۆسـتانە -نیـران صدیقـە» ، کـە ئـەوە لەسـەر ئاسـتی سـوپا گەورەکانـی جیهانـدا کەموێنەیـە بەتایبەتـی لـەو شـەڕە دەسـتەویەخانەی لەگـەڵ داعشـدا هەبـوون ، لەنێـوان پێشـمەرگە و داعشـدا . ئـەوەش دەگەڕێتـەوە بـۆ هاوئاهەنگـی سـەرکەوتووانە و لێزانانـەی پێشـمەرگە لەگـەڵ هاوپەیمانـان . لەکاتێکـدا هەندێـك لـە شـەڕەکان لەنێـو کۆڵانەکانـی شـار و شـارۆچکە و گونـدی بچووکـدا بـوون .

هێــزی پێشــمەرگەی کوردســتان ئەزمــوون و شــارەزاییەکی زۆری هەیــە ، لــە هەمانکاتــدا مێژوویەکــی زۆر لــە ئازایەتــی هەیــە ، ئــەوەی ئێســتا پێویســتییەتی دەســتکاریکردنی پرۆگرامــی ئەکادیمییــە ســەربازییەکان ، رێکخســتنەوەی هێــزەکان ، یەکخســتنی هێــزەکان، کردنــەوەی هەنــدێ بەشــی تازەیــە لەنێــو هێــزی پێشــمەرگەدا .

یارمەتیدانــی پێشــمەرگە لەشــەڕی داعشــدا جیهانــی لــە فراوانبوونــی مەترســی داعــش پاراســت و بــووە هــۆی تێکشــکاندنی داعــش ، بۆیــەش یارمەتیدانــی ســوپای کوردســتان بــۆ ســەقامگیری جیهــان زۆر گرنــگ و پێویســتە. یارمەتیدانــی ســوپای کوردســتان کار لــە زۆر رووداو و گۆڕانــکاری داهاتــووی هەمــوو جیهــان دەکات .

ئــەوەی لــەو پەرتووکــەی ناوەنــدی لێکۆڵینــەوەی رووداو دا دەبینرێــت ، دەکرێــت ببێتــە بەشــێکی بنچینەیــی تیــۆری و گفتوگۆکــردن لەســەر هەوڵەکانــی هەرێمــی کوردســتان بــۆ رێکخســتنەوەو یەکخســتنەوەی هێــزی پێشــمەرگە و، دروســتکردنی ســوپای نیشــتمانیی کوردســتان .

# نوێکردنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە

**ئێرنی ئۆدینۆ***
جەنەراڵی خانەنشینی سوپای ئەمریکا

یەکخسـتنەوەی کاریگـەر مـەرج نییـە بـە مانـای یەکخسـتنەوەی تەواوەتـی بێـت ـ بەڵکـو ڕەنگـە بـە مانـای ڕۆڵێکـی مومکیـن بێـت.

دەنگـە دەستڕۆیشـتووەکانی ڕۆژئـاوا هانـی یەکخسـتنەوەی هێزەکانـی پێشـمەرگە لەژێـر یـەك فەرماندەیـی گشـتییدا دەدەن، بـەڵام بەهێزتریـن سـوپای جیهانیـش هێزێکـی هێنـدە یەکخـراو نییـە. وەك سـەربازانی سـوپای ئەمریـکا زۆربـەی جـاران لەنێو خۆیاندا باسـیدەکەن. سـوپای ئەمریـکا دەتوانـێ خەڵـك بکوژێـت و شـتەکان تێکبشـکێنێت، ئـەوەش بـە جۆرێـك کـە لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا ئەزمـوون نەکرابـێ و بەبـێ ئـەوەی هیـچ فاکتێکـی دانپێدانـراو بـۆ ئـەو کارەیـان لەبەردەسـت بێـت. سـوپای ئەمریـکا هێزێکـە لـە پەنجاوپێنـج سـوپا پێکدێـت و تەنیـا دوو لـەو پەنجاوپێنج سـوپایە بـە فەرمانـی سـەرۆکی ئەمریـکا کاردەکـەن. گرنگـی ئەمـە لەوەدایـە کـە ئەمریکییـەکان سـوپایەکی بەهێزیـان لـە کۆمەڵێـك میلیشـیای خۆجێـی پێکهێنـا، کـە هـەر کامیـان خاوەنـی فەرماندەیـی خۆیەتـی. کوردیـش دەتوانـن وابکـەن.

بەڵام بۆ ئەوەی کورد ئەوە بکات پێویستە دوو خاڵ لەبەرچاو بگرێت:

یەکـەم: ڕاسـتگۆیانە دان بـەوە دابنرێـت کـە میلیشـیا لۆکاڵییـەکان جۆرێـك لـە ملنەدانـی کولتـووری و سیاسـییان لەبەرامبـەر یەکخسـتنەوەدا تیدایـە کـە بەئاسـانی لەنێـو ناچێـت. ئەگـەر هەوڵێکـی یەکخسـتنەوەی کاریگـەر لەئـارادا هەبـێ ئـەو خاڵـە لەبەرچـاو دەگرێـت، نـەك ئـەوەی حـەز بـە لادانـی بـکات.

دووەم: یەکخستنەوەی کاریگەری هێزە سەربازییەکان لەپێناو ئامانجێکی بەنرخە، نەك ئەوەی یەکخستنەوەی هێزەکان خۆی ئامانج بێت.
با جارێ باسی ئەوە بکەین ئەمریکا چۆن ئەوەی کرد:
بەر لە سەرهەڵدانی ئەمریکا لە 1776، هەرکام لە گرووپە ئەوروپییەکانی ئەو ناوچەیەی ئێستا ئەمریکا پێکدێنێت میلیشیای چەکداری خۆیان دروستکرد، ئەو میلیشیایانە لە ژمارەیەك کەسی بەهێز پێکدەهاتن کە ئەرکیان بەرگری و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دانیشتووانی ناوچەکە بوو. ئەو میلیشیایانە بەسەر پانتاییەکی جوگرافیدا بڵاوببوونەوە و لە سەرەتادا بەجیا لە یەکدی کاریان دەکرد، بەڵام لە 1636دا ژمارەیەکی زۆر لە میلیشیا لۆکاڵییەکانی پلایماوس کۆڵۆنی (کە بەشێکی زۆری ویلایەتی ماساچۆست پێکدەهێنێت) رێککەوتن لەسەر ئەوەی یەکبگرن و هێزێکی میلیشیایی گەورەتر پێکبێنن کە بتوانێ بەرگری لە رووبەرێکی گەورەتری کۆڵۆنییەکە بکات.
دوای ئەوان دوانزدە کۆڵۆنی دیکەی ئینگلیزی لە باکووری ئەمریکا هەمان کاریان کرد. لە ساڵی 1775دا ئەگەری شەڕ لەدژی سوپای داگیرکەری بەریتانیا زیاتربوو، سیانزدە هێزە کۆڵۆنییەکە لەسەر ئەوە رێککەوتن هێزە میلیشیاییەکانی خۆیان لەژێر ناوی سوپای کیشوەری و بە فەرماندەیی جۆرج واشنتن یەکبخەن. تاوەکو کاتی شکستهێنان بە هێزەکانی بەریتانیا و واژۆکردنی پەیماننامەی پاریس لە 1783، سوپای کیشوەری شانبەشانی میلیشیا سەربەخۆکان و یەکە چەکدارییەکان شەڕی کرد. ئەو پەیماننامەیە هەم بەشێوەیەکی فەرمی کۆتایی بە شەڕ هێنا و هەمیش دانی بە سەربەخۆیی ئەمریکا دانا.
بەڵام ئەمریکای سەربەخۆ وەك چۆن متمانەی بە سوپای بەریتانیا نەبوو، ئاوەهاش لەکاتی رەوانەوەی شەڕدا متمانەی بە سوپایەکی گەورەش نەبوو کە لە میلیشیاکان پێکهاتبێت، بۆیەش دوای تەواوبوونی شەڕ یەکسەر سوپای کیشوەرییان هەڵوەشاندەوە و جارێکی دیکە بۆ پاراستنی ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتیان بە هێزە میلیشیاییە لۆکاڵییەکان بەست. لە ئاکامیشدا، ئەوانەی شەش ساڵ دواتر دەستووری ئەمریکایان پەسندکرد لە ناو دارشتنی دەستوورەکەدا سنوورێکیان بۆ سوپای فیدراڵ دانا، بەڵام لە هەمانکاتدا بڕیاریاندا حکومەتی فیدراڵ دەستی بە میلیشیا لۆکاڵییەکان رابگات. بۆیەش دەستوور دەسەڵاتی بە کۆنگرێسی ئەمریکادا ئەو خاڵانەی خوارەوە جێبەجێبکات:
یەکەم: سوپاکان دامەزرێنێت و پشتگیریان بکات، بەڵام هیچ پارەیەك کە بۆ ئەم ئامانجە تەرخاندەکرێت نابێ بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ بێت (دەستووری ئەمریکا، مادەی یەکەم، بڕگەی هەشتەم، مەرجی دوانزدەیەم).

دووەم: داوا لـە میلیشـیاکان بکرێـت یاسـای یەکێتیـی جێبەجێبکـەن، بەرپەرچـی سـەرهەڵدانەکان بدەنـەوە و رووبـەڕووی داگیـرکاری ببنـەوە (دەسـتووری ئەمریـکا، مـادەی یەکـەم، برگـەی هەشـتەم، مەرجـی پانزدەیـەم).

بایەخـی ئەمـە لـە چیدایـە ـ لـە بەشـی هـەرە زۆری 241 سـاڵی رابـردوودا، ئەمریـکا پشـتی بـە سـوپایەکی فیدرالـی بەسـتووە کـە شـیانی فراوانبوونـی تێدایـە، بـەڵام هەمیشـەیی نییـە. واتـە ئـەو سـوپایە بەشـێوەیەکی سـەرەکی، بـەڵام نـەك تایبەتـی، لـە رێگـەی بانگهێشـتکردنی میلیشـیا لۆکاڵییـەکان لەکاتـی جەنگـدا قەبارەکـەی گـەورە دەکرێـت و لەکاتـی ئاشتیشـدا جارێکـی دیکـە بەشـێوەیەکی بەرچـاو قەبـارەی بچـووك دەکرێتـەوە. دەسـتەواژەکانی نێـو دەسـتووری ئەمریـکا بەڕوونـی گوزارشـت لـەوە دەکـەن: واتـە کۆنگرێسـی ئەمریـکا دەسـەڵاتی ئـەوەی هەیـە سـوپایەکی هەمیشـەیی پێکبێنـێ نـەك بـەردەوام بیهێڵێتـەوە. سـوپای ئەمریـکا هیچـکات زیاتـر لـە دوو سـاڵ تەمـەن نـاکات، چونکـە کۆنگرێـس دەتوانـێ بـە گلدانـەوەی بودجـەی فیدرالـی سـوپا بـە چۆکدابێنێـت.

ئاشـکرایە کـە سـوپای مۆدێرنـی ئەمریـکا سـوپایەکی گەورەیـە، بـەڵام بـەم حاڵەشـەوە سـوپایەکی هەمیشـەیی نییـە، هـۆکاری ئەمـەش بـۆ دانپێدانانـی کۆنگرێـس بـە میلیشـیا لۆکاڵییـەکان دەگەڕێتـەوە، بۆیـەش ئەو سـوپایە تائێسـتا بە تەواوی یەکنەخـراوە و هیچکاتیش بـە تـەواوی یەکناخرێـت. یـەك ملیـۆن سـەربازەکەی سـوپای ئەمریـکا لەنێـو سـێ پێکهاتـەدا رێکخـراون کـە یەکێکیـان چاڵاکـە و دووانەکـەی دیکەیـان یەدەگـن، بـەڵام 340 هـەزار لـەم سـەربازانە لەنێـو میلیشـیاکانی پەنجـا ویلایـەت و سـێ هەرێمەکـەی ئەمریـکادان (واتـە پۆرتۆریکـۆ، گـوام و دوورگەکانـی ڤێرجیـن). فەرمانـدەی گشـتی ئـەو میلیشـیایانەش حاکمـی ویلایەتـە دیاریکراوەکانـن، نـەك سـەرۆکی ئەمریـکا. سـەرۆکی ئەمریـکا تەنیـا لەوکاتـەدا دەبێتـە فەرمانـدەی گشـتی ئـەو هێزانـە کـە میلیشـیاکان لەکاتـی جەنگـدا بانگهێشـتی نێـو هێـزی فیـدراڵ بکرێـن یانیـش لەکاتەکانـی فریاگـوزاری کـە کۆنگرێـس بڕیـاری لەسـەر دەدات. کەواتـە، بەپێـی ئـەو دەسـەڵاتەی بـە کۆنگرێسـی ئەمریـکا دراوە، کۆنگرێـس کات و شـێوازی بانگهێشـتکردنی میلیشـیاکان بـۆ نێـو هێـزی فیدرالـی دیاریـدەکات.

ئەو خاڵانەی کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێن:

کـەی کۆنگرێـس حاڵەتـی جەنـگ یـان دۆخـی لەنـاکاوی سەرانسـەری رادەگەیێنێـت: لـەو حاڵەتـەدا دەسـەڵات بـە سـەرۆکی ئەمریـکا دەدرێـت لـە بانگەوازێکـدا میلیشـیاکانی هەموو ویلایەتـەکان، هێـزە یەدەگـەکان و بەشـەکانیان بهێنێتـەوە نێـو سـوپای فیدراڵـی، ئـەو بڕیـارە هەمـوو مـاوەی جەنـگ و شـەش مانـگ دوای تەواوبوونـی مـاوەی بڕیارەکـە دەگرێتـەوە (ناونیشـانی 10، U.S.C 12301 ).

کـەی سـەرۆك دۆخـی لەنـاکاو و نەخـوازراوی سەرانسـەری رادەگەیێنێـت: دەسـتوور دەسـەڵاتی راگەیاندنـی جەنگـی بـە سـەرۆکی ئەمریـکا نـەداوە، بەڵکـو تەنیـا کۆنگرێـس ئـەو دەسـەڵاتەی هەیـە، بـەڵام سـەرۆکی ئەمریـکا دەسـەڵاتی راگەیاندنـی دۆخـی لەنـاکاوی هەیـە، وەك ئـەو دۆخانـەی بەهـۆی کارەسـاتە سرووشـتییەکانەوە دێنەئـاراوە. لـەو دۆخـەدا سـەرۆك دەسـەڵاتی ئـەوەی هەیـە بـۆ مـاوەی بیسـتوچوار مانـگ یـەك ملیـۆن سـەرباز لـە میلیشـیاکانی ویلایەتـەکان و هێزەکانـی یـەدەگ بهێنێتـە نـاو هێـزی فیـدراڵ (ناونیشـتانی 10، U.S.C 12302).

کـەی سـەرۆك دیاریـدەکات کـە کۆکردنـەوەی هێـزەکان بـۆ ئۆپەراسـیۆنێك پێویسـتە: لـەو حالەتـەدا سـەرۆك دەسـەڵاتی ئـەوەی هەیـە بـۆ مـاوەی 365 رۆژ 200 هـەزار سـەرباز لـە میلیشـیاکانی ویلایەتـەکان و هێـزە یەدەگەکانـی دیکـە بێنێتـە نـاو هێـزی فیدراڵییـەوە. یاسـا رێگـە نـادات ئـەو سـەربازانە لـە ئۆپەراسـیۆنە نێوخۆییەکانـدا بەکاربهێنرێـن (ناونیشـانی 10، U.S.C 12304).

کـەی سـەربازانی نێـو میلیشـیاکانی ویلاتـەکان و هێـزە یەدەگەکانـی دیکە خۆبەخشـانە دێنە نـاو هێـزی فیدراڵـەوە: لەوحالەتـەدا سـەرۆك دەسـەڵاتی ئـەوەی پێـدراوە کـە میلیشـیاکانی ویلایەتـەکان و هێـزە یەدەگەکانـی دیکـە کـە خۆبەخشـانە دێنـە نـاو هێـزی فیدراڵییـەوە بێنـە نـاو هێـزی فیدراڵـی، بـەڵام ئەمـە دەبـێ بـە رەزامەنـدی حاکمـی ویلایەتەکـە بێـت. ئـەم سـەربازانە بـۆ ماوەیەکـی کورتخایـەن کۆمەڵێـك بۆشـایی لـە هێزەکانـی فیدراڵـدا پڕدەکەنـەوە (ناونیشـانی 10، U.S.C 12301).

ئەمـە واقیعـی نوێیـە ـ لـە هـەر پەنجـا ویلایـەت، سـێ هەرێـم و ناوچـەی کۆڵۆمبیـای ئەمریـکا، سـەربازانی ئەمریـکا بەکـردەوە وەك پەنجاوپێنـج سـوپا رۆڵ دەبینـن، هەڵبـەت ئەمـە هێـزە فیدراڵییەکـەش لەخۆدەگرێـت، بـەڵام ئـەو هێزانـە هیچـکات شـەڕ لـەدژی یەکـدی ناکـەن. ئەمـە خاڵێکـی سەرنجڕاکێشـە، لەبەرئـەوەی پەنجاوسـێ لـەو هێزانـە لەژێـر فەرماندەیـی حاکمـی هەڵبژێـردراوی ویلاتەکانـن. دوو لـەو هێزانـەش (واتـە سـوپای فیدراڵـی و هێزەکـەی ناوچـەی کۆڵۆمبیـا کـە بـە ویلایـەت هەژمارناکرێـت و حاکمـی نییـە) لەلایـەن سـەرۆکی ئەمریـکاوە فەرمانیـان پێدەکرێـت، هەمـوو فەرمانـدە گشـتییەکانیش ئەندامـی پارتێکـی دیاریکـراون.

جیـا لەمـە، لـە ئەمریـکا خۆڕاگرییەکـی کولتـووری و سیاسـی راسـتەقینە بەرامبـەر یەکخسـتنەوەی میلیشـیا لۆکاڵییـەکان لەنێـو هێزێکـی فیدراڵیـدا هەیـە. بـۆ نموونـە، هەرگیـز حاکمـی هیـچ ویلایەتێـك رازی نابـێ میلیشـیاکانی ویلایەتەکـەی رادەسـتی دەسـەڵاتدارانی فیدراڵـی بـکات، ئەگـەر ئـەوە بـۆ مەبەسـتێکی کاتـی نەبێـت، ئەمـەش تەنیـا دەبـێ بـۆ

ئامانجێکی ناچارەکی بێت کە یاسا دیاریکردووە. بە هەمانشێوە، حاکمی هیچ ویلایەتێك ڕازی نابێ هێزە فیدرالییەکان بەبێ ڕەزامەندی خۆی یان بەپێی حاڵەتێکی ئاوارتەی یاسایی بێنە ناو ویلایەتەکەیەوە. ئەو حاڵەتانەش لەسەر دەسەڵاتێکی دەستووری هێندە پتەو دامەزراون کە هەموو هەوڵێك بۆ دروستکردنی کێشە بۆیان لە دادگا بێسوودە. هەر شتێکی جیاواز لەوە کێشە بۆ ژیان و چاوەڕوانییەکانی هاووڵاتییە مەدەنییەکانی ئەمریکا دروستدەکات کە بژێوی خۆیان و خێزانەکانیان لە ویلایەتەکەی خۆیان دامەزراندووە.

ئەوە لەکاتی پەسندکردنی دەستووری ئەمریکا لە 1789 هەر بەوشێوەیە بووە، بۆیەش هیچکات یەکخستنەوەی کاریگەری میلیشیاکانی ویلایەتەکان لەنێو سوپای فیدراڵدا بۆ ئامانجی یەکخستنەوەی هێزەکان نەبووە، بەڵکو بۆ ئەوە بووە بە یەکگرتوویی بەسەر هەڕەشەیەکی قورسدا زاڵبن.

وێکچوونێکی گرنگ کە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەگەڵ ئەمریکا هەیە:

یەکەم خاڵ کە دەبێ ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە هێزە جیاجیاکانی پێشمەرگە کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هەن بنچینەکەیان بۆ ژمارەیەکی زۆر هێزی میلیشیایی نەوەکانی پێشوو دەگەڕێتەوە. گومانی تێدا نییە ئەو هێزانە بە سەربەخۆ لە یەکتر شەڕیان کردووە، بەڵام هاوکات گومانیشی تێدا نییە کە ئەو هێزانە ڕازیبوون شانبەشانی یەکدی لەدژی هەڕەشە هاوبەشەکان شەڕ بکەن. بۆیەش پێش مردنی لە 1909، میلیشیاکانی ناوچەکە لە دەوری شێخ سەعید بەرزنجی کۆبوونەوە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی زوڵمی عوسمانییەکان ببنەوە. دواتریش لە 1919، خەڵکانێکی دیکە لە دەوری شێخ مەحموود، کوڕی شێخ سەعید، کۆبوونەوە و بەرەنگاری هێزەکانی بەریتانیا بوونەوە و دەسەڵاتی خۆیان لە سلێمانی چەسپاند.

لە 1946یش، پێنج هەزار پێشمەرگە لەژێر فەرمانی مەلا مستەفا بارزانی کۆبوونەوە بۆ ئەوەی بەرگری لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد بکەن. 10 ساڵ دواتریش لەکاتی گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق هیزێکی زۆر زیاتر لە دەوری بارزانی یەکیانگرت بۆ ئەوەی بەرەنگاری ڕژێمە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق ببنەوە. لە 1975یش چەندین هەزار پێشمەرگە لە دەوری جەلال تاڵەبانی کۆبوونەوە، شەڕە نوێیەکانیش جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ئەمەدا نییە.

لە 2003 هێزەکانی پێشمەرگە لەهەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە بەشێوەیەکی هاوکات دەستیان بە ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەش لەدژی ڕێکخراوی قاعیدەی عێراق و گرووپە دووژمنەکانی دیکە کرد. لە ساڵی 2014یش هێزەکانی پێشمەرگە

هەوڵەکانیـان خسـتەگەڕ بـۆ ئـەوەی بـە درێژایـی هـەزار کیلۆمەتـر هێرشـەکانی داعـش بوەسـتێنن، ئـەو سـنووره لـەو ناوچانـەوە دەسـتپێدەکرد کـە لـەڕووی مێژووییـەوە بـە لایەنگـری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان نـاسراون و بـەرەو ئـەو ناوچانـە درێـژ دەبـووەوە کـە لـەڕووی مێژووییـەوە بـە لایەنگـری یەکێتـی نیشـتمانیی کوردسـتان نـاسراون. هێزەکانـی پێشـمەرگە هەرچەنـدە یەکڕیزیـش نەبـوون، بـەڵام پێکـەوە بەشـدارییەکی کارایـان لـە جەنگـی داعشـدا هەبـووە کـە تاوەکـو ئەمـڕۆش بەردەوامـە.

خاڵـی دووەم ئەوەیـە کـە یەکـە جیـا - جیاکانـی هێـزی پێشـمەرگە لـەو ناوچانـەدا جێگیـرن کـە ئەندامەکانـی تێـدا کۆبوونەتـەوە. ئـەوان لـەو ناوچانـە وەك هێزێکـی وەڵامـدەرەوەی لۆکاڵـی بەرەنـگاری هەمـوو حاڵەتێکـی نەخـوازراو دەبنـەوە. ئەمـەش رێـك وەك میلیشـیاکانی ویلایەتەکانـی ئەمریکایـە. وەك بـاوە و دەگوترێـت لـە هێـزە میلیشـیاییەکاندا ئـەوە میلیشـیاکەیە کـە دەچێتـە لای سـەربازەکانی ، لەکاتێکـدا لـە سـوپای فیدراڵـدا سـەرباز دەبـێ بچێتـە لای سـوپا و خـۆی بناسـێنێت.

خاڵـی سـێیەم کـە دەبـێ لەبەرچـاو بگیرێـت ئەوەیـە وەك چـۆن جوگرافیـای ئەمریـکا ژمارەیـەك لـە سیسـتەمی دادوەری لـە کۆمەڵێـك ویلایـەت و هەرێـم لەخۆدەگرێـت، بەهەمانشـێوە هەرێمـی کوردسـتانی عێراقیـش پارێزگاکانـی سـلێمانی، هەولێـر و دهـۆك لەخۆدەگرێـت. وەك چـۆن لـە ئەمریـکا هاونیشـتمانیانی هـەرکام لـە ویلایەتـەکان حاکـم ویلایەتێـك وەك بەرپرسـی هێـزی جێبەجێـکاری سـەرەکی ویلایەتەکەیـان هەڵدەبژێـرن، بـە هەمانشـێوە لـە کوردسـتانیش خەڵکـی هـەرکام لـە پارێـزگاکان پارێزگارێـك هەڵدەبژێـرن کـە دەسـەڵاتی جێبەجێـکاری سـەرەکییە لـە پارێزگاکـەدا.

خاڵـی چـوارەم، کـە لـە سـێ خاڵەکـەی دیکـە گرنگـترە، بریتییـە لـەوەی وەك چـۆن ئەمریکییـەکان لـەڕووی مێژووییـەوە ملیـان نـەداوە بـۆ ئـەوەی میلیشـیاکانی ویلایەتـەکان بخرێتـە نـاو سـوپای فیدراڵـەوە، بەهەمانشـێوە کوردیـش مـل بـۆ یەکخسـتنەوەی هێزەکانـی پێشـمەرگە نـادەن، بـە جۆرێـك لـە کوردسـتان کار گەیشـتە ئـەوەی لـە مـاوەی شـەڕی نێوخـۆی کوردسـتان لـە سـاڵانی 1994 تاوەکـو 1997 یەکـە جیاوازەکانـی پێشـمەرگە لـەدژی یەکـدی شـەڕ و ئۆپەراسـیۆنی سـەربازییان ئەنجامـدا. بـەڵام خـۆ ئەمریکییەکانیـش شـەڕی نێوخۆیـان هەبـوو. وەك چـۆن ئەمریکییـەکان لـەو شـەڕە نێوخۆیـە دەرچـوون، کوردیـش لـە شـەڕە نێوخۆییەکـەی خۆیـان رزگاربـوون.

ئایـا ئـەم وێکچوونانـە هـۆکاری ئەوەمـان بـۆ روونەکەنـەوە کـە بۆچـی رۆژئاواییـەکان هێنـدە حەزیـان لـە یەکخسـتنەوەی هێزەکانـی یەکێتـی و پارتییـە؟ نەخێـر. رەنگـە هـۆکاری ئـەو ئاواتـەی رۆژئاواییـەکان بگەڕێتـەوە بـۆ جیاوازییەکانـی نێـوان هێزەکانـی ئەمریـکا و

هێزەکانی کوردستان .
زەقترین جیاوازیش ئەوەیە کە هیچ پارتێکی سیاسی ئەمریکا نییە کە هەڵقوڵاوی میلیشیایەکی پێش خۆی بێت و هێزە سیاسییەکە وەك باڵی سیاسی هێزە سەربازییەکە کار بکات. پارتە سیاسییەکانی ئەمریکا وەك هێزی جیاواز و دابڕاو لە هێزی سەربازی دامەزران و تائێستاش هەروا ماونەتەوە. بەڵام لە جێگەی خۆیەتی بڵێین پارتی و یەکێتی هەڵقوڵاوی میلیشیای لۆکاڵین، تاوەکو ئەمڕۆش ئەو مۆرکەیان پاراستووە. هەر یەکە لەم دوو پارتە سەرەکییە لەو پارێزگایانەدا باڵادەستن کە لەگەڵ بوونی هێزە پێشمەرگەکانی هەرکامیان دەگونجێت. پارتی لە پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر باڵادەستە (هەڵبەت لە هەولێر یەکێتیش بوونێکی بەرچاوی هەیە). یەکێتی لەڕووی مێژووییەوە لە پارێزگای سلێمانی باڵادەستە (هەرچەندە ژمارەی جەماوەری بزووتنەوەی گۆڕان لەنێو هەمان پارێزگادا زیادیکردووە).
چاودێری پارتە سیاسییەکان بەسەر هێزێکی میلیشیاییدا ئەزموونێکی ئەوەندە جیاوازە لە ئەزموونی ئەمریکا کە تەنانەت بیرکردنەوە لێی ئەمریکییەکان دەترسێنێت، وەك چۆن بیرۆکەی هێزێکی سەربازی بەرچاو لەکاتی ئاشتیدا دارێژەر و نووسەرانی دەستووری ئەمریکای دەترساند. بەهەمانشێوە بیرۆکەی جیابوونەوەی پێشمەرگە لە پارتە سیاسییەکان بیرۆکەیەکە کە ژمارەیەکی زۆری کورد دەترسێنێت. بەڵام چاودێری سیاسی جیاوازە لە چاودێری سیڤیل، هەر بۆیەش جیاوازییەکی بنەڕەتی دیکە ئیمکانی یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بەهێزتر دەکات و لە هەمانکاتدا نیگەرانییەکانی ئەمریکییەکان و کورد کەمتر دەکات.
جیاوازییە بنەڕەتییەکەش ئەوەیە: هەر حاکمی ویلایەتێکی ئەمریکا فەرماندەی گشتیی هێزە میلیشیاییەکانی ویلایەتەکەی خۆیەتی، بەڵام پارێزگارەکانی کوردستان ئەو دەسەڵاتەیان نییە. پارێزگار بەرپرسی جێبەجێکاری پارێزگاکەیە، بەڵام دەسەڵاتی پارێزگار لە پۆلیس و پۆلیسی هاتووچۆ و ئاسایش زیاتر نییە، بۆیەش پارێزگار دەسەڵاتی بەسەر ئەو هێزی پێشمەرگەیەوە نییە کە لە پارێزگاکەی خۆیدا جێگیرە. بێگومان پارێزگار ئەندامی پارتێك لە پارتەکانە، وەك چۆن حاکمی ویلایەتەکانی ئەمریکاش ئەندامی پارتێکی سیاسین.
کۆمەڵێك دەسەڵاتی پارێزگا دەسەڵاتی بەوەکالەتن، بۆیەش ئەگەری گۆڕانیان هەیە. ئەگەر هاونیشتمانییانی کورد بیانەوێت دەسەڵاتی فەرماندەی گشتیی هێزە سەربازییەکانی پارێزگاکەیان رادەستی پارێزگار بکەن، ئەوە بەهۆی دەسەڵاتێکی مەدەنییەوە دەسەڵاتی سیاسی بەسەر هێزەکانی پێشمەرگەش کەمتر دەبێتەوە، بەڵام

دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاوبێ کە دەسەڵاتە مەدەنییەکە پەیوەندییەکی زۆر نزیکی لە خواستە باوەکانی پارتە سیاسییەکەی پارێزگای هەڵبژێردراوەدا هەیە، بۆیەش هیچ ئەندام پارتێك نابێ دژایەتی بکات. جیا لەوە ئۆفیسی مەدەنی پارێزگار وەك ئۆفیسی حاکمی ویلایەتێکی ئەمریکای لێدێت و بۆیەش هیچ لایەنێکی ئەمریکی ناتوانێ دژایەتی بکات.

گومانی تێدا نییە ئەم جۆرە ئۆفیسە مەدەنییە پێویستی بە دەسەڵاتێکی گونجاو و دانانی کۆمەڵێك بەربەستی نوێیە لە دەستووردا، بەڵام وەك چۆن ئەمە بۆ ئەمریکییەکان مومکین بووە، ئاوها کوردیش دەتوانن هەمان کار بکەن. لێرەدا خاڵی سەرەکی ئەوەیە هەرەشە هاوبەشەکان لەڕووی راگەیاندن و جۆری هەڕەشەکانەوە دیارییکرێن، واتە ئەو هەڕەشانەی کە مەشروعییەت بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەدەن هێزەکانی پێشمەرگە لەژێر فەرمانی خۆیدا کۆبکاتەوە. هەڵبەت دەبێ سەرنجێکی وردیش بدرێتە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە لۆجیستیك، لەوانەش پشتگیری دارایی، مرۆیی و راهێنان و کەرەستە سەربازییەکان و پێدانی دیسیپلینی پێویست بە هێزەکان، لەمەشدا وەزارەتی پێشمەرگە رۆڵێکی باڵای دەبێت.

هیچ بەشێکی یەکخستنەوەی هێزە سەربازییەکان نییە کە ئاسان بێت. بەڵام رێکخستنەوەی هێزەکان کارێکی مەحاڵیش نییە، ئەوەی دەبێ لەبەرچاو بگیرێت ئەوەیە کە هیچ میتۆدێکی بیرکردنەوە لەو پرسە نییە کە پەیوەندی بە واقیعی کرداری دانیامیکە مرۆییەکانی کولتوور و سیاسەتەوە نەبێت. بۆ ئەوەی هەنگاوەکان کرداری و درێژخایەن بن، پێویستە لەگەڵ ئامانجی گشتی و هاوبەشدا بگونجێن، واتە بۆ ئەوە بن جێبەجێبکرێن و ئامرازەکانی جێبەجێکردنەکەشی لەبەردەستبن، هەروەها دەبێ جێگەی پەسندی ئەوانەبێ کە جێبەجێیدەکەن و بڕیارە لەگەڵیاندا بژین.

کاتێك باسی یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە دەکەین، دەبێ کۆمەڵێك رێگەچارە لەبەر چاو بگیرێن بۆ ئەوەی هێزەکانی ئێستای پێشمەرگە لەکاتی پێویستدا یەکبگرن و رووبەڕووی هەڕەشەی هاوبەش ببنەوە، بەڵام ئەم کۆبوونەوەیەی هێزەکان دەبێ شتێکبێ کە شیانی دووبارەبوونەوەی تێدابێت، بێئەوەی باڵانسی هێز لەنێوان پارتە سیاسییەکانی کورد تێکبدات. ئۆفیسی پارێزگا رێك ئەو بەستەرەیە کە دەتوانێ بۆ ئەم جۆرە لە یەکخستنەوەی پێشمەرگە یارمەتیدەر بێت. بەڵام کورد خۆی دەبێ بڕیار لەسەر ئەوە بدات ئاخۆ قبوڵی دەکات پارێزگار ئەمە بکات یان نا؟

*ئێرنی ئۆدینۆ، ژەنەراڵی خانەنشینی ئەمریکی، کە ئێستا لە ناوەندی لەندەن بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسەت خەریکی لێکۆڵینەوەیە. ئۆدینۆ تاکە جەنەراڵی سوپای ئەمریکایە

کـە مـاوەی یـەك سـاڵ وەك راوێـژكاری جەنگیـی لـە یەكێـك لـە لیواكانـی پێشـمەرگە لـە عێـراق كاری كردبێـت.

و: رێبوار قارەمانی

# له پێشمەرگەوە
# بۆ سوپای نیشتمانی کوردستان

لیوای پیادە
**عەبدولخالق عومەر عەبدوڵلا**

**وەك پێشەكی**

وەك پێشەكی بەباشی دەزانم باس لە ئەزموونێك بكەم كە زۆر لە ئەزموونەكەی خۆمان نزیكە. كاتێك لە مێژووی سەربازی گەلانم كۆڵییەوە، بۆم دەركەوت كەوا ئەزموونەكەی ئیسرائیل لە ئەزموونی خۆمان نزیكە. ئەمەش خۆی لە چۆنیەتی دامەزرانی سوپای بەرگری ئیسرائیلدا دەبینێتەوە.
كاتێك لە رۆژی 14ی مایسی 1948 بەبڕیاری نەتەوە یەكگرتووەكان سەرزەوینی فەلەستین بۆ دوو بەش دابەشكرا بەناوی ئیسرائیل و فەلەستین، سوپای بەرگری ئیسرائیل دامەزرا. دوای دوازدە رۆژ دێڤید بن گۆریۆن سەرۆكوەزیران و وەزیری بەرگری ئەوكات بڕیاری دروستكردنی سوپای بەرگری ئیسرائیلی دەركرد. بەمەش سێ گرووپی میلیشیای كۆكردنەوە و لەچوارچێوەی ئەم سوپایەدا رێكیخستن.

**ئەم سێ گرووپە میلیشیایە بریتیبوون لە:**
**یەك** – میلیشیای هاگانا: ئەم گرووپە چەكدارییە لەساڵی 1921 دامەزرا بۆ ئەوەی بەرگری لە ئۆردووگاكانی جوولەكەنشین بكات.
**دوو** - میلیشیای "لیحی" كە كورتكراوەی جەنگاوەرانی ئیسرائیلە لە ساڵی 1940 دامەزراوە.
**سێ** – میلیشیای ئاراگۆن واتە رێكخستەی سەربازیی نەتەوەیی كە بە ئەتزێل ناسراوە. لە ساڵی 1931 لە هاگانا جیابووەوە و تاوەكو ساڵی 1948 بەردەوامبووە.
ئەم ئەزموونە بۆ ئێمەی كورد جێگەی تێڕامان و لێوردبوونەوەیە.
**1 – میكانیزمی جیاكردنەوەی جەنگاوەرانی سوپا**

له ئیسرائیل لیژنەیەك بۆ هەڵسەنگاندن و پشكنینی جەنگاوەران پێكهێنرا بەوشێوەیە:
ا. كۆمەڵەی پەككەوتە و بەتەمەنەكان خانەنشینكران.
ب. كۆمەڵـەی گەنجـەكان ئەوانـەی توانـای خزمەتكردنیـان هەبـوو، لەنێـو حكومـەت و داوودەزگاكانـدا بەپێـی توانـا و پیشـەیان دامـەزران.
پ. ئـەو كۆمەڵەیـەش كـە بەسـوودبوون و لـەڕووی سـەربازییەوە لێوەشـاوە بـوون، لەریـزی سـوپاكەدا رێكخـران.
سوپای بەرگری ئیسرائیل لەم كۆمەڵەیە دامەزرێندراوە.

## 2- پێكهێنانی سوپای نیشتمانی كوردستان

بـۆ پێكەوەنانـی سـوپای نیشـتمانی كوردسـتان پێـش هەمـوو شـتێك پێویسـتیمان بـە دەسـتوورە. پێـش هەنـگاوی دەسـتووری زۆرجـار بڕیـاردراوە ، بـەڵام بەهـەر هۆیـەك بووبـێ بێئەنجامبـووە. دەسـتوور بەرپرسـیاران رووبـەرووی لێپرسـینەوە و دادگا دەكاتـەوە.
لە دەستووردا ئەم خالانە جێگیردەكرێن:
یەكەم: ئامانجی سوپا ئەوەیە بەرگری لە خاك، نیشتمان و گەل بكات.
دووەم: سوپا لە هەمووی پێكهاتەكانی كوردستان پێكدێ بێ جیاوازی دینی و ئەتنی.
سێیەم: دەبێ رەگەزی مێ لەنێو پێكهاتەی سوپادا جێبگرێت.
چـوارەم : دامەزراندنـی فەرمانـدەی هەنـگ بـۆ سـەرەوە بەپێـی رەزامەنـدی پەرلەمـان دەبێـت.
پێنجـەم : بەشـداریكردنی سـوپا لـە جەنـگ و جوڵاندنـی بـۆ دەرەوە بـە رەزامەنـدی پەرلەمان دەبێت.

## 3 – هەڵسەنگاندنی پێشمەرگەكان

بـۆ هەڵسـەنگاندنی پێشـمەرگەكانی نـاو وەزارەتـی پێشـمەرگە و پێشـمەرگەی حیزبەكانـی دیكـە پێویسـت بـەم لیژنانـە هەیـە:
یەكەم: لیژنەی باڵا كە لەوانەی خوارەوە پێكدێت:
- جێگری فەرماندەی گشتی و سەرۆك ئەركان بۆ كاروباری ئۆپەراسیۆن.
- دوو پزیشكی گشتی و پزیشكێكی دەروونناس.
- ئەفسەرێكی روكن لە كۆلێجی ئەركان بەپلەی سەرتیپ یان سەرهەنگ.
- دوو پێشمەرگەی دێرین بەمەرجێك خولی ئەفسەرییان بینیبێ و بڕوانامەیان هەبێت.
تێبینـی: جگـە لـە ئەفسـەرانی روكـن و ئەفسـەرانی دەرچـووی كۆلێجی سـەربازی كوردسـتان

و عێـراق، دەبـێ تێکـڕای ئەفسـەرانی دیکـە بەبـێ جیـاوازی بـە فیلتـەری ئـەم لیژنەیـەدا دەربازبـبن.

**4 – میکانیزمی هەڵسەنگاندن**

هەموو هێزەکە بەبێ ئەوەی مافی کەس بخورێ بەسەر ئەم سێ بەشەدا دابەشدەکرێن:
یەکەم: گرووپی خانەنشینان: ئەم گرووپە لە بەتەمەن و پەککەوتووەکان پێکدێت.
دووەم: گرووپـی دەزگاکان: ئـەو کەسـانەی بەپێـی بڕیاری لیژنەکە سـوودیان هەیـە و دەتوانن بەپێـی پیشـە و بڕوانامەکانیـان لەنێـو دەزگاکانـی حکومـەت کاربکـەن و ، دەگوازرێنـەوە بـۆ نێـو دەزگاکانـی حکومەت.
سـێیەم : گرووپـی سـوپای تـازە: ئەمانـە بـە گشـت پلـە وپایەیـان بـۆ سـوپاکە سـوودمەند دەبـن.
ئەم بەشەیان دەبێ بەبێ جیاوازی پلە و پایە بەشداری لە خولەکاندا بکەن:

- فەرماندەی تیپ
- فەرماندەی هەنگ
- فەرماندەی دەستە
- فەرماندەی پەل
- ئەو ئەفسەرانەی پایەیان نییە بەشداری خولەکان دەبن.
- پلەدار و پێشمەرگەکان لە بەڕێوەبەرایەتی مەشق پرۆگرامیان دەبێت.

تێبینـی: هەمـوو ئـەم خولانـە بـە سەرپەرشـتی جێگـری سـەرۆك ئـەرکان بـۆ مەشـق بەڕێوەدەبرێـن.

**5– ئێمە بۆخۆمان سوپامان پێ دانامەزرێت!**

هێـزی ئێمـە جەنـگاوەر و ئـازان ، بـەڵام بەوانـە سـوپا دانامەزرێـت. سـەرباری ئـەوەی زۆر سـیفەتی نەبـەردی، لێهاتوویـی و لێوەشـاوەیی لەنێـو هیـزی کوردسـتاندا بەدیدەکرێـن، ئـەی بۆچـی توانـای پێکەوەنانـی سـوپامان نییـە؟ دەبـێ بزانیـن بەهـۆی نەریتەکانـی رابردوومـان و رازیبوونمـان بـە نیمچـە چارەسـەر (انصـاف الحلـول) کـە ئەقلیەتێکـی کوشـندەیە لەنێـو سـوپا، پێویسـتیمان بـە هاوکارییـە. میللەتان ئەوجـۆرە هاوکارییەیـان قبوڵکردووە و سـوودیان لـێ بینیـوە وەك میـسر.
میسـیر – لـە جەنگـی 5 ی حوزەیرانـی 1967 کـە بـە جەنگـی پێنجـی حوزەیـران نـاسراوە، سـوپاکەی شکسـتیهێنا. لەبەرئـەوە بەرپرسـیارانی میـسر پەنایـان بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت

بـرد. دوای راهێنـان و ڕێکخسـتنەوەی ئـەم سـوپایە، لـە جەنگـی تشرینـدا سـەلماندی کـەوا سـوپایەکی بەتوانـا و سـەرکەوتووە.
یەکێتـی سـۆڤیەت - سـوپای سـۆڤیەتی پێشـوو لـە جەنگـی پۆڵەنـدا لەسـاڵی 1921بـە دۆڕاو دەرچـوو. دوای ئـەوە لینیـن بۆخـۆی ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە ئەڵمانەکانەوە کرد بـۆ ئەوەی بـۆ ڕێکخسـتنەوەی سـوپای سـوور بەتایبـەت دەسـتەی ئـەرکان هاوکارییـان بکـەن. بۆیـە لـە ڕۆژی 6 ی مایسـی 1921 لەنێـوان ئەڵمانیـا و یەکێتـی سـۆڤیەت ڕێککەوتنـی بازرگانـی واژۆکـرا. بـەڵام نێوەڕۆکـی سـەرەکی ڕێککەوتنەکـە سـەربازی بـوو کـە بەهـۆی ڕێککەوتنـی ڤێرسـای، ئەڵمانـەکان گوشـارێکی زۆریـان لەسـەر بـوو، بۆیـە بەبازرگانـی ناوزەدکـراوە.
ئەڵمانـەکان بەهـۆی ئـەم ڕێککەوتنـەوە گەلێـك هەنـگاوی گەورەیـان نـا وەك دروسـتکردنی کارگـەی بەرهەمهێنانـی فڕۆکـە، تانـك، تـۆپ و زرێپـۆش و چەکـی قـورس. لـە بەرامبەریشـدا سـۆڤیەتییەکان سـوودیان لـەم ڕێککەوتنـە وەرگـرت و دەسـتەی ئـەرکان و سیسـتەمی سـەربازی خۆیـان ڕێکخسـتەوە.
پێدەچـێ ئەڵمانـەکان لـەڕووی سـەربازییەوە تواناکانیـان لەبـرەودا بێـت. دەشـێ هەرێمـی کوردسـتانیش سـوود لـە ئەزموونـی ئەڵمانیـا وەربگرێـت، چونکـە ئـەوان ئامادەییـان پیشـانداوە کـەوا هـاوکاری هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان بکـەن. هەروەهـا دەسـتەی ئەرکانـی ئەڵمانـی لەسـەر ئاسـتی جیهـان بـە یـەك لـە باشـترینەکان لەقەلەمدەدرێـت. ئـەم دەسـتەیە لـەڕووی تاکتیکـەوە ڕەنگـە ورد نەبـن، بـەڵام لـەڕووی ئیـدارە و پلانسـازی و دیسـپلینی سـەربازییەوە بـە باشـترین لەقەڵەمدەدرێـت.
ئێمـەش دەتوانیـن سـوود لـەم تایبەتمەندییانـەی سـوپای ئەڵمانیـا وەربگریـن و لەگـەڵ تایبەتمەندییەکانـی خۆمـان موتوربـەی بکەیـن. ئەگـەر ئـەوە بێتـەدی، ئـەوە دەتوانیـن سـوپایەکی تۆکمـە دابمەزرێنیـن.

**6 - میکانیزمی دامەزراندنی سوپای نیشتمانی**

ئـەم سـێ پایەیـەی کـەوا لـە خـوارەوە باسـیان دەکەیـن، کلیلـی سـەرکەوتنی سـوپاکانی جیهانـە چ لەکاتـی جەنـگ و چ لەکاتـی ئاشـتی. ئـەم سـێکوچکەیە بریتیـن لـە:
**یەکەم:** سەرۆك ئەرکان دەبێ:
- کاری فەرمانـدەی لەشـکر یاخـود سـەرۆك ئەرکانـی لەشـکری بـۆ مـاوەی لانیکـەم سـاڵێك بـە سـەرکەوتوویی کردبێـت.
- هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە بوارێکی دەرەوەی سەربازی بێت.
**دووەم:** جێگـری سـەرۆك ئـەرکان بـۆ ئۆپەراسـیۆنەکان بێـت. بە مەرجێـك فەرماندەیـی فیرقە

یـان سـەرۆك ئەرکانـی فەیلەقـی بـۆ مـاوەی زیاتـر لـە سـاڵێك بەسـەرکەوتوویی کردبێت.
**سـێیەم :** جێگـری سـەرۆك ئـەرکان بـۆ کاروبـاری ئیـدارە و میـرە بـە مەرجێـك ئیـدارە و میـرەی فەیلـەق یـان فیرقـەی بـۆ مـاوەی زیاتـر لـە سـاڵێك بـە سـەرکەوتوویی کردبێـت.
پـاش هەڵبژاردنـی ئـەم سـێ پایەیـە دەبـێ لەگـەڵ هەریـەك لەوانـە ئەفسـەرێکی روکنـی ئەڵمانـی هەبـێ کـە بەپێـی تایبەتمەنـدی کارەکـە (کـە کەمتر لـە دوو سـاڵ نەبـێ)، کارەکانیان بـە راوێـژی رۆژانـە لەگـەڵ ئەفسـەرە ئەڵمانییەکـە بەرێوەببـەن. ئەگـەر ئەفسـەرەکەی لای خۆمـان رێگـری بـکات، دەبـێ دەسـتبەجێ لابدرێـت، چونکـە کاری سـەربازی ئەمڕۆ زانسـتە.

### 7 – ئەکادیمیای جەنگ

ئەرکـی ئـەم ئەکادیمیایـە پێگەیاندنـی فەرمانـدە و ئەفسـەری سـەربازی لەسـەر ئاسـتی هەنـگ، تیـپ و لەشـکرە. دەبـێ هەمـوو فەرمانـدەی فەوجـەکان پاش دوو سـاڵ لـە ئەرکیان، خولـی فەرمانـدەی لیـوا ببینێـت. هەروەهـا فەرمانـدەی لیـوا دەبێ خولـی سـەرکردە ببینێت. هەمـوو ئەفسـەرانی لیـوا روکـن دەبـێ بـۆ خولـی فەرماندەیـی گشـتی ئامادەبکرێـن.

### 8 – کۆلێجی ئەرکان

نابێ بەبێ ئەم مەرجە خوێندکار وەربگیرێت:
دەبـێ هەمـوو خوێندکارێـك فەرمانـدەی دەسـتە و پـەل بووبـێ و سـەرکەوتووانە ئەرکەکانی تەواوکردبێـت ، ئەوجـا وەردەگیرێت.

### 9 – فێرگەی پیادە و چەکی پیادە

ئەرکی سەرەکی فێرگەی پیادە ئەمەیە:
- ئامادەکردنی کادیر بۆ فەرماندەیی پەلی پیادە.
- نوێکردنەوەی زانیارییەکان بۆ فەرماندەیی پەلەکان.
- خولی چەکی تازەی پیادە بۆ ئەفسەرەکان.

### 10 – فێرگەی تانك

- ئامادەکردنی فەرماندەی یەکەی زرێپۆش
- ئامادەکردنی فەرماندەی پەل
- خولی جۆراوجۆری تانك و زرێپۆش بۆ پلەداران

### 11 – فێرگەی تۆپخانە

دەستەبەرکردنی گشت تایبەتمەندییەکانی یەکەی تۆپخانە بۆ ئەفسەرانی پلەدار هەر یەکەو بەپێی پلە و تایبەتمەندی خۆی.

**12 – فێرگەی ئەندازیاری سەربازی**

ئامادەکردنی ئەفسەر و پلەدار بۆ بەشە تایبەتییەکانی پیشەی ئەندازیاری سەربازی

**13 – فێرگەی پلەداران**

ئەمە فێرگەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی پێشمەرگەکان بۆ ئاستی پلەداری رابهێنێت و نموونەی سەرکردە و فەرماندەی لێهاتوو، بەتوانا و کارامە باربهێنێت. بۆیە دەبێ جەخت لە بارهێنانی وەك فەرماندە و سەرکردە بکرێتەوە.

دەبێ بزانێ ئەرکی دوای ئەم ئەرکەی ئێستای چییە.

دەبێ ئەم فێرگەیە بناخەی سەربازی راستەقینە دابنێت.

- سەردەستەی بەتوانا
- مامۆستای مەشقی بەتوانا

**14 – فێرگەی پیشەی کارگێڕی و خزمەتگوزاری**

ئامادەکردنی ئەفسەری پلەدار بۆ:

- گواستنەوە
- لۆجستیك
- کارگێڕی
- مووچە
- مووزیك
- دیسیپلین و ئینزیبات

**15 – فێرگەی جەنگ بۆ لەشکرەکان**

ئەم فێرگەیە لەژێر فەرمانی فەرماندەی لەشکر دەبێ و پەیوەندی بە بەڕیوەبەرایەتی مەشقەوە دەبێ و بەپێی بۆچوونی فەرماندە، دەبێ خول لە فێرگەکان بکرێتەوە و لە ئاستی مەشقی هەموو یەکەکان بکۆڵرێتەوە. هەروەها دەبێ ئاستی مەشقی یەکەکان بپشکنرێت و هەڵبسەنگێندرێن.

**16 – بنکەی مەشق لە پارێزگاکان**

- پارێزگای دهۆك
- پارێزگای هەولێر
- پارێزگای کەرکووك
- پارێزگای سلێمانی
- پارێزگای هەلەبجە
- ئیدارەی گەرمیان

**17 – نەخۆشخانەی پێشمەرگە لە پارێزگاکانی:**

- دهۆك
- هەولێر
- کەرکووك
- سلێمانی
- هەڵەبجە
- ئیدارەی گەرمیان

تێبینی: دەبێ دەرگامان بەڕووی هەر هاوکارییەك بۆ چەك و تەقەمەنی و مەشق کراوەبێت.

بەڵام کاتێك سوپای نیشتمانی کوردستان پێکەوەدەنێین دەبێ جەخت لەم خاڵانە بکەینەوە:

- هەر سێکوچکە گرنگەکەی سوپا:

سەرۆك ئەرکان

جێگری ئۆپەراسیۆن

جێگری ئیدارە

- مامۆستایانی کۆلێجی ئەرکان
- مامۆستایانی کۆلێجی سەربازی
- مامۆستایانی فێرگەی ئەفسەران

باشترە ئەمانە ئەڵمان بن.

- خوێندکاری ئەرکان و کۆلێجی سەربازی بنێردرێنە ئەڵمانیا
- پێکەوەژیانی فەرماندەی لیوا و فەوجەکان: بەپێی توانا لەگەڵ فەرماندە ئەڵمانەکان ڕێکبخرێن و لەرووی جەنگ و لۆجستیکەوە رابهێندرێن.
- دەبێ گشت مانۆڕەکان بەسەرپەرشتی کۆلێجی ئەرکان بن.

- ئەفســەرانی لێهاتــوو لەهەمــوو ئاســتەکان پاداشــتدەکرێن و بەپێــی ســەرپێچییەکانیان ســزادەدرێن.
- ئەگەر کەسەکان چەك و تەقەمەنی خۆیان لەدەرەوەی ئامانج بەفیڕۆبدەن، سزادەدرێن.
- ساڵانە لەسەر ئاست و جۆرە سەربازییەکان پێشبڕکێ ڕێکدەخرێت.
- یەکــەی جەنگــی، پشــتیوانی و خزمەتگــوزاری بــۆ تۆکمەکردنــی پێگــەی ســوپا ڕۆڵــی یەکلاییکەرەوەیــان
هەیە.

# سوپا و دەوڵەت
# هێزی سەربازی کوردستانی عێراق

د.ستانیسلاڤ ئیڤانۆڤ

لەگەڵ پەیدابوون و دەرکەوتنی دەوڵەت، سوپا بووە جێگەی بایەخ و گێڕانی ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ وەك یەکێك لە سەرەکیترین دامەزراوە دەوڵەتییەکان.
مێژوو شایەتی زۆر نموونەیە کە سوپا چۆن بووەتە یارمەتیدەر و هۆکاری دامەزراندنی زۆر دەوڵەتی نوێ و ئیمپراتۆریا لە مێژوودا و لاوازبوون و لەنێوچوونی سوپا بووەتە هۆکاری لە نێوچوونی دەوڵەتەکەش و نەتەوەکانیش بوونەتە ژێردەستە یاخود هەر بەیەکجاری لەنێوچوون.
باشترین و ڕۆشنترین نموونەش کە ڕۆڵێکی گرنگ و مانادار سوپایان لەکۆندا گێڕاوە ئەوە دەتوانین بڵێین ڕۆم و یۆنانییە کۆنەکان بوون.
فەرماندەکان پۆستە باڵاکانی دەوڵەتیان بەڕێوەدەبرد، دواتر دەبوونە ئیمپراتۆر و حاکمی شارو شارۆچکە و ناوچەکانی دیکەی شوێنی نیشتەجێبوونی دانیشتووان.
بۆ بەرگریکردن لە دەسەڵاتی خۆیان و پاراستنی سنووری دەوڵەتەکانیان، پێویستبوو لەسەر فەرمانڕەواکان بەردەوام فۆکس و چاودێری ورد بخەنە سەر سوپاکەیان و گرنگی تەواوی پێبدەن.
سوپای عەشایری عەرەبی (شەڕکەرە ئیسلامییەکان) ڕۆڵێکی یەکلاییکەرەوەیان لە دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی - عەرەبی گەورە لە ڕابردوودا گێڕاوە.
فەرماندە و مێرخاس و پاڵەوانی دیاری کورد سەلاحەدینی ئەیووبی بۆ هەمیشە چووە نێو مێژووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە کە توانی بۆ ماوەیەکی کاتی هەموو موسڵمانانی جیهان ڕێکبخات و کۆیانبکاتەوە و ڕێگە لە هێرش و داگیرکاری کریستیانەکان بۆ سەر سووریا و میسر بگرێت.

دەتوانین بڵێین، سوپای تورکیا لەسەردەمی مستەفا کەمال ئەتاتورکدا نەك تەنیا توانی سەربکەوێ لە رووبەڕووبوونەوەی دووژمنە دەرەکییەکانیدا، بەڵکو رۆڵێکی گرنگیشی لە ژیانی سیاسی وڵاتدا گێڕا و خۆی وەك گەرەنتی سەقامگیری کۆمەڵایەتی - سیاسی تورکیا پێناسەکرد.
ئەمڕۆ هێزە چەکدارەکانی زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەو ئەرکە جێبەجێدەکەن بۆ پشتگیریکردن و لەکاتی پێویست بۆ بەرپەرچدانەوەی توندوتیژییە دەرەکییەکان و دەبنە گەرەنتی دەستکارینەکردنی سنوورەکان و یەکێتی و سەروەری خاکی دەوڵەتان، دانیشتووان و هاونیشتمانیانی خۆیان لە هێرشە دەرەکییەکان دەپارێزن.

ئەرك و جەوهەری سەرەکی کارە ناوخۆییەکانی هێزە چەکدارەکان بەرگریکردنە لە دەستنووسی دەستووری وڵات کە یاساکان هەڵبژێردراوی خەڵکن بۆ دەسەڵاتی سیاسی، بۆ ئەوەی هاریکاری خەڵکی پێبکەن لەکاتی سەرهەڵدانی ئاژاوە و توندتوتیژی بەکۆمەڵ لەوکاتانەی کارەساتی سرووشتی و بارودۆخی لەناکاو دێنەپێشەوە.
لە زۆر لە وڵاتانی جیهان هێزە چەکدارەکان لە ژیانی سیاسی بەشداریدەکەن و لە هەڵبژاردن و گشتپرسییەکاندا دەنگدەدەن و دەبنە پاڵنەری کاندیدەکانیان بۆ ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی یاسادانان لە هەموو پلەکان و شوێن و ئۆرگانەکانی دیکە.
سوپا بە خۆبەخشی و ئازادانە کە دەسەڵاتیان سنووردارە لەڕووی مافە سیاسییەکانیان، بەبێ جیاوازی مومارەسەی ئەو هەڵوێستە سیاسییە روون و دیاریکراوە بۆ سەرجەم پارت و رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن.
رەنگە خۆتێهەلقورتاندنی سەربازی لە سیاسەتدا ببێتە هۆی بەرزبوونەوە و قوڵبوونەوەی ناجێگیری بارودۆخی ئەو وڵاتە و وڵاتانی دیکەش بەگشتی. بەتایبەتی کاتێك حکومەت دەسەڵاتی کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە لەدەستدەدا و وادەردەکەوێت ناتوانێ چارەسەرێکی گونجاو و ئاشتیانە بۆ دانیشتووانی خۆی لەژێر چاودێری یاسا و رێنماییە دەستوورییەکان بدۆزێتەوە.
بەرزبوونەوەی ئاستی گەندەڵی ئیداری لە دەسەڵاتدا، تایفەگەری، خێڵەکی و تەنانەت تیرەگەری تەحدای سوپا دەکەن و دەبنە رێگر بۆ سەر بەرقەرارکردنی ئەو دیسپلینەی بۆ بەرێوەبردنی وڵات پێویستە.
نموونەیەکی نەرێنی: کاتێك دەوڵەت و سوپا هەڵوەشانەوە و بوونە هۆی بەهاری عەرەبی، ئەوکاتە تەنیا هێزە چەکدارەکان لە میسر نەیانهێشت کار بگاتە شەڕی ناوخۆ بە بەردەوامبوونی حوکمی ئیسلامی سیاسی ئیخوانییەکان.

هەندێك لـە هێـزە چەكـدارەكان بەشـێوەیەكی نـوێ و پراكتیكـی لەنێـو میللەتـدا بـۆ سـەركەوتنی حكومەتـی مەدەنـی پشـتگیری نوخبـە و رۆشـنبیران دەكـەن.
یەكێـك لـە هۆكارەكانـی هاندانـی نیگەرانییەكانـی سـوپا دژی حكومـەت كەموكـوڕی لـە سیسـتەمی ئابـووری و لایەنـی مـادی هێـزە چەكدارەكانـە. هەروەهـا هـۆكاری نەژادپەرسـتی و توونـدڕەوی ئایینـی و نەتەوەیـی، ئاورنەدانـەوە و كەمتەرخەمـی دەسـەڵات بـۆ كێشـەو گیروگرفتەكانـی سـوپا و گـەل بەگشـتی كاریگەریـان هەیـە.

كاریگەرییـە نێگەتیـڤ و خراپـەكان بـۆ سـەر مۆراڵـی سیاسـی سـوپا لەوانەیـە ببێتـە هـۆی بەشـداریكردنی سـوپا لـە كاری حیـزب و ڕێكخـراوی كۆمەڵایەتـی و بزووتنـەوە سیاسـییەكان و دواتـر كاریگـەری بخاتـە سـەر خەباتـی سیاسـی و ململانێـی نێـوان پـارت و گرووپـە كۆمەڵایەتییـەكان بـۆ گەیشـتن بە دەسـەڵات و كاریگەرخسـتنە سـەر كۆمەڵگە بەگشـتی. هەر لەبەرئـەوەش لـە دەوڵەتـە دیموكراتییەكانـدا كاری سیاسـی پـارت و بزووتنـەوە سیاسـییەكان لەنێـو سـوپادا قەدەغـە دەكرێـت و ناهێڵرێـت ڕێكخـراو لەنێـو سـوپادا دروسـتبكەن و بەكاریانبێنـن بـۆ مەبەسـتی توونددتوتیـژی لـە ناكۆكییـە سیاسـییەكان و پێكهێنانـی هێـزی چەكـداری تایبـەت بەخۆیـان.
لـە بنەمـای دیموكراسـییەتدا مۆدیلێكـی تایبەتـی كۆنترۆڵكردنـی مەدەنـی هەیـە بـۆ سـەر هێـزە سـەربازییەكان كـە دەبێتـە پاڵنـەری بێمـەرج بـۆ داننـان بـە هێـزە چەكدارییـە پلەبـەرزەكان لەنێـو دەسـەڵاتی سیاسـی مەدەنیـدا.
سـوپا بـۆ بەهێزبوونـی دەوڵـەت ئەركێكـی تایبەتمەنـد و گرنگـی لەئەسـتۆدایە. هەروەهـا بـۆ پارێزگاریكـردن لـە كەسـایەتی و كۆمەڵـگە، دواتریـش دەوڵـەت لـە مەترسـی و هەڕەشـەی ناوخۆیـی و دەرەكیـش دەپارێزیـت و دەبێتـە بەشـێكی گرنـگ لـە گـەل. لـەو دەوڵەتانـەی لـە چەنـد نەتـەوە و ڕەگـەزی جیـاواز پێكدێـن، بـۆ نموونـە ڕوسـیای فیـدراڵ و ولایەتـە یەكگرتووەكانـی ئەمریـكا كـە ژن و پیـاو، سـەرجەم نەتـەوە، ئاییـن و ئەتنۆسـە جیـاوازەكان بەشـدارن و هیـچ جـۆرە جیاوازییـەك لـەڕووی ئـەرك و مافیانـەوە لەنێـو سـوپادا نییـە، هەموویـان لـە ئـەرك و مافـدا یەكسـانن و بـە هاوبەشـی پارێـزگاری لـە بەرژەوەندییـە باڵاكانـی وڵات دەكـەن. تەنانـەت سـوپا خەڵكەكـە یەكدەخـات بـۆ خزمەتـی وڵات و ئامانجـە هاوبەشـەكانیان.
دەبـێ لـەڕووی ئـەم پرەنسـیپانەوە، سـوپای كوردسـتانی عێـراق دابمەزرێندرێـت. دەبـێ لەنێـو هێزەكانـی پێشـمەرگە سـەرجەم دانیشـتووانی هەرێمـی كوردسـتان خزمەتبكـەن بەبـێ جیـاوازی ڕەگـەز، ناوچـە، نەتـەوە، ئاییـن، گـرووپ و ئەتنـۆس و خێڵـە جیـاوازەكان

بـه هەمـان مـاف و ئەرکـی یەکسـان، تەنانـەت دەبـێ کـوردی موسـڵمان، ئێـزدی، ئەرمەنـی، ئاشـووری، تورکـمان، عەرەبـی سـوننە و شـیعە و هتـد. خزمـەت بکـەن.
هێزەکانـی پێشـمەرگە لەهـەر چـوار پارێـزگای کوردسـتانی عێراقـدا تۆمارکـراون( هەولێـر، سـلێمانی، دهـۆك و هەڵەبجـە ). لـە ناویانـدا پێشـمەرگەی خۆبەخـش و خەڵکـی وڵاتانـی ئەوروپـا و دەوڵەتانـی دیکـەی جیهانیـش هـەن .
خۆنەویسـتان بـۆ خزمەتـی سـوپا پەیمانیـان بەخۆیـان داوە. هیزەکانـی پێشـمەرگە بەشـێوەیەکی زۆر مەردانـەو چـاو نەترسـانە شـەڕ دژی داعـش دەکـەن، لـە شـەڕ و پێکدادانەکانـدا نـەك تەنیـا توانییـان دژ بـە داگیرکردنـی ئـەو ناوچانـەی راستەوخۆ دەکەونـە خاکـی کوردسـتانی عێراقـەوە بوەسـتنەوە، بەڵکـو زۆر ناوچـەی دیکـەی وڵاتیـان لـە دەسـتی داعـش رزگارکـرد کـە نەدەکەوتنـە سـنووری هەرێمـی کوردسـتانەوە.

هێـزە شـەڕکەرە کوردییەکانـی عێـراق لـە شـەڕە یەکلاییکەرەوەکانـی کوردسـتانی سووریاشـدا بەشـداریانکرد لـە تەنیشـت براکانیـان دژ بـە داعـش وەسـتانەوە لـە ناوچەکانـی کۆبانـێ .
بەپێـی دەسـتووری عێـراق، هەرێمـی کوردسـتان خاوەنـی هێـزی سـەربازی خۆیەتـی. هێزەکانـی پێشـمەرگە ئەرکەکانـی خۆیـان جێبەجێدەکـەن و سـنوورەکانی وڵات لەگـەڵ تورکیـا و ئێـران دەپارێـزن بـە ناونیشـانی هێـزی پاسـەوانی سـنوور. لـە هەولێـر وەزارەتـی کاروبـاری پێشـمەرگە دامـەزراوە و تـەواوی ئەرکەکانـی تایبـەت بـە پێشـمەرگە لەئەسـتۆ دەگرێـت هـەر لـە پێداویسـتی داراییـەوە بگـرە تاوەکـو دابینکردنـی چـەك، تەقەمەنـی، فێـرکاری و راهێنانـی سـەربازی و تـەواوی پێداویسـتییەکانی دیکـەی هێـزی سـەربازی .
ئێسـتا هێزەکانـی پێشـمەرگە نزیکـەی 200 هـەزار کـەس دەبـن بـە هێـزی پیـادە و هێـزە ئامادەکانـەوە. ئەمـە جگـە لـە چەکی قـورس و سـتراتیژیی وەك تانـك، زرێپۆش، تـۆپ، هاوەن و چەکـی دژی فڕۆکـە کـە لەنێـو هێـزی پێشـمەرگەدا هـەن و خراونەتـە خزمەتـی سـوپاوە. دەسـەڵاتی بەغـدا زۆر کـەم هـاوکاری و پشـتگیری سـەربازیی هێزەکانـی پێشـمەرگە دەکات بـۆ ئامادەکـردن و نوێکردنـەوەی سـوپا بـە چەکـی مۆدێـرن بـۆ شـەڕ و بەرپەرچدانـەوەی هەڕەشـەکان. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەم هێزانـە لـە شـەڕی تیرۆریسـتانی داعشـدا سـەرکەوتنی گـەورە و بەرچاویـان بەدەسـتهێناوە و پێشـانی جیهانیانـداوە کـە هـەم لـەڕووی شـارەزایی و لێهاتوویـی ئامـادەن و هـەم لـە بـواری چـەك و بەکارهێنانیـان دژ بـە دووژمـن.
ژمارەیەکـی زۆر لـە شـەڕکەری کـورد و فەرمانـدە باڵاکانـی سـوپا لەلایـەن هێزەکانـی وڵاتانی بیانـی و نێودەوڵەتییـەوە راهێنانیـان پێکـراوە. ئەمـە جگـە لـەو دەسـکەوتی گـەورە، زانیـاری و شـارەزایی زۆر کـە وەك دەسـکەوت لـە شـەڕەکاندا بۆیـان ماوەتـەوە. ئاسـتی بـەرزی

پیشـەیبوونی هێـزە چەکـدارە کوردییـەکان نـەک تەنیـا جیهادییەکانـی شـۆک کـرد، بەڵکـو دەسـەڵاتی بەغداشـی بـە هەمـان شـێوە شـۆک کـردووە. هەروەهـا کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی لەوباوەڕەدایـە کـە کـورد پارێـزەری شارسـتانی ئێمەشـن لـە دەسـت ئـەم تاعونـەی سـەدەی 21 کـە داعشـە.

هێزەکانـی پێشـمەرگە بـەو نێوبانـگ و قوربانیدانـە زۆرەی لەپێنـاو ئـەو ناوچانـەی کـە پێشـتر خەلکەکـەی کەوتبوونـە ژێـر پەلامـاری جیهادییەکانـەوە جیادەکرێنـەوە . هەروەهـا بـەو هەڵسـوکەوتە جوامێرانـە لەئاسـت دانیشـتووانی ئـەم ناوچانـەوە هەیانـە.

قۆناخێکـی گونجـاو بـۆ دامەزراندنـی سـوپای کـوردی لەژێـر سـایەی یـەک هێـزی یەکگرتووی پێشـمەرگە لەهـەردوو هێـزی پارتـی و یەکێتـی سـەریهەڵداوە. هـەردوو سـەرکردەی دیـاری کـورد مەسـعود بارزانـی و جـەلال تاڵەبانـی توانییـان تاڕادەیەکـی زۆر بەسـەر کێشـەیەکی چارەسـەرنەکراودا زاڵـبن و زۆربـەی هێـزەکان لەژێـر سەرپەرشـتی وەزارەتـی پێشـمەرگە و یـەک فەرمانـی وەزارەت کۆبکەنـەوە چ وەک هێـزی سـەربازی و چ وەک هێـزی ئاشـتی.
هـەوڵ بـۆ ئـەوە دەدرێـت ئـەم هێزانـە لـەکاری حیزبـی دووربخرێنـەوە و لەژێـر چاودێـری هێـزی پێشـمەرگەدا یەکبخرێـن و ببنـە بەشـێك لـە بەرژەوەندییـە نەتەوەییـەکان.
سـەبارەت بـە تۆمـار و ناونووسـکردنی هێـزی سـەربازی پێشـمەرگە هـەروەك لەسـەرەوە ئامـاژەم پێکـرد، هەمـوو هاونیشـتمانییەکی عێراقـی دانیشـتووی هەرێمـی کوردسـتان یاخـود ناوچـە جێناکۆکـەکان دەتوانـن بـە ئاسـانی ببنـە سـەرباز لەنـاو ریزەکانـی هێزی پێشـمەرگەدا خزمـەت بکـەن. زۆربـەی زۆری ئەندامانـی پەرلەمـای هەرێمـی کوردسـتان لەگـەڵ ئـەوەن کـە خزمەتـی سـەربازی بکرێتـە زۆری بـۆ ئـەوەی زیاتـر بـە دامەزراوەیـی بکرێـت و ببێتـە سـوپایەکی نەتەوەیـی و نیشـتمانی. جێگـەی ئاماژەپێکردنـە لەکاتـی رووبەڕووبوونـەوە و تێکۆشـان دژی داعـش، چەنـد هێـز و بەتالیۆنێکـی پێشـمەرگە لـە عەرەبـی سـوننە و کـوردە ئێزدییـەکان دروسـتکراون.
لەگـەڵ ئـەوەی تائێسـتا کەموکـوڕی و ناتـەواوی لـە گۆڕینـی پرۆسـەی نانیزامـی و شـەڕی پارتیزانـی سـوپای کوردسـتانی عێـراق بـۆ هێزێکـی چەکـداری مۆدێـرن هەیـە، بـەڵام خەڵکـی هەرێمـی کوردسـتان دەتوانـن بەوپـەڕی بـاوەڕەوە لەسـایەی هێـزی پێشـمەرگەوە سـەیری داهاتـووی کوردسـتان بکـەن.
ئەمـرۆ سـوپای هەرێمـی کوردسـتان لـە زۆر رووەوە لـە سـوپای عێـراق باشـتر و جیاوازتـرە. سـوپای عێـراق لـە هاوینـی 2014 کاتێـك لەبـەر چەنـد هـەزار جیهادییـەك ئـەو هەمـوو چـەك و جبەخانـە گەورەیەیـان فڕێـدا و هەڵاتـن، لێکهەڵوەشـایەوە و چاوترسـاوبوون و

کاریگەریشـیان خستەسـەر بەشـێکی زۆری کوردانـی ناویـەوە بـۆ ئـەوەی بێنـە ریـزی هێزەکانـی پێشـمەرگەوە. جێگـەی ئاماژەپێکردنـە بەشێکیشـیان هـەر لـە نێـو سـوپای عێراقدا مـاون و قارەمانانـە دژبـە جیهادییـەکان دەجەنگـن.
جەنـەڕاڵ ئەنـوەر حەمەئەمیـن، لـە هێـزی ئاسـمانی عێراقـی بـە فڕۆکـەی ئێـف 16 نزیکـەی 150 مووشـەکی ئاراسـتەی داعـش کـردووە. فڕۆکەوانـی کـوردی تەمـەن 31 سـاڵ، خەڵکـی هەولێـرە کـە یەکـەم کـەس بـووە لـە عێـراق کـە فڕۆکـەی مۆدێـل نـوێ و هاوچـەرخ بـە ئاسـماندا هەڵفڕێنێـت. بـۆ ئـەوە لـە ئەمریـکا نزیکـەی پێنـج جـار خولـی بینیـووە. لـە چاوپێکەوتنێکـی رۆژنامەڤانیـدا لەگـەڵ تـۆڕی میدیایـی رووداو دا باسـی توانـا و شـارەزایی خـۆی لەنێـو هێـزی ئاسـمانی عێراقیـدا کـردووە.

بەشـێوەیەکی گشـتی سـەربازانی کـورد بـە بـەرزی ورە، بـەرزی ئاسـتی شـارەزایی شـەڕ، یەکڕیـزی و یەکگرتوویـی، بوێـری و ئامادەییـان بـۆ قوربانیـدان لەپێنـاو سـەرکەوتن بەسـەر دوژمنـدا جیادەکرێنـەوە. هەروەهـا پێشـمەرگە لەکاتـی هـەر هێرشـێکی دووژمنکارانـە بـۆ سـەریان، ئازایانـە بەرگـری لـە نیشـتمان و گەلەکەیـان دەکـەن. دواتـر ئـەوەی پێـوەی سـەربەزرن و مایـەی شـانازییە کـە لـەڕووی بـەرزی ئاسـتی تەسـامح، حـەز و ئـارەزوو بـۆ پێکەوەکارکـردن لەگـەڵ هەمـوو هێـزە ناوخۆیـی و دەرەکییـەکان لـە بەرژەوەنـدی هەمـوو جیهـان و هەرێمـی کوردسـتان، لـە سـوپای عێـراق جیادەکرێنـەوە.
پێشـمەرگە پـەروەردەی دەسـتی پاڵـەوان و سـەرکردەی بزووتنـەوەی رزگاریخـوازی کـورد مـەلا مسـتەفای بارزانییـە و هەوڵـدەدەن لەسـەر سـۆز و وەفـاداری، نەمـری و نەریتـە مەردانەکانـی بەردەوامـبن.
دەتوانیـن وا لێکیبدەینـەوە گشتپرسـی سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان دواییـن هەنـگاوی پراکتیکییـە بـۆ دروسـتکردنی دەوڵەتـی کـوردی و دەشـبێتە هاریـکار بـۆ گەیشـتن بـە هێـزی چەکـداری نیشـتمانی.

■ ستانیسلاڤ، دکتۆرای لە زانستە مێژووییەکان هەیە و توێژەری سەرەکی زانستییە لە سەنتەری ئاسایشی نێودەوڵەتی لە پەیمانگەی جیهانی ئابووری و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان ، واتە ئەکادیمیای زانستی رووسیا.

# سەروەری دەوڵەت و
# هێزە چەکدارەکانی کوردستان

مامەند رۆژە

**بەرایی**

پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان خەریکە بەشێنەیی قۆناخ و وێستگەکانی خۆی تەیدەکات. لەگەڵ ئەمەش هێشتا ئەم پرۆسەیە کرچوکاڵە و کەموکورتی زۆری پێوە دیارە. لێرەدا دەمودەست لەگەڵ ئەو راستییەدا رووبەڕوو دەبینەوە کەوا پرسی پێکەوەنانی دەوڵەت لە کوردستان راستەخەوخۆ پەیوەندی بە رۆحی سەروەری و سەروەریخوازییەوە هەیە کە بەدرێژایی سەدان ساڵە تێکەڵ بە ئەفسانە و رۆحی حەماسەت ئامێزی کورد بووە.

رۆحی سەروەریخوازیش هەمیشە لە لوولەی تفەنگی ئەو جەنگاوەرانەوە خۆی نیشانداوە کە لەپێناو دەستخستنی سەروەری جەنگاون و گیانیان بەختکردووە. ئەم جەنگاوەرانە وەچە بە وەچە بەرگرییان لە خاك و خەڵك كردووە و بوونەتە نوێنگەی ئیرادەی سیاسی بۆ چەسپاندنی سەروەری.

لە نیوەی دووەمی سەدەی پێشووشەوە بە فەرمی ناوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هێزی ئەم جەنگاوەرانە نراوە. بۆیە پێشمەرگە لەگەڵ ناوی کوردستان ئاوێتەبووە و بووە بە دوانەی راستەقینەی. ئەمڕۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەزموونی تێکشاندن و دەرپەراندنی داعشی بەسەرکەوتوویی دەربازکردووە و بووەتە هێزێکی کارامە و جەنگدیدەی پڕ ئەزموون. لێرە رووبەڕووی ئەم پرسیارە دەبینەوە گەلۆ ئەم هێزە دەتوانێ پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت کاملبكات و بەرگری لە سەروەری کوردستان بکات؟

هەروەها دەپرسین گەلۆ سەروەری چییە و بە کەڵکی چیدێت و چۆن دەقۆزرێتەوە؟
دیسان دەپرسین گەلۆ پەیوەندی چەمکی سەروەری بە هێزە چەکدارەکانەوە چییە؟

## سەرورەی چۆن پێناسەدەکرێت؟

سەروەری وەك توخمی سەرەکی پێکهێنەری دەوڵەت، چەندین رەهەندی جۆربەجۆری لێدەکەوێتەوە. هەروەها گەلێك سیفەت و تایبەتمەندی لەخۆدەگرێ کە خوێندنەوە و توێژینەوەیان بۆ پێناسەکردنی بازنەی چەمکسازی دەوڵەت پێویستە. دەشێ تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سەروەری بەوشێوەیەی خوارەوە پۆلێنبکرێن:

یەکەم، سەروەری "دەسەڵاتێکی حقوقی"یە. وشەی دەسەڵات لێرەدا بەواتای سەلاحیەت، نفوز و هێزە. ئەو دەسەڵاتەی کە سەروەری دەقۆزێتەوە، پشت بە بیرۆکەیەکی حقوقی دەبەستێ و لەڕووی چەسپاندنی رێسا حقوقییەکانیشەوە خاوەن سەلاحیەتە، واتە رەوایی رەهای هەیە.

دووەم، سەروەری دەسەڵاتێکی سەرەکییە. واتە دەوڵەت سەروەری خۆی لە هیچ دەسەڵاتێکی دیکە وەرنەگرتووە، وابەستەی هیچ دەسەڵاتێکی لەخۆی باڵاتر نییە و سەروەری بەناوی هیچ دەسەڵاتێکی دیکەوە بەکارناهێنێت. لەمڕووەوە دەوڵەت سەلاحیەتەکان و رێسا قانونییەکانی خۆی بەئیرادەی سەربەستی خۆی دیاریدەکات. بەپێی ئەم دیدە جگە لە سەروەری دەوڵەت ، سەروەری هیچ دەسەڵاتێکی دیکە سەرەکی نییە بەڵکو لاوەکییە.

سێیەم، سەروەری "باڵاترین دەسەڵاتە". ئەمە ئەنجامی ئەو بنەمایەیە کە پێیدەڵێن سەروەری دەسەڵاتی سەرەکییە. کاتێك دەوڵەت سەروەری خۆی دەخەبتێنێ، ئەوە سەر بە هیچ دەسەڵاتێکی لەخۆی بەرزتر نییە. چەندی لەسەرووی خۆیەوە هیچ دەسەڵاتێکی باڵاتر نابینێ، ئەوە لە ناوخۆی وڵاتیشدا هیچ دەسەڵاتێکی رکابەر یاخود تەریبی نییە.

چوارەم، سەروەری "دەسەڵاتێکی بێ قەیدو مەرج"ە، چونکە نە لە دەرەوە هەڵقوڵیوە و نە لە هیچ رێسایەکی پێشتر لەخۆیشیەوە.

وشەی سەروەری سەرەتا لەسەدەی هەڤدەیەمەوە لە ئەوروپا بەکارهێنراوە. لەکاتی ململانێی هێز لەنێوان کڵێسە، پادشا و دەرەبەگەکاندا، سەرەنجام دەرەبەگەکان بوونە هۆی گەڕانەوەی پادشاییە ناوەندییەکان و بەگشتی رێگەیان لەبەردەم پەیدابوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کردووەتەوە. سەرەتا زانای فەرەنسی جان بودان سەبارەت بە دەستەواژەی سەروەری گوتوویەتی "سەروەری بریتییە لەو دەسەڵاتە باڵایەی کە بێئەوەی لەرێگەی قانوونەوە کەمبکرێتەوە، بەسەر دانیشتووانی وڵاتدا دەسەپێندرێت". بەقسەی بودان سەروەری دەسەڵاتێکی بێسنوور و رەهایە. سەروەری تاکە، پارچەناکرێ

و ئاڵوگۆڕیش ناکرێت.
بەوجۆرە پادشاییەکانی ئەوروپا دوای سەرکەوتنیان بەسەر دێرەکاندا نە لەسەرەوەی خۆیان لەدەرەوە و نە لە ناوەوەی وڵاتەکانیان سەروەری هیچ دەسەڵاتێکیان نەپەژراندووە. بۆیە سەدەی هەژدەیەم بووەتە سەدەی سەرخستنی ئازادییەکان. لەوساوە هەمیشە ئەو دروشمە دووبارەکراوەتەوە کە "سەروەری بێ شەرت و مەرج هی میللەتە". ئیتر لەوەوە سەروەری تەنیا بەرگی گۆڕاوە و نێوەرۆکی وەك خۆی ماوەتەوە و لە پادشاوە بۆ خەڵك گوێزراوەتەوە، واتە تەنیا خاوەنی گۆڕیوەتەوە. لە بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ و هاونیشتمانیان کە لەپاش سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسا لە 1789 بڵاوکراوەتەوە، باس لە "سەروەری نەتەوەیی" و "لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان" کراوە. بەوجۆرە سەروەری نەتەوەیی وەك یەکێك لە بنەما سەرەتاییەکانی دەوڵەتی مۆدێرنی لێهاتووە.
سەبارەت بە سەروەری دووجۆر چەمکسازی فەرەنسایی و ئەڵمانی لە ئارادان. بۆچوونی فەرەنسایی ریشەکەی بۆ حقوقی رۆمان دەگەڕێتەوە، بەگوێرەی چەمکی فەرەنسایی: سەروەری توخمێکی زۆرەملی دەوڵەتە. دەوڵەت و سەروەری یەك شتن. سەروەری دەسەڵاتێکی رەهایە کە هیچ هێزێکی باڵاتر و رکابەر قبوڵناکات . چەمکی کلاسیکی ئەڵمانیش پەیوەندی بە پێکهاتی فیدراڵ و کۆنفیدراڵی ئەڵمانەوە هەیە و لەمەوە هەڵقوڵاوە.
ئەم چەمکە بەپێچەوانەی چەمکە فەرەنسییەکە، کەسایەتییەکی رەهای نییە. سەروەری فەرمان و ئیرادەی هەرە باڵایە، بەڵام رەها نییە بەڵکو رێژەییە. لەگەڵ پاراستنی نێوەڕۆکەکەی، دەشێ سنوور و بازنەکانی بەرتەسك یاخود بەرفراوانبکرێتەوە. ئەم نێوەڕۆکەش "سەلاحیەتی سەلاحیەتەکان"ە. واتە بریتییە لەو سەربەستییەی کە دەوڵەت بتوانێ خۆسەری (خۆبەڕێوەبەری) دەوروبەری لەگەڵ ماف و بەرپرسیارێتییەکانی بە ئیرادەی خۆی دابەشبکات. بەوشێوەیە بۆی هەیە بەشێك لە سەروەری خۆی بەدەوروبەری بسپێرێت. ئەو هێزەی کە خاوەن سەربەستییەکی وایە، ئەوە خاوەن سەروەرییە.
بەگوێرەی ئەو بۆچوونە هاوچەرخە تازانەی کە سەبارەت بە سەروەری خراونەتەڕوو: ئەگەر دەوڵەت خاوەن کەسایەتی مەعنەوی و قانونی نەبێ، ئەوە ئەو دەوڵەتە خاوەنی چەمکی سەروەریش نییە کە پەیوەست بە کەسایەتی خودی دەوڵەتەکەیە. بەوجۆرە سەروەری:
بریتییە لەو سەلاحیەتەی کە بابەت و سنوورەکانی دیاریکراوە و لەگەڵ رێسا بابەتییە

قانونییەکانیشدا وێکدێتەوە. واتە سەروەری جگە لە هێزی فیکری قانونی هیچ شتێکی دیکە نییە. بەودووایانەش سەروەری سیاسی و سەروەری قانونی لێك جیاکراونەتەوە. سەروەری سیاسی دەسەڵات پێناسەدەکات و سەروەری قانونیش سەلاحیەتی سەربەستی لەبازنەی ڕێسا حقوقییەکاندا پێدەبەخشێت.

راستییەکەی هیچکات سەروەری دیاردەیەکی ڕەها نەبووە و نییە. لەم سەردەمە تازەیەشدا سەروەری دەوڵەت، بە پێشکەوتنی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤەوە کۆتوبەندکراوە و لەژێر کاریگەری هۆکارە ناوخۆیی و هۆکارە دەرەکیەکانیشدا هەتا دێ سنووردار دەکرێت . لە بواری قانونی نێودەوڵەتیشدا چەمکی سەروەری ڕێك بە هاوتا و هاوواتای چەمکی سەربەخۆیی بەکاردەهێنرێت. ئەمەش دوو مانای هەیە:

یەکەمیان: کاتێك دەوڵەت سەربەخۆیە ئەوە دەسەڵاتی هیچ هێزیکی دیکە قبوڵناکات.

دووەمیان: ئەم سەروەرییەی دەوڵەت سنووردارە و تەنیا بۆی هەیە لە بازنەی سنوورەکانی خۆیدا بیچەسپێنێت. سەروەری دەوڵەتان لە قانونی نێودەوڵەتیدا ڕێگەی بۆ قبوڵکردنی ئەم بنەمایانەی خوارەوە کردووەتەوە:

بنەمای یەکسانی سەروەری دەوڵەتان، بنەمای دەستوەرنەدان لەکاروباری ناوخۆییان، بنەمای سەروەری هەمیشەیی لەبەکارهێنانی سەرچاوە سرووشتییەکان.

بەشێوەی نەریتی دەوڵەتی نەتەوەیی: پشت بە سەروەری دەوڵەت و سەروەری نەتەوەیی دەبەستێت. لە قانونی نێودەوڵەتیشدا ئەمە بە سەربەخۆیی دەوڵەتان لێکدەدرێتەوە. لەگەڵ ئەمەش بەپەرەسەندنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، پەرەسەندنی ڕێکخراوە ناوچەییەکان و ئەو پێشکەوتنانەی لەبواری پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بەجیهانیبوونەوە هاتوونەتەکایەوە، سەروەری ڕەهای دەوڵەت لەناوخۆی وڵات بەهۆی چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤەوە، خەریکە دەبێتە "سەروەری مەرجدار". ئەمە سەربەخۆیی نێودەوڵەتانیشی کردووەتە "وابەستەیی بەرانبەر"ی دەوڵەتان.

لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەش دیسان دەوڵەتەکان یاریزانی سەرەکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانن.

هەروەها بەجیهانیبوونیش کاریگەری لە سەروەری سیاسی و ئابووری وڵاتان کردووە، بەڵام هەر ئەمە نەیتوانیوە سەروەری قانونیان هەڵبوەشێنێتەوە. لەبەرئەوە تائێستاش بنەمای سەروەری نەتەوەیی لە شوێنی خۆیدا ماوەتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە هێزە گەورە سەرمایەداری و ئیمپریالییەکان ئەو هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکیانە کە سەروەری وڵاتان بەرتەسکدەکەن ، لەدژی ئەوانیدیکە دەقۆزنەوە.

ئەو نرخ و بەهایانەشی کە ئەم دەوڵەتانە دەیسەپێنن، لەلایەك لێپرسینەوە لە سیستەم

پێشـدەخات، لەلایەکیدیکەشـەوە خـودی ئـەم چەمکـە پاراسـتنی سـەروەری نەتەوەیـی دەسـتەبەردەکات. واتــە لــە عەرفــەی ســەردەمێکدا دەژیــن کــە ســەروەری نەتەوەیــی لەرێگــەی هــۆکارە ناوخۆیــی و هــۆکارە دەرەکییەکانــەوە هەتــا دێ بازنەکانــی بەرتەنــگ دەبێتـەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەمـەش هێشـتا سـەروەری نەتەوەیـی ئەلتەرناتیڤێکـی وای نییـە و چەمکـی چەمکەکانـە.

**سازوکاری دەسەڵاتی نەتەوەیی**

دەسـەڵات بریتییـە لـە مافـی فەرمانڕەوایـی بەسـەر خـاك و هاونیشـتمانیاندا . ئـەم دەسـەڵاتەش دەبـێ ئـازاد و سـەربەخۆبێ و مـل بـۆ هیـچ دەسـەڵات و هێزێکـی بیانـی دیکە دانەنوێنێـت. دەوڵـەت خـاوەن چەمکـی سـەروەرییە، لەکاتێکـدا حکومـەت سـەرچاوەی سـێ پایـەی حوکمـە، واتـە: دەسـەڵاتی قانونـدان، دادپـەروەری و جێبەجێکـردن. بەوجـۆرە حکومـەت ئـەو دەسـتەیە پێکدەهێنـێ کـە ئـەو گەڵاڵانـە پیـادەدەکات کـە دەوڵـەت بـە سـێ دەسـەڵاتەکەی دەدات.

پەیوەندییەکانـی نێـوان دەوڵـەت و حکومـەت، حکومـەت و هاونیشـتمانیان ، هاونیشـتمانیان لەگـەڵ یەکـتر و سـێ پایـەی دەسـەڵاتیش لەگـەڵ یەکـتر، لـە بەڵگەنامەیەکـی نەتەوەییـدا رێکدەخرێـت کـە پێیدەگوترێـت "دەسـتوور". دەسـتوور پەیمانێکـی کۆمەڵایەتـی یاخـود گرێبەسـتێکە لەنێـوان پایەکانـی حکومـەت و خەڵـك کـە ئـەرك و مافەکانـی هەموولایەکـی تێـدا تۆماردەکرێـت. دەسـتوور چەنـد شـێوەیەکی بـۆ پەسـەندکردن هەیـە:

دەسـتوور هەیـە بەشـێوەی عـورف لەنێـوان دەسـەڵات و هاونیشـتمانیاندا کاری پێدەکرێـت بێئـەوەی هیچـی لـێ نووسرابێـت. دەسـتووریش هەیـە کـە لەلایـەن ئەنجوومەنـی نەتەوەیی یاخـود پەرلەمانـی وڵاتانـەوە دیاریدەکرێـت. هەندێـك نموونـەی دەسـتووریش هـەن کـە شـالیار یاخـود فەرمانـڕەوا بۆخـۆی دیاریـدەکات. باشـترین جـۆری دەسـتووریش ئەوەیـە کـە لـە رێگـەی گشتپرسـییەوە خەڵـك راسـتەوخۆ بۆخۆیـان دەنگـی پێـدەدەن.

دەوڵەتـی سـەربەخۆی نەتەوەیـی رەهەنـدی سیاسـی و سـتوونی وڵاتـە و وەك سـەرخان بـە نوێنەرایەتـی خەڵـك و خـاك ئەرکەکانـی جێبەجێـدەکات. دەوڵـەت لـە سـێ بەشـی سـەرەکی پێکدێت:

یەکـەم، رێکخـراوی دەوڵەتـە کـە لـە دەزگا سیاسـی، ئیـداری، خزمەتگـوزاری و تەکنیکییەکان پێکدێـت و خـۆی لە سـێ دەسـەڵاتی قانوندانـان، دادپـەروەری و جیبەجێکردنـدا دەبینێتەوە. دووەم، فەرمانڕەوایـان کـە لـە رێگـەی دەزگاکانـی دەوڵەتـەوە هێـزی سیاسـی دەچەسـپێنن و ئیرادەیـان بەسـەر هاونیشـتمانیان و فـەزاو شـوێنە جوگرافییەکانـدا دەسـەپێنن.

سـێیەم، قانـون، زاگـۆن، ڕێسـا و ڕێنماییـەکان کـە شـێوەی پیادەکردنـی هێـزی سیاسـی فەرمانڕەوایـان  دیاریدەکـەن.
دەسـەڵاتی نەتەوەیـی لـە دنیـای جیهانگەرایـی ئەمـڕۆدا، بەگوێـرەی پێناسـە کلاسـیکییەکان پێناسـەناکرێت . هەروەهـا لـەوە زیاتریـش بەپێـی دەسـەڵاتی سـەربازی نەتـەوەکان هەڵناسـەنگێندرێت . گەلێـك دەسـەڵاتی سـەربازی هەبـوون کـە هێـزی چەکداری زەوینـی، ئاسـمانی، دەریایـی و ئەتۆمیـان هەبـووە، کەچـی لەبەرئەوەی پشـتیان بە ئیـرادەی نەتەوەیی واتـە دیموکراسـی، سیسـتەمی ئیـداری داینامیـك و ئابـووری تەندروسـت نەبەسـتووە، ئـەوە سـەرنگون بـوون.
ئـەوەی ئێسـتا بـە دەسـەڵاتی نەتەوەیـی دەناسرێـت ، بریتییـە لـە توانـای میللـەت بـۆ پیادەکردنـی ئیـرادەی نەتەوەیـی خـۆی لەنـاوەوە و دەرەوەی سـنوورەکانی. ئەمـەش بـەوە دێتـەدی کـە ئـەو میللەتـە ئامـرازی قانونـی، سیاسـی، ئابـووری و بەتایبەت بەرگری پێویسـتی دەستخسـتبێت . ئـەم دەسـەڵاتە نەتەوەییـەش لەڕێگـەی سیسـتەمی سیاسـی دیموکراتیانـە، ئابـووری پێشـکەوتوو ، هێـزی بەرگـری لێهاتـووەوە بەدیدێـت کـە توانـای دەسـتەبەرکردنی هاوتەرازیـی هێـزی ناوچەیـی پێویسـتی هەبێـت.
دەسـەڵاتی نەتەوەیـی بریتییـە لـە کۆکردنـەوەی ئیـرادەی خەڵـك لـەلای دەوڵـەت کـە بەشـێوەی گواسـتنەوەی هێـزی دەنگدانـی خەڵـك بـۆ دەوڵـەت لەڕێگـەی ئالیەتـی هەڵبژاردنـەوە دێتەکایـەوە. دەسـەڵاتی سیاسـی گرنگتریـن مەرجـی بوونـی دەوڵەتـە کـە لەڕێگـەی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـی کۆمەڵگـەوە پێکدێـت. ئـەم هێـزە لـە ڕێگـەی دەزگاکانـی حکومـەت و لەلایـەن فەرمانڕەوایانەوە بە زۆر شـێوەی جۆربەجـۆر پیادەدەکرێت . دەوڵەتـەکان دەسـەڵاتی سیاسـی بـۆ پاراسـتنی وڵات و گەیشـتن بـە ئامانجـە نەتەوەییـەکان بەکاردەهێنـن . ئەمانـە پێیانوایـە دابینکردنی ئـازادی ، دادگەری کۆمەڵایەتی ، خۆشـگوزەرانی ، ڕێکخسـتنی پەیوەندییەکانـی هاونیشـتمانیان ، دەسـتەبەرکردنی ئاسایشـی نەتەوەیـی و ڕێکخسـتنی پەیوەندییـە نێونەتەوەییـەکان لەپێنـاو بەرژەوەندییـە نەتەوەییەکانـدا ئەرکـی سـەرەکیانە.
 هەمـوو دەوڵەتێکـی نەتەوەیـی هەوڵـدەدا بـە گوێـرەی توانسـتی خەڵـك ، خـاك و سیسـتەمی سیاسـی هێـزی نەتەوەیـی بەرهەمبێنێـت . هەروەهـا تێدەکۆشـن لـە ڕێگـەی پیادەکردنـی سـتراتیژی نەتەوەییـەوە، هێـزی نەتەوەیـی وڵات لەپێنـاو ئامانـج و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانـدا بقۆزنـەوە.
بەپێـی ئـەوەی باسـکرا، دەتوانیـن بێژیـن دەسـەڵاتی نەتەوەیـی ڕاسـتەوخۆ لەلایـەن حکومەتـەوە تەمسیل دەکرێـت . حکومـەت ڕووخسـاری بەرجەسـتەی دەوڵەتـە. حکومـەت

بریتییە لەو دەزگا سیاسیانەی کە لە ئاپۆڕای کارگێڕ و بەڕێوەبەرانی سیاسی وڵات پێکدێت.
ئەم کۆمەڵە یان لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە دیاریدەکرێن، یاخود بۆ خولێکی دیاریکراو هەڵدەبژێردرێن . حکومەت دەستەی بەڕێوەبەرانی سیاسی وڵات دەگرێتەوە کە لە ترۆپکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی سیستەمی حوکمدان.
بەوجۆرە حکومەت ئامرازی راستەوخۆی پیادەکردنی سەروەرییە. حکومەت لە رێگەی وەزارەتەکان ، دەزگا و بەڕێوەبەرێتییەکانییەوە سەروەری ناوخۆیی و دەرەکی خۆی دەچەسپێنێت. وەزارەتەکانیش لەسەر ئاستی محەلی لە رێگەی بەڕێوەبەرایەتییەکانەوە ئەم سەروەرییە بۆ خوارەوە شۆڕدەکەنەوە.
گرنگترین رواڵەتی سەروەری نەتەوەییش بریتییە لە دەسەڵاتی دادوەری و دەزگاکانی ئاسایش و بەرگری، واتە هێزە چەکدارەکان . دەسەڵاتی دادوەری لە رێگەی دیوانی باڵا، دادگای دەستووری و دادگا جۆربەجۆرەکانەوە باڵادەستی دەوڵەت دەستەبەردەکات . کاتێك بەشێوەی راستەوخۆ باسی ئامرازەکانی سەروەری نەتەوەیی دەکەین ، ئەوە بەرەوڕووی چەمکی ئاسایش و ئاسایشی نەتەوەیی دەبینەوە. ئاسایش بە پێناسەیەکی کورت بریتییە لە خۆرزگارکردن لە هەڕەشە زیانبەخشەکان . ئاسایش لەڕووی بابەتییەوە واتای نەهێشتنی هەڕەشە بەرانبەر بە دەسکەوت و بەها خۆماڵییەکان دەدات . واتە کاتێك ئاسایش بەرقەرارە کە چیتر نیگەرانی لەدەستدانی بەها و دەستکەوتەکان لەئارادا نەمێنێت.
ئاسایشی نەتەوەییش بریتییە لە توانایی رەواندنەوەی هەڕەشە دەرەکییەکان کە لە دژی ژیانی سیاسی و نەتەوەیی ناو وڵات دەکرێن . ئاسایشی نەتەوەیی بریتییە لە بوونی هەلومەرجی پاراستنی وڵات لە نفوزی هێزە نەیارەکان.
چەمکی ئاسایش چەندین بەهای نەتەوەیی لەخۆدەگرێت. ئەمانە بریتین لە:
بەرگریکردن لە مانەوەی سیاسی دەوڵەت و خاکی وڵات، دەستەبەرکردنی ئاسایشی تاك و کۆمەڵ، رەخساندنی هەلی پێویست بۆ خۆشگوزەرانی ئابووری ، دابینکردنی هاوئاهەنگی لەنێوان پێکهاتەکانی گەل لە گرووپە ئەتنییەکانەوە بگرە تاوەکو ئایین و ئایینزاکان. ئەم رەهەندانەش بە پلەی یەکەم لەلایەن هێزە چەکدارەکان و دەزگاکانی هەواڵگری و دادگاکانەوە بەدیدێن.
هەروەها لەرێگەی دەزگا ئەمنییەکانیشەوە ئەم باڵادەستییە بەشێوەیەکی راستەوخۆ پیادەدەکرێت. کاتێك ئەمە بۆ ئاستی کرداری ورد دەکەینەوە، ئەوسا رەهەندێك دێتەپێشەوە کە هێزە چەکدارەکان دەینوێنن. ئەم هێزانەش هەر لە هێزەکانی بەرگری

نیشـتمانییەوە (سـوپا) بگـرە تاوەکـو هێزەکانـی ئاسایشـی ناوخـۆ و هێزەکانـی پۆلیـس و دەزگای هەواڵگـری نیشـتمانی بـە پلـەی جۆربەجـۆر هەوڵی سـەپاندنی سـەرورەی نەتەوەیی دەدەن.
ئیـتر ئـەم هێزانـە ئامـرازی راسـتەوخۆ، بەرهەسـت و کاریگـەری پیادەکردنـی سـەروەری دەوڵەتــن کــە لــە رێگــەی چالاکــی جۆربەجــۆرەوە ئامرازەکانــی ســەروەری نەتەوەیــی لەنــاوەوە و لــە دەرەوەی ســنوورەکانی وڵاتــدا تەمســیل دەکــەن.
کەوابــوو ســەروەری نەتەوەیــی لــە دەســتووری وڵاتــەوە دەســتپێدەکات کــە بنەماکانــی دەوڵـەت پێناسـە دەکات . لەوێشـەوە بـە پایەکانـی دەسـەڵات واتـە قانوندانـان، دادوەری و جێبەجێکردنــدا دەربازدەبێــت تاوەکــو دەگاتــە حکومــەت .
حکومتیــش لــە رێگــەی وەزارەت و دەزگا و بەڕێوەبەرایەتییەکانییــەوە ئــەم ســەروەرییە بــۆ ئاســتی قوڵایــی محەلــی شــۆڕدەکاتەوە . لێرەشــەوە رەهەنــدی ئاسایشــی نەتەوەیــی خــۆی نمایشــدەکات . ئاسایشــیش راســتەوخۆ لــە رێگــەی ئامرازەکانــی زەبروزەنگــەوە خـۆی نیشـاندەدات . بۆیـە ئەرکەکـە بەشـێوەی راسـتەوخۆ لـە رێگـەی دەزگای هەواڵگـری نیشـتمانی و هێـزە چەکدارەکانـەوە (هێزەکانـی بەرگـری نیشـتمانی، هێزەکانـی ئاسایشـی ناوخـۆ و هێزەکانــی پۆلیــس) بەرگــی کردەیــی دەپۆشــێت.
واتە یەکەمین و گرنگترین دەزگا کە سەروەری دەچەسپێنێ هێزە چەکدارەکانن.

**هەرێمی کوردستان: سەروەری و هێزە چەکدارەکان**

خوێندنـەوەی چەمکـی سـەروەری لـە هەرێمـی کوردسـتان تارادەیـەك مـرۆڤ رووبـەڕووی گرفتـی میتـۆدی دەکاتـەوە، چونکـە لـە هەرێمـی کوردسـتان دەکـرێ بەپێـی دوو رەهەنـدی ئەرێنـی و نەرێنـی چەمکـی سـەروەری شـیبکرێتەوە. ئێسـتا ئەگـەر لـە دۆخـی هەرێمـی کوردسـتان وردببینـەوە، ئـەوە چەنـد ئەنجامێكـمان بـۆ دەردەكەوێـت:
لـەڕووی ئەرێنییـەوە دەتوانیـن بێژیـن بەڵـێ لە کوردسـتان بەتایبـەت لەم دە ساڵەی دواییدا تاوەکـو دێـت رەهەنـدەکان و ئامڕازەکانـی پیادەکردنـی سـەروەری بـەرەو زیادبـوون دەڕۆن.
هەرێمـی کوردسـتان بەفەرمـی یەکەیەکـی فیدراڵییـە کـە لەنێـو فیدراسـیۆنی عێراقدایـە . کاتێکێـش دۆخەکـەی دەپێویـن، ئـەوە بـەو ئەنجامـە دەگەیـن کـە ئـەوەی لـە کوردسـتان هەیـە سـنوورە باوەکانـی فیدراڵـی دەربـازدەکات و بگـرە سـەر بـۆ کۆنفیدراڵیـش دەکوتێـت!
ئێسـتا هەرێمـی کوردسـتان لەگـەڵ ئـەوەی بـە حیسـاب لەنێـو فیدراڵـی عێراقدایـە، بـەڵام بەکـردەوە زۆربـەی ئـەو دەسـەڵاتانەی بەنیوەچڵـی هـەن کـە دەوڵەتێك هەیەتی . بەشـێوەی

بەرچاو سـەروەری ناوخۆیـی هەیـە و بەردەوامیـش سـەروەری دەرەکیشـی زیـاد دەکات . ئێسـتا دراوی هاوبـەش نەبـێ کـە بەشـێوەیەکی یەکلاییکـەرەوە هەرێمـی کوردسـتان بـە عێراقـەوە دەبەسـتێ، ئـەوە هەرێمـی کوردسـتان کەمتریـن ئامـرازی پێکەوەبەسـتنی لەگـەڵ بەغـدا هەیـە.

هەرێمـی کوردسـتان توخمـە سـەرەکییەکانی بەدەوڵەتبوونـی هەیـە. واتـە خاکـی هەیـە، خەڵکـی هەیـە و بەشـێوەی نیوەچڵیـش سـەروەری هەیـە. هەروەهـا هەرێمـی کوردسـتان بەنیوەچڵیـش بێـت، هەرسـێ پایـە سـەرەکییەکەی دەوڵەتیشـی هـەن: دەسـەڵاتی قانونندانـان (پەرلەمـان)، دەسـەڵاتی دادوەری (دادگاکان) و دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن (حکومـەت).

جا ئەگەر ئاوڕ لە رەهەندە نەرێنییەکانی بدەینەوە، دەتوانین بێژین:

سـەروەری لـە هەرێمـی کوردسـتان سـەروەرییەکی پچڕ - پچڕە. سـەروەرییەکی لێکـترازاوە. لەلایـەك هەرێمـی کوردسـتان هەرچەنـد دەسـەڵاتی کردەیـی بەسـەر خـاك و خەڵکـی ناوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتاندا دەشـکێ، بـەڵام دەسـەڵاتی فەرمـی بەسـەر ئـەو خەڵـك و خاکـەدا ناشـکێت.

ئـەم بەشـە لـە خـاك و خەڵکـی کوردسـتان بەفەرمـی سـەروەری حکومەتـی عێـراق دەیانگرێتـەوە کـە بـە هاوبەشـی لەگەڵ سـەروەری نیوەچڵـی حکومەتی محەلـی پارێزگاکانی نەینـەوا و، سـەلاحەددین ئەگـەر هەیـە لـە ئایندەدا دەسـەڵاتی هەرێمـی کوردسـتان لـەو ناوچانـە رووبـەڕووی تەحـەدای شـێلگیر بکەنـەوە.

ئێسـتا لـەو ناوچانـەدا بەکـردەوە هەسـت بـە جۆرێـك لـە پێکداهەڵپژانـی سـەروەری و ئامرازەکانـی دەسـەڵات دەکـرێ کـە ئەگـەر لـەم سـاڵانەی پێشـماندا بـەلادا نەخرێـت ، ئـەوە وەك بۆمبابەکـی نەتەقیـوە و هەرسـات ئەگـەری تەقینـەوەی دەبێـت، چونکـە سـوپای عێراق و حەشـدی شـەعبی بەڕێـوەن.

حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بەپێـی دەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق، پێگەیەکـی فەرمـی و نیوەجێگیـری هەیـە. هەرێمـی کوردسـتان نیزامێکـی سیاسـی ئاڵۆسـکاوی هەیـە کـە بەشـێنەیی بـەرەو گەشەسـەندنی سیاسـی ملدەنێت. بەپێـی ناسـنامەی فەرمـی، سیسـتەمی سیاسـی هەرێمـی کوردسـتان سیسـتەمێکی کۆمـاری، پەرمانـی و دیموکراتییـە کـە بەشـێك لـە کۆمـاری فیدراڵـی عێـراق پێکدەهێنێـت.

بەکـردەوە هەرێمـی کوردسـتان هێشـتا دیـار نییـە چ جـۆرە سیسـتەمێکی هەیـە و ناتوانـرێ بگوترێـت کـە پێناسـەی سیسـتەمی سیاسـی هەرێمـی کوردسـتان چییـە. بەفەرمـی سیسـتەمێکی پەرلەمانـی و دیموکراتییـە، بـەڵام بەکـردەوە سیسـتەمێکی دووبەنـدی سیاسـییە کـە لەگـەڵ ئـەوەی فرەیـی سیاسـی و فەرهەنگـی دەسـتەبەرکردووە، بـەڵام هێشـتا زۆری

مـاوه بـۆ ئـەوەی دیموکراسـی تێـدا بچەسـپێت.
سیسـتەمی سیاسـی لـە هەرێمـی کوردسـتان سیسـتەمێکی ئاوتۆریتـاری (دەسـەڵاتگەرایی) نەرمـە کـە خەرمانەیـەك لـە فرەیـی سیاسـی - کولتـووری دەوریـداوە. واتە هێشـتا کوردسـتان لــە قۆناخــی گوزەردایــە و پێدەچــێ تاوەکــو دیموکراســییەکی ســەقامگیر وێســتگەیەکی مێژوویـی مابێـت.
لـە هەرێمـی کوردسـتان سـێ توخمـی دەوڵەت واتە خـاك، خەڵـك و سـەروەری بەدیدەکرێن، بـەڵام نیـوەی خـاك و خەڵکەکـەی کێشـەی لەسـەرە. ئەمـە وایکـردووە کە توخمی سـەروەری هەرێمــی کوردســتانیش بەنیوەچڵــی ببیترێــت. هەرەهــا هەرێمــی کوردســتان پایەکانــی دەوڵــەت واتــە دەســەڵاتی قانوندانــان، دەســەڵاتی دادوەری و دەســەڵاتی جێبەجێکردنــی هەیـە، بـەڵام دوو دەسـەڵاتی قانونـدان و دادوەری بەحوکمـی سیسـتەمە سیاسـییەکەی، بـەزۆری لەژێـر کاریگـەری دەسـەڵاتی جێبەجێکردنـدان.
دەسـەڵاتی جێبەجێکردنیـش تائێسـتا لەژێـر هەژموونـی کارای دوو حیزبـی سیاسـیدایە. هەر ئـەم حیزبسـالاریە وایکـردووە کـە ئامرازەکانـی پیادەکردنـی سـەروەریش واتـە هێزەکانـی پێشـمەرگە، هێزەکانـی ئاسایشـی ناوخـۆ و هێزەکانـی پۆلیـس لەگـەڵ دەزگاکانـی هەواڵگـری، لەکۆنترۆڵـی دوو حیزبـی باڵادەسـتدا بـن.
کەوابـوو هێشـتا قۆناخـی قانونسـالاری و دەزگاسـالاری لـە هەرێمـی کوردسـتان زۆری مـاوە. هۆیەکەشـی ئەوەیـە کـە بـۆ نموونـە هێـزە چەکـدارەکان کـە ئامـرازی زەبروزەنگـن و زەبـری رەوا دەنوێنــن و بەزۆریــش رووخســاری ســەرەکی چەســپاندنی ســەروەری نەتەوەییــن، تائێســتاش لــە ململانــێ سیاســییە ناوخۆییەکانــی هەرێمــی کوردســتاندا بێلایــەن نیــن و بەسـوودی لایەنێـك یـان دووان خۆیـان یەکلاییدەکەنـەوە.
هەروەهـا ئـەم هێزانـە تائێسـتاش نەبوونەتـە دەزگای نیشـتمانی کـە سـەر بـە حکومـەت بـن ، بەڵکـو دەزگای حیزبیـن و سـەر بـە دوو حیزبـی سیاسـی باڵادەسـتن. ئـەو دوو حیزبـەش تاوەکـو ئەمـڕۆ ئامادەنیـن هەژموونـی خۆیـان لەسـەر هێـزە چەکـدارەکان کۆتایـی پێبێنـن. کاتێـك ئەمـە نەیێتـەدی ئـەوە چەمکـی سـەروەری لـە هەرێمـی کوردسـتان بـە نوقسـانی لەدایکدەبێـت.
ئــەم نەخۆشــییە ئەوەتــا خەریکــە رۆژئــاوای کوردســتانیش دەگرێتــەوە. لەوێــش لەژێــر بیانــووی ئــەوەی بوونــی دوو هێــزی چەکــدار و فرەیــی ســەربازی بــۆ پرســی نەتەوەیــی مەترسـیدارە و هەمیشـە ئەگـەری شـەڕی ناوخۆیـی دەخولقێنـێ، بەشـێنەیی خەریکـن کـۆی سیسـتەمی سیاسـی دەکەنـە تاکحیزبـی.
هۆیەکەشـی ئەوەیـە بەپێچەوانـەی ئیدیعـای ئـەوان، هێـزە چەکـدارەکان تائێسـتاش بەپێـی

ئایدیۆلۆژیـای تـاك لایەنێکـی سیاسـی باردەهێنرێـن و ئـەم هێزانـە ئەجێنـدای یـەك گرووپـی سیاسـی پیادەدەکـەن و لـە ململانـێ سیاسییەکانیشـدا بێلایـەن نیـن و هـەرکات هەسـت بـە مەترسـی لەسـەر لایەنـە سیاسـییەکەی خۆیـان بکـەن، ئـەوە بەسـوودی ئـەو لایەنـە لـە کـردەوەی تیرۆرکاریـش ناپرینگێنـەوە.
بۆیـە ئەمـڕۆ لـە هەرێمـی کوردسـتان دوو هێـزی پێشـمەرگەی تەریـب، دوو هێزی ئاسایشـی ناوخـۆی تەریـب، دوو هێـزی پۆلیسـی تەریـب و دوو دەزگای هەواڵگـری تەریبـمان هـەن. پرسـەکەش و خەمەکـەش لێـرە ئەوەیـە کـە ئـەم دووبەنـدی و ئـەم هێـزە هاوتەریبانـە زیـان بـە کـۆی سـەروەری هەرێمـی کوردسـتان دەگەیێنـن، چونکـە ئەمـە بەکـردەوە سـەروەری دابەشـدەکات.
لەو رووەوە کێشە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان ئەمانەن:
یەکـەم، هەرێمـی کوردسـتان سـەروەری پچـڕ - پچـڕی هەیـە و ناوچەکانـی بوونەتـە دوو کەرتـی دەرەکـی . بەشـێك لـە کەرتـە دەرەکییەکـەی تائێسـتاش بەفەرمـی لەلایـەن عێراقـەوە کۆنترۆڵدەکرێـت.
دووەم، کەرتـە ناوخۆییەکەشـی بەکـردەوە بەپێـی قەڵشـی جیۆسیاسـی شـەڕی ناوخۆیـی بەسـەر دوو زۆنـی سـەوز و زەرددا دابەشـبووە. ئـەم قەڵشـە لەگـەڵ ئـەوەی ئـەوە چەنـد سـاڵێکە ئیرادەیەکـی تۆکمـە بـۆ نەهێشـتن و یەکخسـتنەوەی هەیـە، بـەڵام هێشـتا وەك خـۆی ماوەتـەوە.
بەمانایەکیـش سـەروەری هەرێمـی کوردسـتان لـەڕووی ناوخۆییشـەوە پارچەبوونێکـی کـزی بەخۆیـەوە دیـوە. ئەمـەش کاریگـەری باڵادەسـتی حیزبـی و شـەڕی ناوخۆییـە کـە پێدەچـێ بەئاسـانی نەسـڕدرێتەوە.
سـێیەم، لـە زۆر ناوچـەی کوردسـتانی دەرەوی هەرێمـی کوردسـتاندا سـەروەری تێکەڵبـووە و هـەم هەرێمـی کوردسـتان دەیـەوێ سـەروەری خـۆی بسـەپێنێ و هـەم عێراقیـش. ئەمـەش گرفتـەکان چەندقـات لەسـەر یەکـتر کەڵەکـەدەکات . سـەروەریش لـە رێگـەی هێـزە چەکدارەکانـەوە دەچەسـپێندرێت.
پێویستە هەرێمی کوردستان لەم بوارانەدا بەشێوەی پەیژەیی هەنگاو بنێت:
یەکـەم، دەبـێ ئەولەویەتـی سـتراتیژی یەکەمـی هەرێمـی کوردسـتان لـەڕووی سـەروەریەوە ئەوەبـێ کـە لـە رێگـەی هێـزە چەکدارەکانـەوە دەسـەڵاتی خـۆی بەسـەر خـاك و خەڵکـی ناوچـە کوردسـتاییەکانی دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان بسـەپێنێ و بیخاتـەوە سـەر قەڵەمـڕەوی خـۆی.
دیـارە ئەمـەش زۆر رێـکاری سیاسـی، دیپلۆماسـی، قانونـی و تەنانـەت سەربازیشـی

دەوێـت. هەروەهـا دەبـێ کۆتایـی بـە زۆنەکانـی زەرد و سـەوز بهێنـێ و یـەك کوردسـتانی خـاوەن سـەروەری یەکپارچـە پێکەوەبنێـت. ئەمـەش بەپلـەی یەکـەم لـە ڕێگـەی هێـزە چەکدارەکانـەوە دەکرێـت.
دووەم، لـە ڕێگـەی هێـزە چەکدارەکانـەوە سـەروەری ناوخۆییـش بسـەپێنێ و کۆتایـی بـە زۆنەکانـی سـەوز و زەرد بهێنێـت.

**کۆبەند: پرۆسەی دەوڵەتسازی و هێزە چەکدارەکان**

ئاینـدەی جیۆپۆلیتیکـی کوردسـتان پەیوەنـدی بـە وەرگۆڕانەکانـی هەرێمـی کوردسـتانەوە هەیـە. تانوپـۆی جیۆسیاسـی گشـت کوردسـتان لـە هـەر لایەکییـەوە بـۆی بنـۆڕی، ئـەوە هەمـووی لـە هەرێمـی کوردسـتان تێکهەڵکێـش دەبنـەوە. بۆیـە لـە هەرێمـی کوردسـتان چ بقەومـێ، ئـەوە بـە ئەرێنـی و نەرێنـی لـە پارچەکانـی کەنـاردا دەنگدەداتـەوە.
یەکێـك لـەو گۆڕانانـەی کـە پێدەچـێ لـە ئاینـدەی نزیکـدا بێتەکایـەوە، پرسـی جاڕدانـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردسـتانە کـە وەك بوومەلەرزەیـەك سەرانسـەری کوردسـتان و تەنانـەت سەرتاسـەری ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتیش دەلەرزێنـێ.
هەرێمـی کوردسـتان پایـەکان و توخمـە پێویسـتەکانی بـۆ جاڕدانـی دەوڵەتـی سـەربەخۆ هەیـە، بـەڵام پێویسـتە ئـەوەش بزانیـن کـە ئـەم توخمانـە نوقسـان و ناتـەواون. لەبەرئـەوە پێویسـتە هەرێمـی کوردسـتان لەئاسـتانەی پرۆسـەی بەدەوڵەتبوونیـدا ئـەم هەنگاوانـەی خـوارەوە بنێـت:
لەڕووی توخمی خاکی دەوڵەتەوە:
هەرێمـی کوردسـتان هێشـتا بەیەکجارەکـی دەسـەڵاتی خـۆی بەسـەر تێکـڕای خاکـی خۆیـدا نەسـەپاندووە. ئەمـەش وایکـردووە کـە لەسـەر بەشـێکی زۆر لـە خاکـی هەرێمـی کوردسـتاندا لەلایـەك کێشـە و ململانێـی جیۆسیاسـی لەسـەر قەڵەمڕەوی هەیـە، لەلایەکیـش بەفەرمـی نیـوەی خاکـی هەرێمـی کوردسـتان ڕووبـەڕووی دووبەنـدی و دووفاقی دەسـەڵات و سـەروەری دەبێتـەوە.
واتـە هـەم دەسـەڵاتی عێراقـی تێیـدا بـرەوی هەیـە و هـەم دەسـەڵاتی کوردسـتانی. ئەمەش بـۆ چەمکـی سـەروەری هەرێمـی کوردسـتان زیانبەخـش دەبـێ و کاریگـەری نەرێنی لەسـەر ئاینـدەی جیۆسیاسـی کوردسـتان دەبێـت. هێـزە چەکـدارەکان ئەمـە یەکلاییدەکەنـەوە و دەبـێ هێـزە چەکـدارەکان بـۆ ئـەم دۆخـە تەیـار و ئامادەبکرێـن.
بۆ ئەمەش پێویستە هەرێمی کوردستان:
- دەبـێ هەمـوو ڕێکارێکـی سیاسـی، دیپلۆماسـی، قانونـی و ئەمنـی بگرێتەبـەر بـۆ ئـەوەی

سـەروەری و دەسـەڵاتی فەرمـی خـۆی لـە ناوچانەکانـی دەرەوەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتاندا بـۆ واقعێکـی جیۆسیاسـی کوردسـتانی بگۆڕێـت. بەتایبـەت لـەم قۆناخـەوە دەبـێ هەرچـی زووتـرە دۆخـی دیفاکتـۆی هێـزی سیاسـی و سـەربازی هەرێمـی کوردسـتان لـە ناوچـە کوردنشـینەکانی کەرکـووك، نەینـەوا و سـەلاحەددین و دیالـە بـۆ دۆخـی دیجـۆر وەربگۆڕێـت.

- دەبـێ حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە ناوخۆیشـیدا هەوڵبـدا هەرچـی زووتـرە کۆتایی بـە زۆنـی زەردو سـەوز بهێنـێ و ئـەو دووکەرتییـەی خـاك بەیەکجارەکـی یەکبخاتـەوە و کۆتایـی بـەو قەڵشـە جیۆسیاسـییە بهێنـێ کـە ئـەوە مـاوەی چەنـدان ساڵە لەنـاو هەرێمـی کوردسـتان هەسـتی پێدەکرێـت . ئەمـەش سـەرەتا بـە یەکخسـتنی هێـزە چەکـدارەکان دەکرێـت.

**لەڕووی توخمی خەڵکی دەوڵەتەوە:**

هەرێمـی کوردسـتان خەڵکیشـی وەك خاکەکـەی دووکـەرت کـراوە. واتـە نیـوەی خەڵکەکـەی لـەو ناوچـە کوردسـتانیانە دەژیـن کـە ئەمـڕۆ لەحاڵەتـی دووفاقـی دەسـەڵاتدان. بەشـێك لـەم دانیشـتووانە کـوردن و بەشـێکی زۆریشـیان عـەرەب، تورکـمان و کریسـتیانن، بـەڵام ئەمانـەش کوردسـتانین.

هەرێمـی کوردسـتان مافـی رەوای خۆیەتـی کـە هەمـوو رێـکارەکان بـۆ یەلاییکردنـەوەی ئـەم قەڵەمـڕەوەی خـۆی بقۆزێتـەوە. پێشـتر ئەوکاتـەی هەلـی رەخسـاو هەبـوو، کەڵـك لەوە وەرنەگیـرا کـە لەتوێـی مـاددەی 58 دەسـتووری کاتیـدا بـەلادا بخرێـت. دواتریـش لەوەتـی ئـەم پرسـە بـە مـاددەی 140 دەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق سـپێردراوە، ئـەوە دەسـتی - دەسـتی پێدەکـرێ و بـە هەڵـواسراوی دەهێڵرێتـەوە.

بۆیـە دەبـێ هێـزە چەکـدارەکان تەیاربکرێـن و لـەم ناوچانـە بڵاوبکرێنـەوە. لەبەرئـەوە لـە قۆناخـی پـاش داعشـدا دەبـێ هەرێمـی کوردسـتان:

یەکـەم – دەبـێ بـە زووتریـن کات لـە ناوچـە رزگارکراوەکانـی ژێـر دەسـتی داعـش، پرسـی نیشـتەجێکردنەوەی ئـاوارەکان یەکلایـی بکرێتـەوە. هەروەهـا پـرۆژە بـۆ ئـەو ناوچانـەش ئامادەبکرێـن کـەوا لەژێـر دەسـتی دەوڵەتـی عێراقـدان وەکـوو: سـەعدیە، نەفتخانـە، مەندەلـی ، بـەدرە و زوڕباتیـە.

دووەم - لەپەنـای کاری گشتپرسـیدا پێویسـتە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بەشـێوەی کردەکـی هەوڵـی بەڕێوەبردنـی ئـەو ناوچانـە بـدات. بـۆ ئەمـەش دەبـێ هـەر لـە دەزگاکانـی پـەروەردە و فێرکردنـەوە بگـرە تاوەکـو رۆشـنبیری، ئەوقـاف و کاروبـاری ئایینـی و سـەربازی، هەڵمەتـی تۆکمەکردنـی ئینتـماو بەسـتنەوەی دانیشـتووانی ئـەم ناوچەیـە بـە هەرێمـی

کوردستانەوە دەسپێبکات. ڕۆڵی پلە یەکەم لێرە لە ئەستۆی هێزە چەکدارەکانە.
سێیەم - دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان زووبەزوو لەم خولەوە بەیەکجاری ئاسەواری کولتووری شەڕی ناوخۆیی بسڕێتەوە کە دانیشتووانی هەرێمی بەسەر دوو ناوچەی زەرد و سەوزدا دابەشکردووە. بۆ ئەمەش پێویستە لەمەوبەدوا دەسەڵاتی دەزگاکانی وەك دەزگای نیشتمانی نەك حیزبی بەسەر هەموو دانیشتووانی خۆیدا بسەپێنێت و هێزە چەکدارەکانی لە ئینتیما و پەروەردەی حیزبی بۆ ئینتیما و پەروەردەی نەتەوەیی بپەڕێنێتەوە.

**لەڕووی توخمی سەروەری دەوڵەتەوە:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ هەوڵبدات کە پرۆسەی دەزگاییکردن بگەیێنێتە لووتکە و لە ڕێگەی ئەم دەزگایانەوە سەروەری خۆی لەو ناوچانەش بچەسپێنێ کە ئەمڕۆ لەدۆخی دووفاقی سەروەری لەنێوان کوردستان و عێراقدا بەسەردەبەن ، وەك ناوچەکانی باشووری شەنگال و باشووری کەرکووك و باشووری خانەقین.
ئەمەش بە پلەی یەکەم بەوە دەکرێت بەڕاستی حکومەت ببێتە حکومەتێکی نیشتمانی و داوودەزگاکانیشی بکرێنە دەزگای نیشتمانی و لە هەژموونی حیزبی رزگاربکرێن . لەمەوە پرسی سەروەری وەك توخمی سەرەکی بەدەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستان بخوێنرێتەوە و لە ڕێگەی دەسەڵاتی دادوەری، قانونگوزاری و جێبەجێکردنەوە چەمکی سەروەری بچەسپێنرێت .
هەروەها دەبێ حکومەت هەوڵبدات ببێتە رووخساری ئەم سەروەرییە و بەکردەوە لە ڕێگەی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی و دەزگاکانییەوە ئەمە بۆ خوارەوە شۆڕبکاتەوە. ئەوجا هێزە چەکدارەکانیش کە ئیتر دەبنە هێزی نیشتمانی بە کردەوە سەروەری لەسەرانسەری قەڵەمڕەوی هەرێمی کوردستاندا دەسەپێنن. بۆیە:
- حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی خۆیدا کۆتایی بە چەمك و پرۆسەی دووفاقیی سەروەری بهێنێ (دووزخورماتوو، سەعدیە، مەندەلی، بەدرە و تاد) و سەروەری لەو ناوچانەدا بچەسپێنێ و هەر پەرچەکردارێکی پێچەوانەش کە بیەوێ ئەم سەروەرییە بڕووشێنێ، بەئالیەتی سیاسی، دیپلۆماسی، قانونی و سەربازی پەکبخات.
- سەروەری تاوەکو ئاستێکی زۆر پەیوەندی بە خواست و ئیرادەی دانیشتووانەوە هەیە کە لەرێی ئالیەتی هەڵبژاردنەوە بە دەستەبژێری سیاسی دەسپێرن کە ئەوان بەناوی خەڵکەوە نوێنەرایەتی ئەم سەروەرییە بکەن. بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵبدات رەزا و قبوڵی هاونیشتمانیانی عەرەب، تورکمان و سوریانی

کوردستان بەدەستبێنێ، چونکە ئەوە زامنی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و دەستەبەرکەری سەقامگیری سیاسییە.

- هێزە چەکدارەکان ئامرازی سەرەکی چەسپاندنی سەروەرین. لەبەرئەوە چەند هێزە چەکدارەکان یەکپارچە بن، ئەوەندەش سەروەری لە کوردستان یەکپارچە و یەکدەست دەبێت. بۆیە پێویستە هێزە چەکدارەکان یەکبخرێنەوە ، بکرێنە هێزی نیشتمانی و بە تەکنۆلۆژیای سەربازی نوێوە تۆکمەبکرێن .

- دەبێ هەرچی زووە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەتەواوی یەکبخرێت، یەکەکانی 70 و 80 نەمێنن، هەرچی زووە کۆتایی بە سوپای نانیزامی دووحیزبی بهێنرێت ، قانونی سەربازگیری زۆرەملێ پیادەبکرێت ، فەرماندە و پێشمەرگە بەساڵاچووەکان خانەنشین بکرێن و ئەوانەی تەمەنی خانەنشینیان نییە، بەڵام توانای کاری سەربازییان نەماوە، وەك هێزی یەدەك دابنرێن و بە نیوە مووچە لە داوودەزگا مەدەنییەکانی سوپادا کاریان پێبکرێت.

- دەبێ پەرلەمانی کوردستان یاسای قەدەخەکردنی هێزی چەکداری حیزبی و گرووپی پەسەندبکات و چەك تەنیا بەدەست دەوڵەتەوە بێت، دەبێ پەرلەمان دەستوەردانی هێزە چەکدارەکان بەسوودی حیزب لە پرۆسەی سیاسیدا قەدەخە بکات و بەتاوانی باڵای ناوزەدبکات، دەبێ هێزە چەکدارەکان بەفەرمی بە نیشتمانی و بە پیشەیی بکرێن و، دەسەڵاتی حیزبەکان و باڵە سیاسییەکان بەسەریاندا کۆتایی پێبهێنرێت

**سەرچاوەکان:**

1 . Attila Ozer، Anayasa Hukuku، Ankara، Turhan Kitabevi، 2003.

2 . Dr. Bulent Ulas، Jeopolitik، Baslik Yayinlari، Birinci Baski، Istanbul، 2011.

3 . Erdogan Tezic، Anayasa Hukuku، 8. Baski، Istanbul، Beta Yayinlari، 2003.

4 . Kemal Gozler، Anayasa Hukuna Giris، Bursa، Ekin Kitabevi Yayinlari، 2001.

5 . Serdar Mutcali، . Recai G. Okandan، Umumi Amme Hukuku: Devletin Dogusu، Pozitif ve Teorik Gelismesi، Unsurlari، Istanbul Universitesi Hukuk Fakultesi Yayinlari No: 250، Fakulteler Matbaasi، 1966.

6. الدكتور محمد عقله المومنی، استراتیجیات سیاسه القوه، دار الكتاب الپقافی، الاردن – اربد.

7. دکتر دره میرحیدر (مهاجرانی)، مبانی جغرافیای سیاسی، جغرافیا، تهران، 1380.
8 .فەرید ئەسەسەرد، جیۆپۆلەتیکی کوردستان، ئەکادیمیای هوشیاری ء پێگەیاندنی کادیران، زنجیرەی هۆشیاری 30، چاپی دووەم، سلێمانی، 2011 .
9 . Huseyin Pazarci، Uluslararasi Hukuk، 4. Baski، Ankara، Turhan Kitabevi، 2006، s. 140.
10 . Huseyin Nail Kubali، Anayasa Hukuku Dersleri: Genel Esasler ve Siyasi Rejimler، Istanbul Universitesi Hukuk Fakultesi Yayini No: 312، Kutulmus Matbaasi، 1969، s. 28. Arapca – Turkce Sozluk، Istanbul، Dagarcik Yayinlari، 1995، s.287. .
11 .دکتر عزت الله عزتی، ژئوپولیتیك در قرن بیست و یکم، چاپ چهارم، سازمان تدوین کتب دانشگاهی (سمت)، تهران، 1390، ص 90 – 91.
12 .الدکتر جزا توفیق گالب، المقومات الجیوبولیتیکیه للامن القومی فی اقلیم کردستان، مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیه، السلیمانیه، 2005، ص 24 26.
13. مامەند رۆژە. چۆن دەبینە دەوڵەت؟ لە بڵاوکراوەکانی شارپرێس، سلێمانی، 2014.
14. گفتوگۆیەك لەگەڵ جەبار یاوەر ئەمینداری وەزارەتی پێشمەرگە، هەولێر، 14 مایسی 2017.
15. گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی لەگەڵ هەڵگورد حیکمەت گوتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگە، هەولێر، 22 ئاگۆستی 2017.

# کاریگەری پێشمەرگە
# لەسەر برەندسازی نەتەوەیی کوردستان

زریان رۆژهەڵاتی

## سەرەتا

هەرچەندە دیپلۆماتەکان وەك رووخسارەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی دەردەکەون، بەڵام لە گەڵ ئەواندا، سەربازەکانیش ئەکتەرێکی گرنگی ئەو مەیدانەن کە هەندێجار دیاردەبن و هەندێجاریش لەپشت پەردە دەمێننەوە.

چەندە دانوستاندن و پەیوەندی ئاراستەی بە رووداوەکانی جیهان داوە، ئەوەندەش "جەنگەکان سیاسەتی دنیایان گۆڕیوە " (Robert Gilpin, 1987) کە تێیدا سەربازەکان رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن. ئەمەش بە ئەندازەیەك بایەخی هەیە کە رۆڵی لە مان و نەمان، گەورە و بچووك بوونی هێز و دەوڵەتاندا گێڕاوە.

هەبوونی شەپۆلەکانی دەوڵەت - نەتەوەسازی، لەدوای جەنگی سی ساڵەی مەزهەبی لە ئەوروپا، دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دوای جەنگی جیهانی دووەم لە دەیەکانی 50 و 60، دواتریش لە دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت کە کۆتایی جەنگی سارد بوو، رۆڵی حاشاهەڵنەگری جەنگ - سوپا لە دەوڵەت و نەتەوەسازیدا دەخاتەڕوو. لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا، هەرچەندە فاکتەری نوێ کاریگەرییان پەیدا کردووە، بەڵام جەنگ - سوپا یان هەبوونی هێزی جەنگاوەر، پێگەی خۆی لە پرۆسەی دەوڵەتسازیدا لەدەستنەداوە. ئەگەر چاوێك بە مێژووی کوردیشدا بخشێنین، بە روونی بۆمان دەردەکەوێت کە هۆکارێکی مانەوەی کوردیش جەنگ و هێزی چەکدارییەکەی بووە. ئەم بابەتە وایدادەنێ کە مانەوەی سیاسییانەی کورد پەیوەندی راستەوخۆی بە جەنگەوە هەیە و پێشمەرگەش دەتوانێ پرۆسەی بەدەوڵەتبوونی سەرخات و برەندسازییەکی نەتەوەیی بۆ کورد بکات. شەڕی دژی تیرۆر و رێککەوتنی سەربازیی لەگەڵ دەوڵەتان کە لەگەڵ رووحییەتی جەنگی مزووری - دەسەڵاتی میری کورددا یەکدەگرێتەوە رۆڵی گرنك لەو

برەندسازییە نەتەوەییەدا دەگێڕن.

## 1- پێگەی کوردستان لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و پێویستی برەندسازی

### 1-1- پێگەی کوردستان

بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی کە پێیانوایە دەمێکی درێژە کورد رۆڵێکی ئەوتۆی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا نەبووە، ئامادەبوونی سیاسی - سەربازیی کورد بەتایبەتی دوای هاتنی ئیسلام، فاکتەرێکی گرنگی گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە کە ئەویش بە سێ جۆر دەرکەوتووە:

یەکەم- جەنگی مزووری و دەسەڵاتی میری

لە قۆناخەکانی دوای هاتنی ئیسلامەوە، کورد زیاتر شەڕیان بۆ دەوڵەت و هێزێکی گەورەتر لەهێزی خۆیان کردووە و بەوجۆرەش لە سایەی رێککەوتنێکەوە درێژەیان بە دەسەڵاتی میریی خۆیان داوە کە دەکرێ بە قۆناخی جەنگی مزووری و دەسەڵاتی میری ناوی ببەین.( مزووری وشەیەکی کۆنی کوردییە بە واتای ئەنجامدانی کارێك لەبەرامبەر وەرگرتنی شتێکدا)، هەرچەندە بەشێکیشیان رەسمیش نەبن ، بەڵام ئەوجۆرە رێککەوتنانە لە رێککەوتنێکی سیاسی - سەبازی نێوان دوولا دەچن. وتە بەنێوبانگەکەی میر بەدرخان کە دەڵێت:" من شای وڵاتم نەك سوڵتانی عوسمانلی"(کریس کۆچێرا، 2011، ل21) نیشانەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەوەی کە ئەم میرنشینانە وەك یەکەیەکی سیاسی بوون. دوایین نموونەی ئەم دەسەڵاتە و یەکە سیاسییە میرییانەیەش، ئەردەڵانییەکان بوون کە تاوەکو 1867درێژەی کێشا. ناکرێ ئەم یەکە سیاسییانەش بە نەبوو لە قەڵەمبدرێن، کە هاوشێوەی دەسەڵات و یەکە سیاسییە میرییەکانی شوێنەکانی دیکەی دنیا بوون. چونکە، بەشێکی زۆری پەلهاوێشتنە سیاسی و سەربازییەکانی ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانی و سەفەوی بەهۆی بەشداری کورد لە جەنگەکاندا بوون. بڵاوبوونەوەی ژمارەیەکی زۆری کوردیش لە سنوورەکانی کۆنی ئەو ئیپمراتۆریانەدا، بەڵگەیە بۆ ئەو رۆڵە سەربازییانەی کورد .

دووەم- قۆناخی راپەڕین و شۆڕش

دوای لەنێوچوونی یەکە سیاسییەکانی کورد، ئیدی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و تاوەکو کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، راپەڕین و شۆڕش، فۆرمی سەرەکی هەبوونی سیاسی - سەربازی کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە و بەوجۆرەش کورد وەك ئەکتەرێك لە سیاسەتی ناوچەکەدا دەوریان هەبووە. کورد لەدژی ئەو دەوڵەتانە

راپەڕیـون کـە خاکیـان لـێ داگیرکـردوون و دەوڵەتانیـش هەوڵـی سـەرکوتکردنی ئەوانیـان داوە. ئـەم پێگەیـەی کـورد، سـوودێکی ئامرازیشـی بـۆ سیاسـەتی دەرەوەی وڵاتـان بەرامبـەر یەکـتر هەبـووە و بەرامبـەر یەکـتر بەکاریانهێنـاوە.

**سێیەم- شۆڕش و شێوەدەوڵەت**

شـۆڕش و نارەزایـی کـورد بەرامبـەر ئـەو دەوڵەتانـەی کـە خاکیـان داگیرکـردوون لـە سـەدەی بیسـتەمەوە بـۆ سـەدەی بیسـتویەکیش درێـژەی کیشـاوە و تائێسـتاش بەردەوامـە. بـەڵام لـە دوایيـن دەیـەی سـەدەی بیسـتەمدا گۆڕانکارییەکـی گـەورە لـە فۆرمـی هەبوونـی سیاسـی کـورد لـە ناوچەکـەدا دروسـتبووە. دەسـەڵاتێکی ئۆتۆنۆمـی کـوردی لـە هەرێمـی کوردسـتان بەرقـەرار بـووە کـە دواتـر لـە 2000کانـدا فۆرمـی فیدرالـی وەرگـرت و ئێسـتاش لـە پرۆسـەی سـەربەخۆییدایە. لەوانەیـە روونکردنـەوەی پێگـەی ئێسـتای هەرێمـی کوردسـتان لـە سیاسـەتی نێودەوڵەتیـدا، وەك ئەکتەرێکـی شـێوەدەوڵەتی راسـتتربێت لـەوەی کـە وەك ئەکتـەری دەوڵەتـی یـان ئەکتـەری نادەوڵەتـی باسـی بکرێـت. پێگـەی هەرێمـی کوردسـتان هاوشـێوەی دەوڵــەت وەك ئەکتــەری سـەرەکی سیاســەتی نێودەوڵەتــی نییــە، بــەڵام لــە ســەرووی پێگــەی ئەکتەرێکــی نادەوڵەتیشــەوەیە، بۆیــە، بەکارهێنانــی دەســتەواژەی شـێوەدەوڵەت گونجاوتـرە. جگـە لـەوە، ئەگـەر جیـاوازی نێـوان دەوڵەتێکـی دیفاکتـۆ و دەوڵەتێکـی دیـژۆر لـە دانپێدانانـی بێـت لەلایـەن دەوڵەتانـی دیکـەوە، ئـەوا دیسـان هەرێمـی کوردسـتان توانایەکـی کەمـتر لـە دەوڵەتێکـی دیفاکتـۆی هەیـە.

**1-2- دەوڵەتی بچووك و برەندسازی**

هەرێمـی کوردسـتان یەکەیەکـی سیاسـی شـێوەدەوڵەتییە کـە تێیـدا خواسـتی سـەربەخۆیی لـە ئارادایـە. بـەڵام ئـەم یەکـە سیاسییە کۆمەڵێـك تەنـگ و چەڵەمـەی سیاسـی - سـەربازی و ئابـووری لەبەردەمدایـە کـە وایکـردووە لانیکـەم لـە ئێسـتادا وەك یەکەیەکـی سیاسـی بچـووك – لاواز دەرکەوێـت.

ئەگــەر بــە پێــوەرە بابەتییەکانــی ریزبەندکردنــی دەوڵەتــان (وەك ژمــارەی دانیشــتووان، رووبـەری خـاك، داهاتـی ناپووختـەی ساڵانە، توانای سـەربازی و سـەرچاوە سرووشـتییەکان... تـاد) سـەیری هەرێمـی کوردسـتان بکەیـن، یـان لـە روانگـەی هەڵسـەنگاندنی رێژەییـەوە تەماشـای بکەیـن، ئەوسـا کوردسـتان وەك یەکەیەکـی سیاسـی بچـووك - لاواز لـە سیاسـەتی نێودەوڵەتــی دەردەکەوێــت کــە پوتانســیەلی گەورەبــوون و بەهێزبوونــی تێدایــە (Çetin Yılmaz, 2008).

گرفتـی رێـڕەوی و گوزەرگایـی، قەیرانـی سیاسـی ناوخۆیـی و کێشـەی ئەتنـی و نـەژادی لەگـەڵ دەوڵەتانـی دراوسـێ و تیـرۆر تواناکانـی هەرێمـی کوردسـتانیان جەڕانـدووە. هەڵبـەت وەك هەمـوو ئەکتەرەکانـی دیکـەی سیاسـەتی نێودەوڵەتـی کـە پێشـتر دەرەتانێکی وایـان نەبـووە، گۆڕانکارییەکانـی دنیـای هاوچـەرخ و پیشـکەوتنی تەکنەلۆژیـای زانیـاری و پەیوەندیکـردن و کەمبوونـەوەی بەربەسـتەکانی بازرگانـی نێودەوڵەتـی و زیاتربوونـی کێشـە هاوبەشـە جیهانییـەکان، دەرفەتەکانـی بـەردەم شـێوەدەوڵەتی کـوردی لـە هەرێمـی کوردسـتانیش زۆرتربـوون. تاوەکـو ئەوکاتـەی کـورد بـە تـەواوی دەسـەڵاتی بەسـەر خـاك و سـامانی وڵاتـی خۆیـدا دەشـکێ و سـەنگی راسـتەقینەی خـۆی لـە پەیوەنـدی و سیاسـەتی نێودەوڵەتیـدا پەیـدادەکات، باشـتروایە پەنـا بـۆ برەندسـازی نەتەوەیـی بەرێـت. هەرچەنـدە برەندسـازی دەسـتەواژەیەکی پەیوەسـت بـە ئابـووری و بـازاڕە، بـەڵام بەودووایيانـە لـە ئەدەبیاتـی سیاسیشـدا جێگـەی خـۆی کردووەتـەوە. هەرێمـی کوردسـتان دەتوانـێ لـەو رووە سیاسـی - سـەربازییانەوە برەندسـازی بـکات کـە لـە ناوچەکـەدا کەمیـان هەیـە و ئـەوەش دەتوانـێ پێگەکـەی لـە سیاسـەتی نێودەوڵەتانـدا خـورت و بەهێزبـکات.

**2- پێشمەرگە و برەندسازیی نەتەوەیی کوردستان**

بەشـداریکردنی هێـزی پیشـمەرگەی کوردسـتان لـە شـەڕی دژی تیـرۆر بەتایبەتـی دوای هاتنـی داعـش، کاریگەرییەکـی زۆری لەسـەر پەیدابوونـی متمانەیەکـی نێودەوڵەتـی بـە جەنگاوەرانـی کـورد وەك هێزێکـی وشـکانی - پیـادەی کاریگـەر لەشـەڕی دژی تیـرۆر دانـاوە . چەندیـن سـەرکردەی وڵاتانـی گـەورەی جیهـان لەشـەڕی دژی تیـرۆردا پەسـنی پێشـمەرگە و جەنگاوەرانـی کوردیـان داوە. کارگەیشـتە ئـەوەی کـە تەنانـەت وەزارەتـی بەرگـری ئەمریـکا پرۆتۆکۆلـی رەسـمی لەگـەڵ وەزارەتـی پیشـمەرگە بـۆ شـەڕی تیـرۆر مۆربـکات.
بـەو پێیـەی کـە تیـرۆر یەکێکە لـە گەورەتریـن کێشـەکانی کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتی لەسـەدەی بیسـتویەکەمدا و چـاوەڕوان ناکرێـت بـە زوویـی کۆتایـی پێبێـت، هەرێمـی کوردسـتان دەتوانـێ دەسـت بـە رۆڵـی پێشـمەرگەوە بگرێـت لـە شـەڕی دژی تیـرۆردا .
رۆیشـتنی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان بـۆ کۆبانـێ چەند پەیوەنـدی بە دۆزێکـی ناوخۆیی کـوردەوە هەبێـت، ئەوەنـدەش دەتوانرێـت وەك نموونەیـەك بـۆ ئامادەیـی جەنـگاوەری کـوردی لەشـەڕی دژی تیـرۆر سـەیربکرێت. ئەگـەر کـورد دەوڵەتـی سـەربەخۆی هەبێـت، ئەوسـا دەتوانـێ بەپێـی رێککەوتنـی سـەربازی لەگـەڵ وڵاتانـدا بەشـداری لەشـەڕی دژی تیـرۆر بـکات و هاوشـێوەی هەندێـك لـە وڵاتـان هێـزی پێشـمەرگە رەوانـەی جەنگـی دژی تیـرۆر بـکات. بـەدەر لـەوەش، هێـزی جەنـگاوەری کـورد دەتوانـێ لـە دابینکردنـی ئاسایشـی

هەندێك لـە وڵاتانیشـدا دەوری هەبـێ و ئـەم بابەتـەش لەگـەڵ رووحیـەی قەومـی کـورددا یەکدەگرێتـەوە. وەك چـۆن لـە قۆناخـی جەنگـی مـزووری و دەسـەڵاتی میریـدا ، کـورد هاوپەیمانییەکـی سیاسـی- سـەربازییان لەگـەڵ دەوڵەتـان دەکـرد، ئێسـتاش دەتوانـن ئـەو ئەزموونانـە بەشـێوەیەکی سـەردەمییانە تاقیبکەنـەوە. ئیئتیلافـی سیاسـی- سـەربازی کـورد لەگـەڵ هێزێکـی سـەرووناوچەیی یـان هێزێکـی ناوچەیـی هـەم بۆ مانـەوە و پێگەی سیاسـی کـورد گرنگـە، هـەم دەتوانـێ کاریگـەری لەسـەر دابینکردنـی بەرژەوەندییەکانـی دەوڵەتـی بەرامبـەر دابنێـت. لێـرەدا نابـێ کـورد لـە روانگەیەکـی سـۆزداری و ئایدیالیسـتییەوە سـەیری ئـەم بابەتـە بـکات. لـە واقیعـی سیاسـەتی نێودەوڵەتیـدا زۆر لـە دەوڵەتـان لەبەرامبـەر رێککەوتنـی بازرگانـی و...تـاد، ئامادەیـی پێشکەشـکردنی خزمەتگـوزاری سـەربازییان بـە وڵاتانـی دیکـە هەبـووە و هەیـە. بـەڵام تاوەکـو ئـەو قۆناخـی دوایـی سـەربەخۆیی کـە کوردسـتان بتوانـێ ئـەو رێککەوتنانـە بـکات، پێویسـتە پێشـمەرگە، وەك ئەکتەرێکـی گرنگـی شـەڕی جیهانـی دژی تیـرۆر جاڕبدرێـت. چونکـە، ئەمـە دەتوانـێ رای گشـتی جیهـان بـۆ رەوایـی مەسـەلەی کـورد بجوڵێنێـت.

**3- گرفتەکانی بەردەم پێشمەرگە بۆ بوونە برەندێکی نەتەوەیی**

هێـزی پیشـمەرگەی کوردسـتان، بەرهەمـی قۆناخـی راپەڕیـن- شۆڕشـی ژیانـی سیاسـی کـورد بـووە و لـە سـەردەمی نوێـدا (سـەردەمی شـێوەدەوڵەتی) بـۆ هێزێکـی نیزامـی و سـوپایی وەك پێویسـتییەکی دەوڵەتـی مۆدێـرن نەگـۆڕاوە. حیزبـە سیاسـییە کاریگەرەکانـی هەرێمـی کوردسـتان زیاتـر حیزبـی ئۆردووگایـی- سـەربازیین و هێشـتا پرۆسـەی جیاکردنـەوەی حیزبی سیاسـی لـە هێـزی چەکـداری سـەرینەگرتووە کـە بەرهەمـی قۆناخـی بەرگـری نەتەوەیـی بـووە. بێگومـان ئەمـە پرۆسـەیەکی درێژخایەنـە و دەسـتبەجێ ناکرێـت. بـەڵام وەك چـۆن دووانـەی دەوڵـەت - سـوپا لـە پرۆسـەی دەوڵەتسـازی نەتەوەییـدا لێـك جیاناکرێنـەوە، پرۆسـەی دروسـتکردنی دەوڵەتی کوردسـتانیش پێویسـتی بە یەکخسـتنی هێزی پیشـمەرگەی کوردسـتان و وەرگۆڕانـی بـۆ سـوپایەکی نیزامـی هەیـە. ئەگـەر وانەبێـت، لەسـەر ئاسـتی ناوخۆیـی و دەرەکیـدا کاریگـەری نیگەتیـڤ دادەنـێ و بـەوەش رێگـە لـەوە دەگیرێـت کـە پێشـمەرگە وەك برەندێکـی نەتەوەیـی کـوردی پێشـبکەوێت.

فرەهێـزی و هەبوونـی هێزی پیشـمەرگەی حیزبەکان رێگـە بۆ پەرتەوازەکردنـی "زەبروزەنگی رەوا" دەکاتـەوە کـە دەبـێ تەنیـا لـە پاوانـی دەوڵـەت - حکومەتـدا بێـت. ئەزموونـی وڵاتان و تەنانـەت هەرێمـی کوردسـتانیش دەریخسـتووە کـە فرەهێـزی و نەبوونـی یەکهێـزی رێگـەی بـۆ دەرکەوتنـی جەنگـی ناوخۆیـی کردووەتـەوە و بـەردەوام پوتانسـیەلی دووبارەبوونـەوەی

جەنگــی ناوخۆیــی لــە هەنــاوی خۆیــدا دەهێڵێتــەوە. نــەك هەرئــەوە، بەڵكــو ڕێگــە بــۆ دەســتوەردانی دەرەكــی لــە كاروبــاری ناوخۆییــش خۆشــدەكات و بــەوەش هێــزی ســەربازی و چەكــداری وڵات لــە ئامرازێكــەوە بــۆ دابینكردنــی ئاســایش و بەرگــری و دروســتكردنی برەندێكــی نەتەوەیــی، بــۆ فاكتەرێكــی نائارامــی و پشــێوی دەگۆڕێــت.
لــەم خشــتەیەدا چەنــد نموونــەی مێــژووی نزیكــی جەنگــی ناوخۆیــی هەندێــك لــە وڵاتــان پیشــاندەدرێت كــە بەهــۆی فرەهێزییــەوە ڕوویانــداوە و هەندێجاریــش دووبــارە بوونەتەوە.

| وڵات/هەرێم | جەنگی ناوخۆیی | لایەنەکان/هێزەکان |
|---|---|---|
| لوبنان | 1990-1975 | فالانژ، جوڵانەوەی ئازادی نەتەوەیی، ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین، حزبوڵا، جوڵانەوەی ئەمەل، سوپای ئیسرائیل و سوریا |
| ڕواندا | 1994 | هۆتۆ، تۆتسی |
| تاجیکستان | 1997-1992 | ئۆپۆزیسیۆنی یەکگرتوو، دەوڵەتی تاجیکستان، دەوڵەتی ئیسلامی ئەفغانستان، تالیبان، ڕوسیا، ئوزبەکستان، سەربازە ئەرمەنییەکان |
| ئەفغانستان | 1996-1992 | دەوڵەتی ئیسلامی ئەفغانستان، شوورای چاودێران، جەمعییەتی ئیسلامی، حەرەکەی ئیسلامی، تەنزیمی دەعوەی ئیسلامی، حزبی ئیسلامی خالس، وەحدەی ئیسلامی، جوڵانەوەی نەتەوەیی –ئیسلامی، حزبی ئیسلامی گولبەدین حکمەتیار، سەرکردەی میلیشیاکانی قەندەهار، تالیبان و... دەسوەردانی ڕوسیا، ئێران و پاکستان |
| عێراق | 2011-2003 | حزبی بەعس، ئەلقاعیدە، جەیشی مەهدی، سوپای ئەمریکا و هاوپەیمانان، سوپای عێراق |
| سوریا | 2017-2011 | سوریا، میلیشیا شیعەکان، ئۆپۆزیسیۆنی سوریا، داعش و گرووپە جیهادییەکان، هێزەکانی سوریای دیموکرات، ئەمریکا، ئێران، ڕوسیا و...تاد. |

بێگومــان، یەكێــك لــە هۆكارەكانــی شــەڕی ناوخۆیــی هەرێمــی كوردســتانیش كــە گرنگترینەكەیــان شــەڕی یەكێتــی - پارتــی بــوو، بــۆ فرەهێــزی چەكــداری دەگەڕێتــەوە كــە دواجــار ڕێگــە بــۆ دروســتكردنی لۆردەكانــی جەنــگ، دەســتوەردانی دەرەكــی و پەكخســتنی پرۆســەی دەوڵــەت - نەتەوەســازی خۆشــدەكات.
هەڵبــەت دەبــێ ئەوەشــمان لــە بیرنەچێــت كــە ئــەو فرەهێزییــە تەنیــا ئەنجامــی خــراپ و نیگەتیڤــی بــۆ كوردســتان نەبــووە، بەڵكــو لایەنــە ئیجابییەكەیشــی ئەوەبــووە كــە جــۆرە پلۆرالیزمێكــی سیاســی لــە ســایەی هەبوونــی هێــزی چەكــداری دوومەرجەعــەوە دروســتبووە كــە دەتوانــێ ســەرئەنجام ڕێگــە بــۆ بەدەزگاییكردنــی دیموكراســی خۆشــبكات. جگــە

لـەوە، مـەرج نییـە یەکخسـتنی هێـزی پیشـمەرگەی کوردسـتان واتـای دوورکەوتنـەوەی لـە سیاسـەت بـدات و یەکێـك لـە کێشـە گریمانەییەکانـی ڕۆڵـی داهاتـووی سـوپا لـە کوردسـتان ئەوەیـە کـە لەوانەیـە لـە ڕێگـەی کودەتـاوە دەسـت لـە سیاسـەتی ناوخۆیـی وەربـدات. سـامویل هانتینگتـۆن پێیوایـە چەنـدەی" سـوپا پیشـەیی بکرێتـەوە، ئەوەنـدەش ڕێگـە بـۆ دوورکەوتنـەوەی لـە سیاسـەت خۆشـدەکرێت". سعیده لگیفیـان، 1388( بـەڵام بـۆ هێزێکـی وەك پێشـمەرگەی کوردسـتان کـە هێشـتا بـە تـەواوی پیشـەیی نەکراوەتـەوە و وەفـاداری سیاسـی لەجیاتـی توانـا و شایسـتەییدا دەوری لـە پلەبەرزکردنـەوەی سـەربازیدا هەیـە، مـەرج نییـە ئـەو ئەنجامـەی بەدواوەبێـت.
ڕۆڵـی سـوپا لـە پاکسـتان، لـە تورکیـا و ڕۆڵـی سـوپای پاسـداران لـە ئێـران و ڕۆڵـی میلیشـیاکان لـە عێـراق و ئەفغانسـتان و ڕۆڵـی سـوپا و کودەتـای سـەربازی لـە سـووریا ، ئـەو بەرچاوروونییەمـان دەداتـێ کـە لـە جوگرافیایەکـی وەك ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا کـە سـوپا و هێـزی چەکـدار ڕۆڵـی حاشـاهەڵنەگری راسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆی لـە سیاسـەتی ناوخۆیـی و دەرەکـی وڵاتانـدا هەیـە، زەحمەتـە پیشـبینی ئـەوە بکەیـن کـە سـوپای گریمانەیـی کوردسـتان دەتوانـێ یەکسـەر لـە سیاسـەت دوورکەوێتـەوە. بێگومـان ئەمـە ناەومکیـن نییـە، بـەڵام لـە باشـترین حاڵەتـدا، پرۆسـەیەکی درێژخایـەن دەبێـت.
بۆیـە بەشـێوەیەکی گشـتی دەتوانیـن بێژیـن کـە یەکخسـتنی هێزی پیشـمەرگەی کوردسـتان، مەرجـی سـەرەکییە بـۆ بنیاتنانـی دەوڵـەت ، بـەڵام دەبـێ ئـەو بەرچاوڕوونییـەش هەبێـت کـە دەتوانـێ گرفـت بـۆ دیموکراسـی دروسـتبکات، ئەگـەر تەگبیـری سیاسـی- ئیـداری دوورخسـتنەوەی سـەرباز لـە سیاسـەت نەگیرێتەبـەر.
یەکێکـی دیکـە لـە گرفتەکانـی بـەردەم برەندسـازی نەتەوەیـی کـورد لـە ڕێگـەی هێـزی پیشـمەرگەوە، بـۆ گرفتـی چـەك و تەکنەلۆژیـای سـەربازی نـوێ دەگەڕێتـەوە کـە کاریگـەری حاشـاهەڵنەگری لەسـەر یەکلاییکردنـەوەی جەنگـەکان هەیـە. لەبەرئـەوەی کـورد دەوڵەتـی نییـە، دەرفەتـی کڕینـی چـەك و پێداویسـتی سـەربازی نوێـی کەمـە. شـەڕی داعـش دەروویەکـی کـردەوە تاوەکـو بڕێکـی سـنووورداری چەکـی دژە تانـك بگاتـە کوردسـتان . بـەڵام هێشـتا چەکـی دژە فڕۆکـە و تەنانـەت چەکـی فـەردی پیشـکەوتووش لـە دەسـتی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتاندا نییـە . " 150 تانکـی نۆژەنکـراوی کـۆن و نزیکـەی 100 زرێپـۆش و 90 چەکـی میـلان و ژمارەیەکـی سـنووورداری چەکـی ناتۆ"(مامەنـد ڕۆژە، 2017) لەبەرامبـەر بڕێکـی زۆری چەکـی رووسـی کـۆن، بەشـی پۆشـتە و پەرداختەکردنـی سـوپایەکی نیزامـی کاریگـەر نـاکات.

## ئەنجام

شـەڕی دژی تیـرۆر- داعـش، کاریگـەری بەرچـاوی هەبـوو لـەوەی کـە پێشـمەرگە وەك برەندێکـی نەتەوەیـی کـوردی دەرکەوێـت. بـەو پێیـەی کـە تیـرۆر کێشـەیەکی گـەورە و گرنگـی سـەدەی بیسـتویەکی مرۆڤایەتییـە، هەرێمـی کوردسـتان دەتوانـێ لەسـەر گەشـەپێدانی پێشـمەرگە وەك برەندێکـی نەتەوەیـی کوردسـتان بـۆ دژایەتیکردنـی تیـرۆر وەبەرهێنـان بـکات. ئەمـە دەرگایەکـە بـۆ خۆپاراسـتن لـە بـەڵای تیـرۆر و دەستخسـتنەوەی پێگـەی سیاسـی - سـەربازی زەوتکـراوی کـورد لـە سیاسـەتی نێودەوڵەتیـدا.

بـۆ ئەمـەش دەبـێ سـەرەتا لـە یەکخسـتنی هێـزی پیشـمەرگەی کوردسـتان و گەشـەپێدان و پیشـەیی کردنییـەوە دەسـتپێبکرێت . هـاوکات لەگـەڵ ئەوەشـدا تەگبیـرە ئیـداری-سیاسـییەکان بگیرێنەبـەر بـۆ ئـەوەی کـە بەهێزکردنـی سـوپا - هێـزی سـەربازی کار لـە پەکخسـتنی پرۆسـەی گەشەسـەندن و دیموکراتیزەکردنـی وڵات نـەکات . بەوجـۆرەش دەتوانـێ پرۆسـەی دەوڵـەت - نەتەوەسـازیی خـۆی سـەربخات.

جگـە لـەوە، لـە دنیایەکـدا کـە تەکنەلۆژیـای سـەربازی چـوار رەهەنـد بووتـەوە و بوارەکانـی وشـکانی، دەریایـی، ئاسـمانی و دنیـای مەجـازی و سـایبیری گرتووەتـەوە، دەبـێ هەرێمـی کوردسـتان زیاتـر بیـر لـە پڕچەککردنـی خـۆی بـکات و باشـترین بـژارەش بـۆ ئەمـە هاوپەیمانـی لەگـەڵ هێزێکـی سـەرووناوچەیی یـان ناوچەییـە.

## سەرچاوەکان


1- کۆچێرا، کریس، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، وەرگێڕانی:حەمەکەریم عارف، چاپی شەشەم، کتێبخانەی ئاوێر، هەولێر، 2011.

2- Robert Gilpin، War and Change in World Politics، re.ed.، Cambridge; Cambridge University Press، 1987.

3- Çetin Yılmaz ، Küçük Devlet Teorisi ve Avrupa Birliği Üyesi، Küçük Devletler، Ankara Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü Avrupa Birliği ve ULuslararasıI Ekonomik İlişkiler Ana Bilim Dalı، Ankara، 2008.

4- لطیفیـان، سـعیده، مداخلـه نظامیـان در سیاسـت خاورمیانـه، فصلنامـه سیاسـت، مجلـه دانشـکده حقـوق و علـوم سیاسـی، دوره39، شـماره4، زمسـتان 1388.

5- مامەند رۆژە، چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڵگورد حیکمەت گوتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگە، 22/8/2017.

# سوپا و نەتەوەسازی

بەهرۆز شوجاعی

## سەرەتا

دوای شەڕی کەنداوی یەکەم لە ساڵی 1991 دا، باشووری کوردستان ڕێبوارییەکی دوورودرێژی بەرەو نەتەوەسازی دەستپێکرد. لە گوتاری سیاسی ئەوکاتدا، بە تایبەت گوتاری سیاسی بەرەی کوردستانیدا، جەخت لەسەر یەکگرتنەوەی نەتەوەیی دەکرا. 26 ساڵ دواتر و پاش شەڕێکی ناوخۆیی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی، هێشتا هێزە سەربازییەکانی کوردستان یەکیاننەگرتووەتەوە.

سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی ئەنتەگراسیۆنی نەتەوەیی بە چەندین شێوە خۆی نیشاندەدات:

یەکەم، ناکۆکی دەستەبژێری سیاسی لەسەر ئاراستەی ئالوگۆڕی سیاسی و لەگەڵیشیدا دابەشکردنی هێز و سەرچاوە ئابوورییەکان لەنێوان زۆنەکانی هەرێمی کوردستاندا. ئەم کێشەیە بووە بناخەی شەڕێکی چەند ساڵە لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

دووەم، هیچ لایەنێك لەم لایەنانە لەسەر دەستنیشانکردن، هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتی سیاسی ڕێکنەکەوتوون. جگە لەوە، شەراکەتێکی راستەقینە لە ئاستی هەرێمی کوردستاندا، دوور لە ئینتیما و وەلائی حسزبی دروستنەبووە. نەبوونی ئەم شەراکەتە بووە هۆکاری سەرەکی کە گرووپە پەراوێزخراوەکان بتوانن خۆیان لەدژی گرووپ/حیزبی دەسەڵاتدار ڕێکبخەن. ئارگومێنتی سەرەکی ئەم گرووپانە ئەوەبووە کە، نەبوونی شەراکەتی راستەقینە بووەتە هۆکار بۆ دروستبوونی دەوڵەتی حیزبی و ئۆتۆریتەر کە پراکتیکی سیاسیان جیاوازی ئەوتۆی لەگەل سیستەم و بیرۆکراسی سیستەمی رابردووی عێراق نییە. ئەم ئۆپۆزیسیۆنە بە هاتنەکایەی چینێکی نێوەڕاست کە بریتین لە گەنج، رۆشنبیر، پسپۆڕ، خوێندکار و کرێکار، لە هەلومەرجی هەنووکەیی ناڕازییە و فراوانتر بووە.

بەڵام ئایا هێزی سەربازی دەتوانێ ناکۆکییە سیاسی و هەرێمییەکان چارەسەربکات

و هەرێمـی کوردسـتان بـەرەو نەتەوەسـازیەکی یەکگرتـوو ببـات؟ لـە ناخیـدا، هێـزی سـەربازی دەزگایەکـە کـە خاوەنـی فەرهەنگێکـی هاوسـۆزی و نرخـی نیشـتمانپەروەرییە و ئـەم کاراکتەرانـە هێـمای ڕێکخراوێکـی بـاڵای دەداتـێ. بۆیـە دەزگای سـەربازی دەتوانـێ زیاتـر لـە هەمـوو دەزگایـەك بیرۆکراسـییەکی بێلایـەن دروسـتبکات. بیرۆکراسـی بێلایـەن وادەکات کـە لـە جەسـتەی سـوپادا گـرژی سیاسـی، ناوچەیـی و ئەتنیکـی کەمـتر ببێـت. بۆیـە هەنـدێ لـە لێکۆڵینڤانانـی ئـەم بـوارە ئاماژەیانکـردووە کـە دەکرێـت هێـزی سـەربازی وەك ئامرازێکـی یەکگرتنـەوە و ئەنتەگراسـیۆنی نەتەوەیـی بەکاربهێنرێـت. بـەڵام دەبـێ پێشـتر ئـەوە دەستنیشـان بکرێـت کـە پێویسـتە کـێ سـوپا کۆنترۆڵبـکات.

**کۆنترۆڵی هێزی سەربازی**

بەگشتی چەندین تیپی جیاوازی میکانیزمی کۆنترۆڵی هێزی سەربازی هەیە:

یەکەمیـان کۆنترۆلـی کەسـی دەسـەلاتگەرا بەسـەر هێزەکەدایـە کـە ئـەو هێـزە لـە دەسـت تاکێکـدا دەبێـت. ئەگـەر کۆنترۆڵـی هێـزی سـەربازی لەدەسـتی حیزبێکـی دەسـەڵاتداردا بێـت، تایپەکـەی دەبێتـە کۆنترۆڵـی ئۆتۆریتـەری حیزبێکـی جەمـاوەری. لـەم تایپـەدا، هێـزی سـەربازی لەهەمبـەر هێـزی پۆلیـس و دەزگا پارامیلیتەرەکانـی دیکـەدا لاوازە. بـەڵام ئەگـەر لـە وڵاتێکـدا بەکارهێنانـی هێـزی سـەربازی لەبـەر بەهێزبوونـی دەزگا دیموکراتییەکانـی دەوڵـەت سـنووردارببێت، ئـەو تایپـە دەبێتـە ململانێـی دیموکراتیانـە.

لـە تایپـی چوارەمـدا هاوپەیمانـی سـیڤیل - سـەربازی دروسـتدەبێت، واتـە هێـزی سـەربازی وەك بلۆکێـك بـۆ پالپشـتی گرووپـی سیاسـی دیاریکـراو کاردەکات. لـەم تایپۆلۆژییـەدا هێـزی سـەربازی دەتوانـێ تەنانـەت حکومەتـی کاتـی دابمەزرێنـێ و تایپۆلۆژیـی پێنجـەم بخولقێنـێ کـە وەك ئۆلیگارشـی سـەربازی پێناسـەکراوە. دەتوانرێـت هێـزی سـەربازی لـە هەرێمـی کوردسـتان، زیاتـر بەپێـی پێوەرەکانـی تایپۆلـۆژی دووەم و چـوارم پێناسـەبکرێت کـە کۆنترۆلـی حیزبـی جەمـاوەری بەسـەریدا زاڵـە و کوالیسـیۆنێکی سـیڤیل - سـەربازی لـە نێوانیانـدا هەیـە. بـەڵام پارادۆکسـێك لـەم نـاوەدا دیـارە، کارکـردی سـەربازی یەکگرتـن و ڕێکخسـتنە، لەکاتێکـدا پراکتیکـی سـبڤیل واتـە هێـزە سیاسـییەکان لـە هەمـوو وڵاتێکـدا - بەپێـی سرووشـتە سیاسـییەکەیان - دەبـێ فرەچەشـن و فـرە ئامانـج بـن. هێـزی سـەربازی بەپێـی دیسـیپلینی سـەربازی و زنجیـرە فەرمانـە هەرەمییـەکان کاردەکات، لەکاتێکـدا هێـزی سـیڤیل زیاتـر لـە پرۆسـەیەکی دیموکراتـی و راوێـژدا پرۆسـەی بڕیارەکانـی جێبەجێـدەکات.

لـە هەمانکاتـدا دەبـێ هیـزی نیزامـی پابەنـدی بڕیارەکانـی هێـزی سیاسـی وڵاتەکـە بێت. لە سیسـتەمی دیموکراتیـدا بەپێـی کۆمەڵێـك ڕێسـای دەستنیشـانکراو، سـیڤیلەکان کۆنترۆلێکـی

ئۆبجەکتیڤیـان لەسـەر هێـزی سـەربازی هەیـە. ئەفسـەرانی سـوپا، لەلایـەن دەوڵەتـەوە دامـەزراون، نـەك لەلایـەن لایەنـە سیاسـییەکانەوە. مۆدێلـی دیموکراتـی لەنێـو جەرگـەی پێکهاتـەی سیاسـیدا سـەریهەڵداوە، نـەك لـە پرۆسـەیەکی مێژوویـدا، بۆیـە ئینتیمایەکـی بەهێـزی بـە جەسـتەی پەرلەمانـی هەیـە و خاوەنـی ئیتیـك و پرۆفێسـیۆنالیزمی سـەربازییە. پرۆسـەی سـەربازگیری لـە مۆدێلـی دیموکراتیـدا نـەك لەبـەر پابەنـدی حیزبیی یـان هەرێمی، بەڵکـو بەپێـی ئینتیـما بـۆ خـودی پیشـەکە بەدیدێـت. پابەندبوونـی هێـزی سـەربازی بـە جەسـتەی سیسـتەمی دیموکراتییـەوە لەسـەر ئـەو گریمانەیەیـە، کـە "هێـزی سـەربازی خـۆی وەك خزمەتـکاری دەوڵەت/حکومـەت ببینێـت". ئەگـەر خزمەتـکاری دەوڵـەت بێـت، ئـەو کاتـە لـە خۆیـدا پارێزڤانـی نەتەوەکەیـە و رۆڵێکـی گرنـگ لـە دروسـتبوونی رۆحـی نەتەوەییـدا دەبینێـت. بـەڵام ئەمـە تەنیـا گریمانەیەکـە کـە دەبـێ بـە وردی تاوتوێبکرێـت.

هێزی سەربازی و ناسنامەی نەتەوە

تیـۆری کلاسـیکی دیموکراسـی رادەگەیێنـێ کـە هێـزی سـەربازی لـە دنیـای سیاسـیدا بـە تـەواوی بێلایەنـە. بـەڵام ئەمـری واقـع نیشـانیداوە کـە هێـزی سـەربازی وەك مـزوور بەکارهێـنراوە کـە زیاتـر پابەنـدە بـە رژێـم یـان حیزبێکـی دەسـەڵاتدارەوە. بۆیـە "دەبـێ هێـزی سـەربازی پابەنـدی فۆرمـی سـەرەتایی دەزگای دیموکراتـی بێـت، تاوەکـو بتوانـێ سیسـتەمەکە بپارێزێـت . تەنانـەت دەتوانـێ هێزێـك بێـت لـە دنیـای کۆمەڵایەتیـدا کـە بـۆ گەشەسـەندنی ئەنتەگراسـیۆنی نەتەوەیی و خـودی وڵاتەکە کاریگەر بێـت." (A. Markovits & F. E. Sysyn، 1989) نەتەوەسـازی پێـش هەمـوو شـتێك کەمکردنـی گرژییەکانـی نێـو کۆمەڵگەیـە. بۆیـە وەك جەیمـز کۆڵمـەن و کارل رۆزنـبرگ (J. Coleman & C Rosenberg، 1967) بـۆی دەچـن "ئیندماجـی نەتەوەیـی دەبـێ هـەم لـە ئاسـتی تەریتۆریال/جۆگرافیـدا بێـت، هـەم لـە ئاسـتی سیاسـیدا". لـە ئاسـتی تەریتۆریـال و ئەرزیـدا، ئەنتەگراسـیۆن و یەکگرتنـەوەی نەتەوەیـی ئاماژە بـە لێکپچـڕان و گرژییـە کولتـووری و هەرێمییـەکان دەکات کـە دەبـێ لـە پرۆسـەیەکی بەردەوامـدا بـەرەو هاوڕەنگکردنـی کۆمەڵگەیەکـی تەریتۆریالـی سیاسـی بـڕوات. مەبەسـت ئـەوە نییـە ببێتـە یـەك کولتـوور، بەڵکـو گرژییەکانـی ناسـنامە هەرێمییـەکان کەمبکرێنـەوە. لـە ئاسـتی سیاسیشـدا، یەکخسـتنەوەی نەتەوەیـی ئامـاژە بـە پڕکردنـەوەی بۆشـایی نێـوان "نوخبـە و جەمـاوەر" دەکات کـە ئامانجـی شـەراکەتی فراوانتری خەلـك لەنێـو پرۆسـەی سیاسـیدایە و لـە هەمانکاتـدا دەبـێ سیسـتەمێکی حیسـاب دانـەوەی نوخبـەی سیاسـی لـە بەرامبـەر خەڵـك بێتەئـاراوە.

بـەڵام ئایـا هێـزی سـەربازی دەتوانـێ ببێتـە ئامرازێـك بـۆ ئەنتەگراسـیۆنی نەتەوەیـی؟ بـۆ ئـەوەی هێـزی سـەربازی لـەو هەڵمەتـەدا سـەرکەوێت، دەبـێ ئەندامانـی بۆچـوون و

ڕەفتارەکەیان بگۆڕن و ڕەفتارە نوێیەکەیان بگوازنەوە نێو کۆمەڵگە . کێ ئەو بەهایانە دەداتە هێزی سەربازی کە بتوانێ کۆمەڵێك هەڵسوکەوت و ئاکاری نوێ بداتە کۆمەڵگە و بەوشێوەیە ڕێگە بۆ ئەنتەگراسیۆنی نەتەوەیی خۆشبکات؟ ئەرکی سەرەکی هێزی سەربازی ئاسایش و ئەمنیەتی نەتەوەییە. بەپێی قوتابخانەی تیۆری نەتەوە، هێزی سەربازی دەبێ وەکو دەزگای ڕاهێنان بۆ بەها نەتەوەیی و نیشتمانییەکان هەڵسوکەوت بکات. بەڵام ئەم ئارگۆمێنتە ئەوکاتە کارا دەبێ کە سیستەمی سەربازگیری یەکسان و موفرەداتی تیۆری یەکسانی پەروەردەیی لە دەزگا پەروەردەییەکانی هێزی سەربازی دا هەبێت، بەتایبەت لەو وڵاتانەدا کە پێکهاتەی ناوچەیی، ئەتنی، ئایینی و زمانی جیاوازیان هەبێت.

مۆریس یانووڤیتز تیۆریستیی سەربازی- کۆمەڵایەتی ئەوە دەستنیشاندەکات کە "هێزی سەربازی دەتوانێ، بە گەشەپێدانی هەستی نەتەوەپەروەری لەناو ئەندامەکانیدا وەك بکەری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی خزمەت بکات." (Janowitz، 1964:82) دینامیکی ناوخۆیی هێزی سەربازی بەشێویەکی سرووشتی هۆمۆجێنکارە و دەکرێ ئەم تایبەتمەندییەی سوپا بگوازرێتەوە بۆ نێو کۆمەڵگە . نەتەوەیەك کە داگیرکراوە یان کۆلۆنیزەکراوە و دەیەوێت پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لەنێو یەکدا هۆمۆجینیزە بکات، دەتوانێ توخمەکانی (عنصر) دەروونی - کۆمەڵایەتی سوپا بۆ یەکێتی نەتەوەیی بەکاربێنێت. ڕاهێنانی سەربازی و کولتووری سوپا جەخت لەسەر ناسنامەی گرووپی دەکاتەوە کە ئەرکێکی پێدراوە و وەك ئامرازی زەبروزەنگی نەتەوە بەکار دەهێنرێت. ئەم ئەرکە، ئەرکێکی تایبەتە کە لەجیاتی ئینتمای هەرێمی/ئەتنی، وەلائی نەتەوەیی لای سەرباز دروستدەکات. لەنێو هێزی سەربازیدا دەرفەتی فراوانتر بۆ مامەڵەی یەکسان هەیە و ئەنجامەکەی دەبێتە ڕادەیەکی بەرزتری وابەستەیی کۆمەڵایەتی، چونکە ئەندامانی هێزی سەربازی کە لە گرووپە جیاجیاکانی کۆمەڵگەوە هاتوون، ئەزموونی یەکڕەنگ وەردەگرن و لە چوارچێوەی نەتەوەییدا بیردەکەنەوە.

یانۆڤیتز (Janowitz، 1964:86) دوو ڕووبەری جیاوازی هێزی سەربازی وەك "بکەری دروستکردنی هەستی ناسنامەی نەتەوەیی" پێناسەدەکات. یەکێکیان سیستەمی سەربازگیری لە هەموو توێژ و ناوچەکانی وڵاتە، ئەوەیدیکەش کاریگەری سوپا وەك بەهایەکی سیمبوولی هێزی نیشتمانی وڵات بۆ خودی خەڵکەکەیە. هێزی پێشمەرگەی کوردستان تائێستا وەك بەشێك لە بەها نەتەوەییەکانی کورد لەلای خەڵك بینراوە، بەڵام نەبوونی سیستەمی سەربازگیری پاش دامەزرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەشداری ئەم هێزە لە شەڕی ناوخۆ و وەلائی حیزبی، لە پرستیژی هێزی پێشمەرگەی

لای خەڵك كەمكردەوە، هەرچەندە پاش شەڕی داعش ئەم پرستیژە تاوەكو رادەیەكی زۆر بەرزبووەوە. هێزی پێشمەرگە سیمبوولێكی حاشا هەڵنەگری نەتەوەی كوردە.

بوونی سوپایەكی یەكدەست هەم لەگەڵ تیۆری"قوتابخانەی نەتەوەیی"، هەم لەگەڵ تیۆری مۆدێرنكردن و هەم لەگەڵ تیۆری ئەنتەگراسیۆنی نەتەوەییدا رێكدەكەوێت، چونكە سوپا وەك قوتابخانەیەك رەفتار دەكات كە سەربازەكانی دوای دەرچوون نە وەك تاكی سەر بە ناوچە/هۆز و گرووپ، بەڵكو وەك هاونیشتمانی بە ئینتیما بۆ نەتەوە هەڵسوكەوت دەكات. بەپێی ئەم تیۆرییە و بەگوێرەی هەلومەرجی شەڕ و ئاشتی لە وڵاتەكەدا، سوپا یارمەتیدەرە بۆ بووژاندنەوەی ئەنتەگراسیۆنی نەتەوەیی.

بۆ ئەوەی سوپا بتوانێ كۆمەڵگە مۆدێرنیزە بكات، دەبێ خۆی لە كۆمەڵگە مۆدێرنتر بێت. بەڵام كێشەكە لەوەدایە، ئەگەر سوپا لە ناخی كۆمەڵگەیەكی لەتلەتكراودا دروستبووبێت، چۆن دەتوانێ ئەو كۆمەڵگەیە لە پارچە - پارچەبوونی هەرێمی، ناوچەیی و خێڵەكی رزگاربكات؟ لە كۆمەڵگەیەك كە وەلائەكان ئاسۆیین (هەرێمی، ناوچەیی، خێلەكی) كارابوونی ئەم تیۆرییە ئەستەمیش نەبێت، تەگەرەی زۆری لەبەردەمدایە. ئینتیمای ئەتنی و هەرێمی خاوەنی دینامیكی خۆیە و بەشێوەیەك لە شێوەكان بۆ ناو سوپاش دەپەڕێتەوە. كێشەكە لە خودی هۆكاری هەبوونی سوپادا سەرهەڵدەدات كە ئەركی پاراستنی نەتەوەیە. بەڵام نەتەوە سوپا كۆنترۆڵ ناكات، ئەوەی سوپا كۆنترۆڵدەكات حكومەت/دەوڵەتە.

پاراستنی نەتەوە ئەوكاتە دەستەبەردەبێ كە بەرژەوەندی نەتەوە و دەوڵەت یەكبگرن. بەڵام دینامیزمە هەرێمی/ئەتنییەكان وادەكەن كە گرووپی هەرێمی/ئەتنی بۆ ناو دەوڵەت بگوازرێنەوە و لەنێو دەوڵەتیشەوە بگوازرێنەوە بۆ نێو سوپا. واتە سوپا بەشێوەیەك لە شێوەكان رووخسارێكی هەرێمی/ناوچەیی/ئەتنی بەخۆیەوە دەگرێت. بۆیە ئەگەر كۆنترۆڵی دەوڵەت/حكومەت لەدەست هەرێم/ناوچە/ئەتنیكێكی وڵاتەكەدا بێت، كۆنترۆڵی سوپاش دەكەوێتەوە دەست هەمان گرووپ. واتە سوپا دەبێتە ئامرازی پاراستنی ئاسایشی ئەو گرووپە نەك ئاسایشی نەتەوەكە.

سینتیا ئێنلۆ C. Enloe، 1980:3دەستنیشانیدەكات كە ئەگەر بەرژەوەندی گرووپ/ئەتنیكێك بۆ ناو سوپا رێگە پەیدابكات، سوپا وەك بكەری ئەنتەگرەكاری نەتەوە سەرناكەوێت. ئەوكات سوپا ناچار دەبێ بەرژەوەندی ئەمنی بەپێی نەخشەی هەرێمی/ئەتنی دابینبكات، چونكە نوخبە و ئەلیتی سیاسی- سەربازی نوێنەرایەتی ئەو گرووپە دەكات. هۆكارێكی زۆر هەیە كە نەخشەی ئەتنی/هەرێمی دەبێتە بەشێك لە دینامیكی سوپا و لە هەندێ هەلومەرجدا تەنانەت بەسەر كۆی كۆمەڵگەدا كاریگەر دەبێت.

لەوبارەوە دۆنالد هۆرۆڤیتز Horowitz، 1985:443 دیاریدەکات کە "سوپا هەم سامانە هەم ئامرازێکە بۆ ناکۆکی ئەتنی/هەرێمی."
هۆرۆڤیتز هەروەها دەڵێ کە "سوپا رەنگدانەوەی دابەشبوونی کۆمەڵگەیە، بۆیە ئەگەر پێکهاتەی سوپا ئاوێنەی پێکهاتەی خودی کۆمەڵگە نەبێت، دابەشبوونی ناو سوپا رەنگێکی سیاسی بەخۆوە دەگرێت". رەنگە سیاسییەکەی لەوێدایە کە حکومەت بۆ هەموارکردنی پێکهاتەی هەرێمی/ئەتنی سوپا دەستتێوەردان لە کاری سوپا دەکات و بەها سەربازییەکان پێشێلدەکات. بەهای سەربازی بەپێی گەورەیی پلە و زنجیرەی ئیداریی فەرمانە، بەڵام دەستتێوەردانی سیاسی لەنێو کاروباری سەربازی دەبێتە یەکەم هەنگاوی تێکدانی سنوورەکانی سیڤیل و سەرباز.
شکاندنی سنووری سیڤیل - سەرباز یەکێك لە هۆکارەکانی سەرەکی سەرنەکەوتنی جەستەی سەربازی و دارمانی بەرە - بەرەی سوپا بووە. لە هەرێمی کوردستان ئەم سنوورە زۆر لێڵترە، کادیری حیزبی زۆر جار لە هەمانکاتدا خاوەنی پلەی سەربازین و بەپێی پابەندیی حیزبی/ناوچەیی هەڵسوکەوت دەکەن. بەڵام ئەگەر بەپێی تیۆری "شکاندنی سنوورەکان"ی هۆرۆڤیتز تەماشای دیاردەکە بکەین، دەبێ بڵێین کە پەیوەندی سەربازی - سیڤیل لەسەر بنەمای دەستتێوەرنەدان دامەزراوە. دەبێ بگوترێت کە ئەگەر بمانەوێ سوپا وەك ئامرازێکی ئەنتەگراسیۆنی سیاسی رەفتار بکات، دەبێ خاوەنی بەهاکانی خۆی بێ و بتوانێ ئەو بەهایانە بگوازێتەوە نێو کۆمەڵگە.
هەروەها ئەم بەهایانە دەبێ لەنێو دەزگای سەربازیدا پێبگەیێنرێن. بەڵام ئەگەر دەستەبژێری سیاسی سنوورەکانی سیڤیل - سەربازی تێپەڕبکات، ئەم پێگەیشتنە کامڵ نابێ و بناخەی بەها سەربازییەکان وەك پرۆفێسیۆنالیزم و بێلایەنی بیرۆکراتیەتی سەربازی هەڵدەوەشێتەوە. کۆمەڵگە دەتوانێ پرفێسیۆنالیزم و بێلایەنی بیرۆکراتی سەربازی بۆ ئەنتەگراسیۆنی سیاسی لەنێو ئەندامەکانیدا کۆپی بکات. ئەگەر بەها پرۆفێسیۆنالە سەربازییەکان لە دەرەوە دەستکاری نەکرێن، سوپا دەتوانێ ببێتە قوتابخانەی نەتەوەکە.
بە بۆچوونی دیەتز Dietz، et al، 2000:14 سێ فاکتەری سەرەکی لەگەڵ یەك بڕیار دەدەن کە ئایا سوپا دەتوانێ وەك ئامرازی ئەنتەگراسیۆنی کۆمەڵایەتی رەفتار بکات یان نا. ئەم فاکتەرانە بریتین لە خودی سوپا، دەوڵەت و چۆنایەتی نەخشەی ئەتنی/هەرێمی وڵاتەکە. ئەم سێ فاکتەرە بەپێی ئاستی مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگە هەڵسوکەوت دەکەن. مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگە ئاماژە بە ئاستی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی - ئابووری دەکات کە گرێدراون بە رادەی گەشەی کەرتی تایبەت، ئابووری فرەبەرهەم و ئاستێکی بەرزی گەشەسەندنی چەمکی هاووڵاتیبوون.

## ئەنجام

ئەگــەر ئــەم فاكتەرانــە بەپێــی هەلومەرجــی هەنووكەیــی كوردســتان هەڵســەنگێنین، بەداخــەوە وێنەیەكــی تاریــك دێتــە بەرچاومــان:
كەرتــی تایبــەت لــە كوردســتان زۆر لــە كەرتــی حكومــی لاوازتــرە. حكومــەت گەورەتریــن كارپێــدەری وڵاتــە. ئابــووری كوردســتان تارادەیەكــی بــەرز تاكبەرهەمییــە و گەشەســەندنی تاوەكــو ئاســتێكی چارەنووســاز گرێــدراوە بــە هەناردەكردنــی ســووتەمەنی كاربۆنــی، واتــە نــەوت. لــەوەش جدیــتر، چەمكــی هاووڵاتیبــوون لەنێــو كۆمەڵگــەدا لاوازە، چونكــە پابەنــدی خەڵــك و تاكــی كۆمەڵگــە زیاتــر بــە حیزبــی و هەرێمــی پێناســە دەكرێــت نــە بــە خــاك و نەتــەوە و نیشــتمان. كۆمەڵگەیەكــی پێشــكەوتوو هــەم بۆشــایی نێــوان نوخبــەی سیاســی و گەلەكــە كەمدەكاتــەوە، هــەم پرۆســەی ئەنتەگراســیۆنی نەتەوەیــی خێراتــر دەكات. چەنــدە ئاســتی پێشــكەوتوویی نوخبــە و گــەل لــە یــەك دوور بێــت، ئەوەنــدە دەرفەتــی ئەنتەگراســیۆنی كۆمەڵایەتــی و نەتەوەیــی كەمدەبێتــەوە. بۆیــە، بۆشــایی نێــوان نوخبــە - جەمــاوەر تەگەرەیەكــی گەورەیــە لــە پێــش ژینگــەی سیاســی و پەیوەندی ســیڤیل - ســەربازی لــە كوردســتان.
دەستنیشــانكردنی ئــەوەی گەلــۆ ســوپا دەتوانــێ ببیتــە ئامرازێــك بــۆ ئەنتەگراســیۆنی نەتەوەیــی، گرێــدراوە بــە هەڵســوكەوتی ســوپا، نوخبــە و دەوڵــەت لەگــەڵ یەكــتری و ئاســتی گەشەســەندنی كۆمەڵگــەی كوردســتان.

## سەرچاوەكان


Coleman J. & Rosenberg C. (1964). Political Parties and National Integration in Africa.: Berkeley: University of California Press.
Markovits A. S. & Sysyn F. E. (1989). Nation Building and the Politics of Nationalism. Cambridge، Massachusetts: Harvard University Press.
Janowitz M. (1964). The Military in the Political Development of New Nations. Chicago: Chicago University Press.
Enloe C. (1980). Ethnic Soldiers: State Security in Divided Societies. Athens: University of Georgia Press.
Horowitz D. (1985). Ethnic Groups in Conflict، Berkeley: University of California Press.
Dietz، H، Jerrod E، and Romani M. (1991). Ethnicity، Integration and the Military. Boulder: Westview Press.

ئەزموونی ئەفغانستان

# پێکهاتی سوپا و ڕۆڵی لە سیاسەتدا

**حیکەمەتوڵلا زەلاند**
ناوەندی لێکۆڵینەوە ستراتیژی و ناوچەییەکان CSRS ـ کابوول

## پێشەکی

سـوپا و چەکـدارەکان لـە زۆربـەی کۆمەڵگـە و وڵاتانـدا ڕۆڵێکـی گرنگیـان لـە گۆڕانکارییـە سیاسـییەکاندا هەیـە. لـەو وڵاتانـەدا کـە کۆمەڵگـەی مەدەنـی و حیزبـە سیاسـییەکان ڕۆڵێکی ئەوتۆیـان نییـە، نەبوونـی ئـەو ناوەندانـە بووەتـە هـۆی بەهێزبوونـی سـوپا لـە گۆڕەپانـی سیاسـەتدا و ئیـتر سـوپا دەبێتـە هێزێکـی ڕێکخراوی سیاسـی. بـەڵام دەسـتتێوەردان و نفووزی سـوپاییەکان لەنێـو سیاسـەتدا لـە وڵاتێکـەوە بـۆ وڵاتێکـی دیکـە و لـە کۆمەڵگەیەکـەوە بـۆ کۆمەڵگەیەکـی دیکـە جیـاوازە. لـە هەنـدێ وڵاتـدا ڕاسـتەوخۆ لـە ڕێگـەی میلیتاریزمـی سـەربازییەوە کـە کتوپـڕ و بـە زەبروزەنـگ دێتـە ئاراوە، دەسـت لـە سیاسـەت وەردەدەن و دێنـە گۆڕەپانـی سیاسـەتەوە. لـە هەندێکـی دیکـەدا کاریگـەری ئـەوان بەشـێوەی نفـووزی ناڕاسـتەوخۆی میلیتاریزمـی ناچەکـداری ـ بەسـەر سیاسـەتمەدارەکاندا یـان بـە پشـتیوانیی ناڕاسـتەوخۆ لـە ڕەوتـە سیاسـییەکاندا بەدیدێـت.
ئەفغانسـتان یەکێکـە لـەو وڵاتانـەی کـە پرۆسـەی دەوڵەتسـازی لـەو وڵاتـە، لـە هەنـدێ بڕگـەی زەمەنیـدا کەوتووەتـە ژێـر هەژموونـی و دەسـتتێوەردانەکانی سـوپاوە. ئـەو وڵاتـە بەتایبەتـی لـە سـەدەی نـۆزدە و بیسـتدا کۆمەڵێـك گۆڕانـی پەیتـا پەیتـای سـەربازی و سیاسـی بەخـۆوە بینیـوە. لەلایەکـی دیکەشـەوە، هێـزە میلیشـیا ئەتنیەکانیـش لـە ڕابـردوودا و تاڕادەیـەك ئێسـتاش لـەو وڵاتـەدا چالاکییـان هـەر هەبـووە و لـە گۆڕانکارییـە سیاسـی و سـەربازییەکاندا ڕۆڵیـان گێـڕاوە.
لـەم وتـارەدا، لـە پێشـدا کورتـە مێـژوو یـان کورتـە پێشـینەیەکی سـوپای ئەفغانسـتان خراوەتـەڕوو و ئینجـا لـەڕووی پێکهاتـەی هێـزە چەکـدارەکان و بەتایبەتـی سـوپای ئـەو

وڵاتـەوە، تیشـکخراوەتە سـەر رۆڵـی سـوپا لـە سیاسـەتدا و پێکهاتـەی هێـزە میلیشـاکان و لەگـەڵ ئەوەشـدا خاڵـە ئەرێنـی و نەرێنییەکانـی کاریگەرییەکەیانیـش لـە حوکمڕانیـی ئەفغانسـتاندا باسـکراوە.

**رابردووی سوپا لە ئەفغانستاندا**

ئەفغانسـتان وڵاتێکـی خێڵەکییـە و بەدرێژایـی مێـژوو سـوپای ئـەو وڵاتـە زیاتـر بـە شـێوازی ئەتنیکـی و ناڕێـك پێکدەهێـنرا و بـۆ بەرگـری لـە وڵاتەکەیـان کاری پێدەکـرا. ئـەو سـوپایە تاوەکـو سـەردەمی تەیموورشـای دارانـی، سـوپایەکی بەرگـری و پەلامـاردەر بـوو و پـاش شـازەمان، سـوپایەکی بەرگریکـەر بـووە.

بـۆ یەکەمجـار لـە سـەدەی هەژدەیەمـدا بـوو کـە میروەیـس خانـی هۆتـەك، سـوپایەکی رێکوپێکـی ئەتنـی دروسـتکرد. ئـەو سـوپایە بـە فەرماندەیـی میروەیـس نیکـە (1709 ـ 1715) بەرەنـگاری لەشـکری ئێـران بـووەوە. پاشـان سـوپای رێکوپێکـی ئەفغانسـتان کـە تـۆپ و تۆپچـی هەبـوو و لـە سـوارچاك و پیـادە پێکهاتبـوو، لـە سـاڵانی 1747 و 1772دا و لەسـەردەمی پاشـایەتی ئەحمەدشـای دەرانیـدا پێکهێنرا و بە سـوپایەکی بەهێـزی نەتەوەیی ، بناخـەی حکومەتێکـی سـەقامگیر و کـۆك و پۆشـتەی دامەزرانـد. بـەڵام لەشـکرە بەهێزەکـەی ئەحمـەد شـای دەرانـی پـاش مەرگـی ئـەو، بـووە چەنـد بـەش و لەلایـەن کوڕەکانییـەوە بـۆ شـەڕە ناوخۆییـەکان بەکارهێـنران.

دواتـر ئەمیـر دۆسـت محەممـەد خـان لەسـەردەمی دووەمـی ئەمارەتەکـەی خۆیـدا 1804–1861) سـوپایەکی رێکوپێکـی دامەزرانـد کـە ژمـارەی لـە 30 هـەزار کـەس تێنەدەپـەڕی.

پـاش میـر دۆسـت محەممـەد خـان لەسـەردەمی ئەمیر شـێرعەلی خانـدا، بنەمای سـوپایەکی رێکوپێـك و بـەردەوام دانـرا کـە ئەندامەکانـی مەشـقی سـەربازییان پێدەکـرا و یۆنیفۆرمـی سەربازییشـیان لەبەرکـرا و لەسـەر یـەك 50 هـەزار کـەس دەبـوو. پـاش میرنشـینەکەی میـر شـێرعەلی خـان، میـر عەبدولڕەحـمان خـان لـە سـاڵی 1880ـدا قۆڵـی بـۆ پێکهێنانـی سـوپایەکی هەمیشـەیی هەڵماڵـی و سـێیەمین سـوپای رێکوپێکـی ئەفغانسـتانی دامەزرانـد. لەسـەر یـەك، سـوپاکەی میـر عەبدولڕەحـمان خـان، لـە 88400 سـەربازی پیـادە و هێـزی سـوارچاك و هێـزی تۆپخانـە و پاسـەوانی دەربـاری پادشـایەتی پێکهاتبـوو. ئـەو سـوپایە لەسـەردەمی میـر حەبیبوڵـڵا خـان و میـر ئەمانوڵـڵا خانـدا بەهێزتـر و تۆکمەتـر و پۆشـتەتر کـرا. بەتایبەتـی هێـزی ئاسـمانیی ئەفغانسـتان لەسـاڵی 1924 لەسـەردەمی حوکمڕانـی ئەمانوڵڵاخانـدا دامـەزرا و بـۆ مەشـق و راهێنانیشـیان شـارەزا و لێزانـی تـورك و ئەڵمانییـان بـۆ گرتـن و چەکـی نوێیـان بـۆ دابینکـردن. پـاش رووخانـی تەختـی پاشـایەتی ئەمانوڵڵاخـان،

قۆناخێكـی ئاڵـۆزی و پشـێوی لـە وڵاتەكـەدا دروسـتبوو و سـوپاكەش لەنێوچـوو.
پـاش پاشـایەتییەكەی میـر ئەمانوڵـڵا خـان، ئـەو سـوپایە لەسـەردەمی محەممـەد نادرخانـدا دامەزرابـوو و لەسـەردەمی محەممـەد زاهیـر شـا و سـەردار محەممـەد داوددا تاوەكـو هێرشـی سـۆڤیەتی جـاران بـۆ سـەر خاكـی ئەفغانسـتان خەریكبـوو پێشـڕەوی دەكـرد، بـەڵام لەگـەڵ سـەركەوتنی "موجاهیدیـن" لەنێوچـوو و تاقمەكانـی موجاهیدیـن بۆخۆیـان ڕێكخسـتنی سـەربازی و ئیـداری و ئەتنـی خۆیانیـان هەبـوو. هـەر بۆیـەش لەگـەڵ هاتنـە سـەركاری حكومەتـی موجاهیدیـن و بـەدوای ئەوانیشـدا تاڵیبـان لـە ئەفغانسـتان، ئـەو وڵاتـە بـووە خاوەنـی هێزێكـی چەكـداری نارێكوپێـك.
پـاش هێرشـەكەی ئەمریـكا بۆسـەر ئەفغانسـتان و رووخانـی حكومەتـی تاڵیبـان، حكومەتێكـی نـوێ بـە رێبەرایەتـی حامیـد كـەرزای دامەزرێنـدرا و سـوپایەكی نیشـتمانی تـازەش لـە دیسـەمبەری 2002 دا بـە ئەمـری سـەرۆككۆمار كـەرزای و بـە هـاوكاری ویلایەتـە یەكگرتـووەكان دروسـتكرا كـە بـە سـوپای فەرمـی ئەفغانسـتان و بەشـێك لـە هێـزە چەكدارەكانـی ئـەو وڵاتـە لەقەڵەمدەدرێـت.

**پێكهاتەی ئێستای سوپای ئەفغانستان**

هێـزە ئەمنییەكانـی ئەفغانسـتان، بریتیـن لـە: "لەشـكری نیشـتمانی، پۆلیسـی نیشـتمانی، پۆلیسـی سـنوورپارێز، پۆلیسـی ناوچەیـی و هێـزە تەناهییەكانـی نیشـتمانی، كـە ئـەوی هەرە متمانەپێكراویـان لەشـكری نیشـتمانی ئەفغانسـتانە. لـە سـاڵی 2015م ژمـارەی هێزەكانـی پۆلیـس لـە ئەفغانسـتان 175 هـەزار كـەس و لەشـكری نیشـتمانیش 195 هـەزار سـەرباز بـوو كـە لەسـەر یـەك سـەربازی لەشـكر و پۆلیـس ژمارەیـان دەگەیشـتە 352000 كـەس. 30000 پۆلیسـی ناوچەییـش شـان بـە شـانیان خەریكـی چالاكـی سـەربازی بـوون.
لەسـەر یـەك، هێـزە چەكدارەكانـی ئەفغانسـتان لەژێـر فەرماندەیـی سـەرۆككۆمار و بـە دیاریكراوییـش سـوپای نیشـتمانی لەژێـر فەرماندەیـی وەزیـری بەرگریـی ئـەو وڵاتـەدا خزمـەت و چالاكـی دەكـەن كـە ئەركانـی سـوپا، بەشـی هـەرە گرنـگ و چالاكـی وەزارەتـی بەرگریشـە. ئێسـتا فەرماندەییـە بنەڕەتییەكانـی لەشـكری ئەفغانسـتان لـە شـەش لەشـكری زەوینـی و قۆڵێكـی لەشـكری هێـزە ئاسـمانییەكان پێكهاتـووە.

1- لەشكری 201 سیلاب لغمان
2- لەشكری 203 تندر گردیز

3- لەشکری 205 اتل قندهار
4- لەشکری 207 ڤفر هرات
5- لەشکری 209 شاهین مزار شریف
6- لەشکری 215 میوند هلمند
7- لەشکری ئاسمانی

هێـزی ئاسـمانیش یەکێـك لـە لقـە سـەرەکییەکانی سـوپای ئەفغانسـتانە و سـاڵی 2015 ژمارەیـان لەسـەر یـەك دەگەیشـتە 6600 کـەس کـە 55 کەسـیان ژنبـوون. هێـزی ئاسـمانی ئەفغانسـتان 161 فڕۆکـەوان و 91 فڕۆکـەی جۆراوجـۆری هەیـە کـە 49 دانەیـان تەنیـا هێلـی کۆپتـەری Mi-17 ەن. سـوپای ئەفغانسـتان تاوەکـو پێـش رووخانـی ئـەو حکومەتـەی یەکێتی سـۆڤیەت پشـتیوانی لێدەکـرد، نزیکـەی 500 فڕۆکـە و کۆپتـەری هێرشـبەری هەبـوو. بـەڵام لـە سـاڵانی شـەڕە ناوخۆییەکانـی ئەفغانسـتاندا، دەکـرێ بڵێیـن هەموویـان یـان بەهـۆی پێڕانەگەیشـتن لـە بـواری تەکینکییـەوە یـان لـە ململانێیەکانـی شـەڕی ناوخـۆدا لەنێوچـوون. سـاڵی 2015 ، 780 ژن لــە هێــزی "ئاســمانی و زەوینــی"دا خەریکــی چالاکــی و مەشــقی سـەربازی بـوون کـە لـە سـەتا یـەك کەمـتری هەمـوو سـەربازەکانی لەشـکرەکەیان پێکدێنـن و زۆربەشــیان بــە پلــەی "ســەرباز" خزمــەت دەکــەن. هــۆکارە بنەڕەتییەکــەی کەمبوونــی ژنــان لــە ریــزی لەشــکری ئەفغانســتاندا دەگەڕێتــەوە بــۆ فاکتــەر و هــۆکارە کولتــووری و ئایینییەکانــی نێــو کۆمەڵگــەی ئەفغانســتان کــە خێزانەکانیــان ڕێگــە نــادەن ژنیــان لەگــەڵ گرووپێکــی گــەورەی پیــاوان خەریکــی کار و چالاکــی بــن.
لـە ناوەنـدی ویلایەتەکانـدا 36 فەرماندەیـی دانـراون بـۆ راکێشـانی ئـەو کەسـانەی مەرجـی پێویسـتیان بـۆ بەشـداری لـە لەشـکری نیشـتمانیدا هەیـە و دەیانـەوێ خۆبەخشـانە ببنـە سـەرباز. خۆبەخشـەکان پـاش ئـەوەی فـۆرم پڕدەکەنـەوە و متمانەیـان پێدەکرێـت ، لـە یەکێك لـە ناوەندەکانـی راهێنـان و فێرکردنـی لەشـکری نیشـتمانیدا بـۆ مەشـقی سـەربازی رێکدەخرێــن. بــۆ راهێنانــی درێژخایەنــی ســەربازە ئەفغانییــەکان، کۆمەڵێــك ناوەنــدی فێـرکاری سـەربازی دروسـتکراون کـە گرنگترینەکەیـان ئاکادیمـی سـەربازیی کابولـە، بـەڵام ئێسـتا زۆربـەی سـەربازە پلەپێدراوەکانـی لەشـکری ئەفغانسـتان لەڕێگەی بەرنامـەی راهێنان و فێـرکاری کورتخایـەن و مامناوەنـدەوە هاتوونەتـە نێـو ریزەکانـی لەشـکری ئەفغانسـتانەوە و ژمـارەی ئـەو کەسـانەی پـاش تێپەڕاندنـی مەشـق و راهێنانـی درێژخایـەن هاتوونەتـە نێـو ریـزی لەشـکرەوە کەمـترن.

| پەیکەری سوپای نیشتمانی ئەفغانستان | |
| --- | --- |
| کۆی هێزەکانی سوپا | 195000 |
| ناوەندە گەورەکانی فەرماندەیی هێزی زەوینی | 6 |
| کۆی سەربازە ژنەکان ژمارەی هێزی ئاسمانی | 780 |
| ژمارەی ژنان لە هێزی ئاسمانیدا | 556600 |
| ژمارەی فڕۆکەوانەکان | 161 |

### ڕۆڵی سوپا لە سیاسەتدا

سوپاکان زیاتر بەبێ لەبەرچاوگرتنی شێوەی سیستەم و ڕەوتە سیاسی و ئەتنییەکان بۆ بەرگری لە وڵاتێك و دابینکردنی تەناهی ئەو وڵاتە دروستدەکرێن، بەڵام بەو حاڵەشەوە لە هەندێ وڵاتاندا بەتایبەتی لە وڵاتانی ئەفریقایی - ئاسیایی و باشووری ئاسیادا سوپا بەشدارییەکی چالاکانە و بنەڕەتی لە سیاسەتی ئەو وڵاتانەدا هەیە.

دەستتێوەردان و هەژموونی سوپاییەکان لە سیاسەتدا، دیاردەیەکی جیهانییە، بەڵام دوو ڕوانگەی جیاواز لەو بوارەدا هەن: بەپێی ڕوانگەی یەکەم: سوپا بەو ئامرازانەی بەدەستیەوەیەتی، باشتر دەتوانێ پێشی پشێوی و ئاڵۆزییەکان بگرێت و پێیانوایە بەشداربوونیان لە سیاسەتدا بە قازانجی وڵاتەکەیە، بەڵام ڕوانگەی دووەم ئەو بەشدارییە بەزیان دەبینێت. لەسەر بنەمای ئەم ڕوانگەیە، سوپا لە هەندێ کاتدا حکومەتەکان دەکاتە سیستەمێکی دیکتاتۆری و لەو کۆمەڵگەیانەدا ئیتر شتێك بەناوی خەڵکسالاری (دیموکراسی) لە گۆڕێ نییە. لەلایەکی دیکەوە لەبەرئەوەی سوپاییەکان بۆ بەڕێوەبردن و هەڵسوڕاندنی کۆمەڵگە، پسپۆڕی و توانای تەکنیکی پێویستیان نییە، ناتوانن وڵاتەکە بەرەو سەقامگیری بەرن. دەستتێوەردانی سوپاییەکان لە سیاسەتدا کاتێك بە تەوژمتر دەبێ کە کێشەی ناوخۆیی بەرۆکی وڵاتەکان دەگرێ و ناسەقامگیری بێزاریان دەکات. سوپای ئەفغانستانیش لە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەدا ڕۆڵی هەبووە. لە سەردەمی جەنگی سارددا، ڕۆڵی سوپا لە کودەتاکاندا ڕوون و بەرچاوبووە کە دەتوانین کودەتاکانی ساڵانی 1973 و 1978 وەك نموونە باس بکەین.

یەکەم کودەتای سوپای ئەفغانستان کە بە کودەتای 26ی سەرەتانی 1352ی هەتاوی بەنێوبانگە و دەکەوێتە 17ی جولای 1973 کە محەممەد داودخان کودەتای بەسەر پادشایەتی محەممەد زاهیرشای ئامۆزایدا کرد و کۆتایی بە سیستەمی پادشایەتی و پادشایی مەشرووتە لە ئەفغانستاندا هێنا. ئەو کودەتایە سەرچاوەکەی لە لێخستنی محەممەد داودخاندایە لە پۆستی سەرۆکایەتی لەساڵی 1962 و محەممەد داودخان

بۆ گەیشتن بە دەسەڵات دەستەوداوێنی هێزە چەکدارەکان بوو و ئاخرییەکەی پاش دە ساڵان هەلی بۆ هەڵکەوت و دەرفەتی لەباری بۆ رەخسا بۆ ئەوەی گەڵاڵەی کودەتاکەی جێبەجێبکات. جەنەراڵ و ئەفسەرە گرنگەکان کە لەم کودەتایەدا بەشداربوون، بریتیبوون لە سەروەر نوورستانی، نەبی عەزیمی، فەیز محەممەد خان، عەبدولقادر میخایل، غەوسەدین فایق و کۆمەڵێك کەسی دیکەش کە بەرپرسی بەشەکانی سەربازی بوون.

شا کە ئەوکات لە ئیتالیا دەژیا، بە پێشنیازی باڵیۆزی ئەفغانستان لە ئیتالیا، حکومەتە کۆمارییەکەی ئەو قبوڵدەکات و لە نامەیەکدا پیرۆزبایی کۆمارییەکە لە محەممەد داود خان دەکات. بەپێی بەڵگەکان ئەو کودەتایە زیانی کەمتری لێکەوتەوە، هەر بۆیەش بە کودەتای سپی ناوی دەرکرد. هەرچەندە هێزە چەپەکان و هەندێ لە سەرکردەکانی حیزبی دیموکراتی خەڵکی سەر بە سۆڤیەت، نکۆڵییان لەوەکرد دەستیان لەو کۆدەتایەدا هەبووبێ و گوتیان هیچ ئاگایەکیان لە گەڵاڵەیەکی بەوشێوەیە دژی حکومەتی پادشایی نەبووە، بەڵام بەپێی بەڵگەکان هێزە چەپەکانی سەر بە سۆڤیەت لەم کودەتایەدا رۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە.

دەکرێ رووخانی حکومەتی پادشایی لە ساڵی 1973 لەلایەن سوپا مۆدێرنەکەی ئەفغانستانەوە بە هەنگاوێکی گرنگ لەڕووی گەشەی سیستەمی سوپاییگەری لەو وڵاتەدا لەقەڵەمبدرێت ، چونکە پێش ئەوە، سیستەمی سیاسی و حکومەتی زیاتر لەلایەن رەوتێکی بەوشێوەیە دادەمەزرێندرا کە زیاتر سەرچاوەی خێڵەکی هەبوو و، دەکرێ بڵێین ئەوە یەکەمجار بوو کە سوپای مۆدێرنی ئەفغانستان، سوپایەك کە لە هەموو گەل و هۆزەکان پێکهاتبوو، دژی دەسەڵاتی پادشایی کودەتای کرد و کۆتایی بە حکومەتی پادشایی لەو وڵاتەدا هێنا، کارێك کە پێنج ساڵ دواتر بەشێوەیەکی دیکە دژی حکومەتەکەی محەممەد داودخان دووبارەبووەوە.

دووەمین کودەتای سەربازی یان راپەڕینی چەکدارانەی 27 ئەپریلی 1978 لەلایەن حیزبی دیموکراتی خەڵکی ئەفغانستان یان PDPA ەوە بە سەرکردایەتیی حەفیزوڵڵا ئەمین دژی کۆمارییەکەی سەردار محەممەد داود کرا. ئەو کودەتایە پاش ئەوە هاتەئاراوە کە محەممەد داودخان گۆڕانی بەسەر سیاسەتەکانی خۆیدا هێنا و پەرەی بە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامیدا و وردە - وردە ناکۆکییەکانی نێوان ئەو و حیزبی خەڵك پەرەیسەند. ئەم ناکۆکییەکانە ئاخری گەیشتنە ئەو جێیەی کە هەندێ سەرکردەی حیزبی دیموکراتی خەڵك لە زیندان تووندکران، بەڵام حەفیزوڵڵا ئەمین کە لەنێو هێزە چەکدارەکاندا بەرپرسی چالاکییەکانی ئەو حیزبە بوو، نەگیرا و

بـووه هـۆی ئـەوەی کودەتایـەك بەسـەر کۆمارەکـەی داودخانـدا بـکات. ئـەو ئەفسـەرانەی بەشـە سـەربازییەکان کـە لـەم کودەتایـەدا رۆڵێکـی بنەڕەتییـان گێـڕا، بریتیبـوون لـە ئەفسـەر محەممـەد ئەلـەم وەتەنجـار، ئەفسـەر خەلیلوڵـڵا، ئەفسـەر محەممـەد یاقـووب و، فرۆکەوان عەبدولقـادر. زیانـە گیانییەکانـی ئـەو کودەتایـە گەیشـتە 100 یـان 150 کەسـێك، بـەڵام بەپێـی قسـەی شـایەتحاڵەکان زیانەکانـی زۆر زیاتـر بـوون. ئـەم کودەتایـە بـووە هـۆی دەسـتتێوەردانی سـەربازیی سـوپای سـووری سـۆڤیەتی لـە سـاڵی 1979 و جەنگـی نـۆ ساڵەی نێـوان موجاهیدینـی ئەفغـان و سـۆڤیەتی لێکەوتـەوە. کودەتایەکـی دیکـەش لەلایەن شـاهنەواز تەنـی، وەزیـری بەرگریـی رژێمـەوە کـرا کـە سـۆڤیەت دەسـتی لـە پشـتیدەدا (دکتـۆر نەجیبوڵـڵا) لـە رۆژی 7ی مارسـی 1990دا، کـە سـەرینەگرت و دکتـۆر نەجیبوڵـڵا هەر لـە دەسـەڵاتدا مایـەوە. کودەتاکـەی جەنـەراڵ شـاهنەواز پـاش سـەرنەکەوتنی دەوڵەتی کاتی موجاهیدیـن و هێرشـەکەی ئـەوان بـۆ سـەر جەلالئابـاد کـرا. پـاش ئـەو کودەتایـە جەنگـی ناوخـۆ لـە شـاری کابوولـدا هەڵگیرسـا و دەیـان هـەزار کـەس لـەو شـەڕەدا لەنێوچـوون.

پـاش سـاڵی 2001، بەدرێژایـی دەیـە و نیوێکـی رابـردوودا، هەرچەنـدە سـوپای ئەفغانسـتان زیاتـر ناسیاسـییە و رۆڵێکـی راسـتەوخۆی لـە سیاسـەتدا نەگێـڕاوە، بـەڵام بەشـی هـەرە زۆری ئـەو هێـزە، پاشـماوەی هێـزە میلیشـا و شـەڕکەرەکانی پێشـووە و، هـەر بۆیـە ئێسـتاش دیسـیپلینێکی بـاش لـە لەشـکرەکەدا بەدیناکرێـت. لەلایەکـی دیکـەوە پلـە باڵاکانـی نێـو سـوپا، رۆڵیـان لـە سیاسـەتی ئەتنیشـدا هەیـە و لـە وەزارەتـی بەرگریـدا وەرگرتنـی ئیمتیـازی قەومـی بەدیدەکرێـت.

بـەو حاڵەشـەوە تاڕادەیـەك سـوپای ئێسـتای ئەفغانسـتان زیاتـر شـکڵێکی نیشـتمانی بەخۆوەگرتـووە و هێزەکانـی دەکـرێ بڵێـی لـە هەمـوو ئەتنیکـەکان پێکهاتـووە. هەرئێسـتا سـەرکردە پلـە بەرزەکانـی هێـزە چەکدارەکانـی ئەفغـان لـە مەشـقی هەڵسـوکەوت و راهێنانـی ئەکادیمیـدان، بـۆ ئـەوەی لـە هـۆکار و زەروورەتـی کۆنترۆڵـی دیموکراتـی بەسـەر هێـزە چەکدارەکانـدا تێبگـەن.

لەگـەڵ ئەوانەشـدا، ئامانجەکانـی هەنـدێ سـەرکردەی ئەتنـی و ئـەو تاقمانـەی پێشـتر دەسـتیان لـە شـەڕە ناوخۆییەکانـدا هەبـووە، گۆڕانیـان بەسـەردا هاتـووە و بوونەتـە ئامانجی ئابـووری و ئیـتر لەنێـو خەڵکـدا بەتایبەتـی پـاش شـەڕە ناوخۆییـەکان، خۆشەویسـتییەکەی جارانیـان نەمـاوە. پـاش سـاڵی 2001 کۆمەڵگـەی مەدەنییـش تاڕادەیەکـی زۆر بەهێزبـووە و لەبەرانبـەر ئەوەشـدا دەسـتتێوەردانی سـوپاییەکان لـە سیاسـەتدا کاڵـتر بووەتـەوە. یەکێـك لـە هۆکارەکانیـش ئەوەیـە کـە ئێسـتا کۆمەڵێـك یارمەتـی دەرەکـی بـۆ هێزەکانـی ئەفغـان هـەر دێ و هێـزە بیانییەکانیـش لـە ئەفغانسـتاندا هـەر مـاون، هـەر بۆیـە ئێسـتا رۆڵـی سـوپا

لە سیاسەت و هەژموونی سەرکردە ئەتنی و سیاسییەکان لە سوپادا کەمتر بووەتەوە و سوپا لە ئەفغانستان تاڕادەیەك ڕەنگی نیشتمانی و خەڵکی بەخۆوە گرتووە.

**میلیشیاکان و کاریگەرییان لەسەر دامەزراندنی حکومەت**

کە لە 2001دا تاڵیبان ڕووخا و حکومەتە تازەکە هاتە سەر کار، هێزە ئەمنییەکانیش ڕێکخرانەوە و لە ماوەی دەیەونیوی ڕابردوودا لەسۆنگەی بەردەوامبوونی جەنگ لەو وڵاتەدا، بواری ئەمنی لەچاو باقی بوارەکانی دیکە گرنگیی زیاتری پێدراوە. لەو ماوەیەدا دوو هەنگاوی گرنگ بەمەبەستی دابینکردنی ئاسایشی ئەفغانستان نراون: پێکهێنان و پڕچەککردنی هێزە ئەمنییەکان و بەکردەوە چەکداماڵین لە گرووپ و تاقمە چەکدارەکان. هەرچەندە بەرنامەی بێچەککردن بەڕواڵەت سەرکەوتوو دیاربوو، بەڵام هەموو تاقمە چەکدارەکان بێچەك نەکراون، هەر بۆیەش ڕێگە لە چالاکی میلیشیاکان ناگیردرێت.

میلیشیا بەو هێزە چەکدارانە دەگوترێت کە لە دەرەوەی سیستەم و دیسپلینی سوپای فەرمین و زیاتر لە گەڕەك و ناوچەکاندا دروستدەبن. ئامانجی بنەڕەتی لە دروستکردنی ئەو هێزە چەکدارانە، بەهێزترکردنی ریزەکانی هێزە چەکدارە دەوڵەتییەکان و لە پلانە ئەمنی و عەمەلیاتییەکانی حکومەتدا کەڵکیان لێوەردەگیردرێت.

هەرچەندە لە سەردەمی سیستەمی پاشاگەردانی ملووکو تەوایفیشدا میلیشیا هەر هەبووە، بەڵام پاش سەرکەوتنی کودەتاکەی 1978، هێزە میلیشیاکانی ئەفغانستان خرانە ژێر رکێفی ئۆرگانە بەرگری و ئەمنییەکانی وڵاتەوە و ڕێکخرانەوە. ئەوکات ئامانج لە دروستکردنی میلیشیا، پێشگرتن بوو لە نفووز و دزەکردنی تاقمەکانی دژی حکومەت لە ناوچە و گوندەکاندا. دواتر لە سەردەمی شەڕە ناوخۆییەکانیشدا میلیشا هەر هەبوون کە گرنگترینەکەیان، میلیشیا چەکدارەکانی جەنەراڵ دۆستم یەکێك لە شەڕکەرانی ئەفغان بووە. میلیشیاکانی ژێر رکێفی دۆستم لە شەڕە ناوخۆییەکاندا بەتایبەتی لە ویلایەتەکانی باکووری وڵاتیشدا تۆمەتی کوشتار و تاوانیان بەرانبەر خەڵك لە ئەستۆ بووە و تۆمەتباریشن بە کوشتاری بەکۆمەڵی کۆمەڵێك دیلی جەنگی لە 2001 ـ 2002 شدا.

هێزە میلیشیاکان لەساڵی 2011دا جارێکی دیکە بەشێوەیەکی فەرمی بەناوی هێزە خۆجێییەکان، بە فەرمانی حامید کەرزای سەرۆککۆماری ئەفغانستان پێکهێنرانەوە بەتایبەتی لە باکووری وڵاتدا چالاکییان هەبووە کە لەساڵی 2012شدا 11 هەزار چەکدار بوون و لە 55 ولسوالیی وڵاتدا چالاکبوون. بە ڕواڵەت ئامانج لە پێکهێنانی

ئـەو هێزانــە پێشــگرتن بــوو لــە دزەکردنــی گرووپــە چەکدارەکانــی دژی حکومــەت لــە ناوچــە دوورەدەســتەکاندا، بــەڵام بەپێــی بۆچوونــی چالاکانــی بــواری مافــی مــرۆڤ لــە ئەفغانســتان، ئــەو هێزانــە بــە پێشــێلکردنی مافــی مــرۆڤ تۆمەتبارکــران و هەنــدێ لــە چاودێـران دروسـتکردنی ئـەو هێزانەیـان بـە دەسـتپێکی جەنگـە ناوخۆیـی و ئەتنییـەکان لـە قەڵەمــداوە.

هەرچەنـدە هەنـدێ میلیشـیا بەنـاوی ئەربەکییـەکان لـە ناوچـەی جۆراوجـۆردا چالاکبـوون کـە بـە فەرمـی لـە دەرەوەی چوارچێـوەی پۆلیسـی خۆجێییبـوون و پەیوەندییـان بـە ملهـوڕ و دەستڕۆیشـتووەکانی ئـەو ناوچانــەوە هەبــووە، بــەڵام پۆلیســی خۆجێییــش زیاتــر هــەر بەنــاوی "ئەربەکییــەکان" دەنــاسرا. ئەربەکییــەکان هــەر ئــەو میلیشــیایانە بــوون کــە بــۆ وێنــە لــە هەنــدێ ناوچــەی باکــووری ئەفغانســتاندا ســەر بــە جەنــەراڵ دۆســتم بــوون. هێــزە میلیشـیاکانی ئەفغانسـتان بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەم خاڵانـەی خـوارەوە زیانـی بـە یەکبوونـی نیشـتمانیی ئەفغانسـتان گەیانـدووە و کاریگـەری خراپـی لەسـەر پرۆسـەی حوکمڕانــی و دەوڵەتســازی لــەو وڵاتــەدا هەبــووە:

• هێـزە میلیشـیاکان هـەر لـە سـەرەتای پێکهاتنـەوە زیاتـر ڕەنگ و بۆنـی ئەتنـی و ناوچەییان پێوەبـووە کـە زۆرجـاران هـەر لـە سـۆنگەی ئـەم ئەتنـی و ناوچەییـەوە ناکۆکـی و ناتەباییـان دەکەوتـە نێـوان و تێکهەڵدەچـوون و دوژمنایەتـی ئەتنـی و ناوچەییـان لێدەکەوتـەوەو ئـەم ناکۆکییانەیـان قووڵـتر دەکردەوە.

• تاقمـە میلیشـیاکان لـە ناوچـە دوورەدەسـتەکانی وڵاتـدا، توانـا و دەرەتانـی خۆیانیـان بـۆ دابینکـردن و وەدیهێنانـی ئامانجـە شەخسـی و گرووپییەکانیـان بەکاردەهێنـا.

• لەبەرئـەوەی ئـەم هێزانـە ڕاهێنـان و مەشـقێکی تایبەتیـان پێنەدەکـرا و لەگـەڵ ئەوەشـدا چاودێرییەکـی تایبـەت بەسـەر چالاکییەکانیانـدا نەبـووە، زۆربەیـان بـە دەسـئاوەڵاییەوە دەسـتدرێژییان دەکـردە سـەر مـاڵ و ناموسـی خەڵـك. بەهـۆی ئەمـەوە خەڵـك دەوڵەتیـان بـە پشـتیوانی ئـەوان دەزانـی و ئەمـەش دەبـووە هـۆی ئـەوەی خەڵـك ڕقیـان لـە دەوڵەتبـێ و لێـی بێـزار بـن.

• لەسـەر یـەك، هێـزە چەکـدارەکان پێکهاتەیەکـن لـە پێکهاتەیەکـی دیکـەدا، هـەر بۆیـەش دیسـیپلینی دابینکردنـی تەناهـی و ئەمنییەتیـان لـە زۆربـەی ناوچەکانـدا شـێواندووە.

و: ڕەسووڵ سوڵتانی